# ڕۆژنامە ٧

www.rozhname.com

ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەیە کۆمپانیای وشە دەریدەکات


ژمارە 478 پێنجشەممە 28/ 5/ 2009 | نرخ 500 دینار | No.478 Thu 28/ 5/ 2009


د. مەحمود عوسمان:

## نابێت سەرۆک کۆمارو سەرۆکی هەرێم کاری حیزبیی بکەن




ل٧



## فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی (ی.ن.ک):

# لەمەودوا قەیرانەکانی یەکێتی قوڵتر دەبنەوە



فەرید ئەسەسەرد

**ڕۆژنامە**

دوای ڕاگەیاندنی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی (باڵی ریفۆرم)، فەرید ئەسەسەرد دەڵێت: «بەکردەوە یەکێتی بەرەو دروستبوونی مینبەر (باڵ) دەڕواتو لێرە بەدواوە قەیرانەکان قوڵتر دەبنەوە».

ئەسەسەرد، کە ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیو بەڕێوەبەری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستانە، دەربارەی دەرکردنی کادیرو بەرپرسانی باڵی ریفۆرمی یەکێتی، ڕایوایە کە ئەو ئیجرائاتانە ڕەنگە کاردانەوەی خراپی لێبکەوێتەوە، دەرکردنی هەر ئەندامێک قازانجی بۆ یەکێتی نییە، «نانبڕینی کادیرانی یەکێتی ناخۆشترین لایەنی مەسەلەکەیە، خۆزگە ئەم ئیجرائاتە ئەوەی تێنەکەوتایە».

فەرید ئەسەسەرد لەو چاوپێکەوتنەدا کە دەقەکەی لەلاپەڕە (٤و٥)دا بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بۆ ئەوەشدەکات، کە وازهێنانی نیوەی سەرکردایەتی یەکێتی زادەی چارەسەرنەکردنی ئەو کێشانەیە کە (١٧) ساڵە هەن، تائێستا لەناو سەرکردایەتی یەکێتیدا ئیرادەیەکی بەهێز نییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

## سکرتێری یاسایی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم:

# کەس ناتوانێت بەناوی هەڵبژاردنەوە مووچەی فەرمانبەران ببڕێت

**پشتیوان سەعدوڵڵا**

محەمەد قەرەداغی، سکرتێری یاسایی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: هیچ کەس ناتوانێت بەناوی هەڵبژاردنەوە مووچەی فەرمانبەران ببڕێت، ئەگەر هەرحاڵەتێکی مووچەبڕین ڕوویدا، پێویستە فەرمانبەر پەنابباتە بەردادگا.

سکرتێری یاسایی ئەنجومەنی وەزیران لەلێدوانێکدا بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئیجرائاتکردن لەگەڵ فەرمانبەر هیچ پەیوەندییەکی بەهەڵبژاردنەوە نییە، جگەلەوەش هەڵبژاردن مافێکی مەشروعەو هەموو کەسێک مافی هەیە بەئازادیی بەشداری هەڵبژاردن بکاتو بەویستی خۆی دەنگ بدات، کەس ناتوانێت بەناوی هەڵبژاردنەوە مووچەی فەرمانبەر ببڕێت، ئاماژەی بەوەشکرد «فەرمانبەر بەپێی یاسای (انضباط موظفين الدولة) مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، یاسا ئەرکو فەرمانی بۆ فەرمانبەران دەستنیشانکردووەو بەپێی ئیشەکەی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، لەکاتی ئەنجامدانی هەر سەرپێچییەکدا بەپێی یاسا ئیجرائاتی لەگەڵ دەکرێت».

بۆ ل٢

## بەڕێوەبەری ڕێکخستنی پسوڵەی خۆراک لە سلێمانی:

# بڕینی بەشەخۆراکی هاوڵاتییان لەسەر دەنگدان، پڕوپاگەندەیە

ل٣


بیسەلمێنە کە تۆ سەر بە کوردستانی- عێراق بەجێگیرکردنی ناوت لە تۆماری دەنگدەران

هاوڵاتی خۆشەویست.....

کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ئامادەکاری خۆی تەواو کردووە بۆ پرۆسەی ( نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران ) کە لە بەرواری ٢٥ ی ئایاری ٢٠٠٩ دەست پێدەکات تاکو ٧ی حوزەیرانی ٢٠٠٩ ٨٤ ناوەند لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك و پێنج ناوەند لە بەغدا کرانەوە بۆ پێشوازی کردن لە دەنگدەران و تۆماری سەرەتایی دەنگدەران بۆ ئەم ناوەندانە دابین کراوە لە پێناو نوێکردنەوە و ئامادەکردنی بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراق کە لە ٢٥ ی تەمووزی ٢٠٠٩ بەڕێوەدەچێت ...



پێویست دەکات سەردانی ناوەندی تۆمارکردنی نزیك لە شوێنی نیشتەجێبوونت بکەیت لە پێناوی :

- دڵنیابوون لە بوونی ناوی خۆت و خێزانەکەت لە تۆماری دەنگدەران
- تۆمار کردنی ئەوانەی لەدایك بووی ١٩٩١ یان ئەوانەی بۆیەکەم جار لە دەرەوەی عێراق گەڕاونەتەوە لە دوای ٢٠٠٩/٣/٣١
- گۆڕینی ناوەندی دەنگدانی دوور لە شوێنی نیشتەجێبوونت بۆ نزیکترین ناوەند یان ئەگەر لە پارێزگایەکەوە گواستۆتەوە بۆ پارێزگایەکی تر لە ناو هەرێم یان لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر لە ناو پارێزگا
- ڕاستکردنەوەی هەڵە لە زانیاریەکانت وەکو ناو و ناوی باوك یان نازناو
- سڕینەوەی ناوی مردووان دوای پێشکەش کردنی وەفات نامە .



سەردانکردنی ناوەندی تۆمارکردن گەرەنتی مافی دەنگدانت مسۆگەر دەکات

ئاگادار بە نەچونت بۆ ناوەندی تۆمارکردن یان دڵنیانەبوون لە ناوەکەت دەبێتە هۆی لەدەستدانی مافی دەنگدانت لە کاتی سەردانی کردنی ناوەندی تۆمارکردن لەگەڵ خۆتدا هەریەك لەمانە بەرن

١. بەڵگەنامەیەکی فەرمی کە وێنەی لەسەر بێت ( پێناسەی شارستانی، ڕەگەزنامەی عێراقی , پاسپۆرتی سەفەر )
٢. پسولەی خۆراك

دەتوانی پەیوەندی بەم ژمارە تەلەفۆنە خۆراییانە بکەیت بۆ دڵنیابوون :

ئاسیا سێل ٧٧٧٧ کۆرەك ٢٠٢٠ بۆ پرسیارکردن لەسەر پرۆسەی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران و کات و شوێنەکانی بۆ دەنگدەران دەبێت ژمارەی پسولەی خۆراك بدەیت کاتێك هەر پرسیارێکت کرد یان لە ڕێگای پێگەی ئەلیکترۆنی کۆمیسیۆن

www.ihec.iq

المفوضية العليا المستقلة للانتخابات
ادارة انتخابات أقليم كوردستان
کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان
The Independent High Electoral Commission
www.ihec.iq



گوندی ئەڵمانی دوو

Nalia Co.

ئێستا بە دڵی خۆت باشترین جێگەو باشترین ڕوو هەڵبژێرە لە گوندی ئەڵمانی دوو

بۆ ئەوەی وەک گوندی ئەڵمانی یەک لە دەستی دووی نەکڕیتەوە

شوقەی 145 مەتر دووجا بەقیستی پێنج ساڵ و بێ ئەوەی هیچ زیادەیەکی بچێتەسەر

بە نرخی 80,000 دۆلار

هەروەها ڤێلامان هەیە بەم ڕووبەرانە: 360م² - 550م² - 750م² - 1410م²

ناونیشان: تەنیشت گوندی ئەڵمانی یەک - بەرامبەر گەرمکی تووی مەلیک

07701574880 07501574880

## سکرتێری ڕۆژنامەوانی نێچیرڤان بارزانی بۆ ڕۆژنامە:

# بزووتنەوەیەکی نهێنیو شاراوە لە چەند ڕۆژنامەیەک دروستبوون، بەفیتی موخابەراتی وڵاتانی دراوسێ ئیشدەکەن

دلێر عەبدولخالق

سکرتێری ڕۆژنامەوانی سەرۆکی حکومەتی هەرێم، لێدوانەکەی نێچیرڤان بارزانی سەربارەت بەمیدیا لەکوردستان دووپاتکردەوەو ناوی چەند ڕۆژنامەیەکیشی هێنا، کە بەسیخوڕیکردن بۆ وڵاتانی دراوسێ تۆمەتباریکردن، وتیشی: مەبەستی سەرۆکی حکومەت چەند ڕۆژنامەو بڵاوکراوەیەکە کە وەک بزووتنەوەیەکی نهێنیو شاراوە لەکوردستان ئیشدەکەنو سەرگەرمی جێبەجێکردنی پلانی موخابەراتی وڵاتانی دراوسێن.

لەچاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەی (الشرق الأوسط)دا، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاندبوو: زۆرینەی کەناڵەکانی میدیای کوردی لەبارەی گەندەڵییەوە وێنەیەک دەخولقێنن لەچوارچێوەی جەنگێکی موخابەراتییەو بەپاڵپشتی وڵاتانی دراوسێ لەدژی حکومەتو لەڕێگەی ڕاگەیاندنەکانمانەوە جێبەجێدەکرێت، لەو چوارچێوەیەشدا لەژمارەی ڕابردووی ڕۆژنامەدا ڕاپۆرتێک بڵاوکرایەوە کەتیایدا ڕۆژنامەنووسان ڕەخنە لەو بۆچوونەی سەرۆکی حکومەت دەگرنو پێیانوایە بۆ سەلماندنی ئەوەی بەشێک لەڕۆژنامەکان دەستیان لەگەڵ دەزگا هەواڵگرییەکان تێکەڵکردووەو پێویستی بەلێکۆڵینەوە هەیەو پێویستە قسەکان بەبەڵگەوە بسەلمێندرێن.

لەکاردانەوەی ئەو ڕاپۆتەدا، کە ڕۆژنامە بڵاویکردەوە، محەمەد خۆشناو سکرتێری ڕۆژنامەوانی سەرۆکی حکومەت ڕوونکردنەوەیەکی تایبەتی بۆ ڕۆژنامە نارد، کە تیایدا باس لەوەدەکات لێدوانەکەی نێچیرڤان بارزانی ئاراستەی هەندێک میدیا کراوەو دەڵێت: «قسەکەی کاک نێچیرڤان بەوشێوەیەیە کە «جەنگێکی موخابەراتی لەدژی ئێمە لەگۆڕێیەو هەندێ لەمیدیای ئێمە لەهەرێمی کوردستان جێبەجێی دەکەن، بۆ ئەوەی ئەو ئەزموونەی لەهەرێمی کوردستان هەیە لەپێشچاوی کوردەکانی وڵاتانی دراوسێی بخەن، بڵێن ئەی کوردینە ئێوە داوای چی دەکەن، ئەوە دەسەڵاتی ئێوەیە».

لەبارەی قسەکانی ئاسۆس هەردیو هەڤاڵ ئەبوبەکرو کەمال ڕەئوفو ئەحمەد میرە کە لەناو ڕاپۆرتەکەی ڕۆژنامەدا هاتووە، سکرتێری ڕۆژنامەوانی سەرۆکی حکومەت پێیوایە «قسەی جوانیان» کردووەو مافی خۆشیانە ڕەخنەبگرن، بەڵام ئەوان واتێگەیشتوون قسەکانی کاک نێچیرڤان لەگەڵ ئەوانە، «بۆیە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوان پێویستە بوترێت سەرۆکی حکومەت هەموو میدیای تۆمەتبار نەکردووە، هاوکات ئەو قسەیەی بۆ پڕوپاگەندەش نەبووە، بەڵکو ڕاستییەک هەیە وتوویەتیو ئاماژەی پێداوە».

لەبەشێکی دیکەی ڕوونکردنەوەکەدا، محەمەد خۆشناو دەڵێت: «مومارەسەکردنی دیموکراسیەتو ئازادیی مانای ئەوەنییە بێیت کەرەستەیەکی شەڕانی بەکاربهێنی کە کاریگەری لەسەر چارەنووسو قەدەرو بڕیارەکان هەبێت، بەتایبەت ڕۆژنامەکانی چەند حیزبێک.. (ڕۆژنامە ناوی ڕۆژنامەکانی پاراستووە)، چونکە زەمەنی جاران نەماوە، نەزانرێت گوتاری موخابەراتی چیەو کێ ئاراستەی دەکات. بڕوام بەوشەی کوردو کودستانیش نییە کە ئەوان بەکاریدەهێنن، چونکە وشەی کوردستانیش بۆ مەبەستی سیاسی بەکاردەهێنن».

سکرتێری ڕۆژنامەوانی سەرۆکی حکومەت ئاماژە بەوەشدەکات، ئەو حیزبو ڕێکخراوانە هەمیشە بەدەمامکێکی نادیارو شاراوەوە ئیش دەکەن، وەک عەدەمیو ماسۆنییەکان وان، لەچوارچێوەی ئەو ئیشکردنە شاراوەیەدا جەنگی موخابەراتی وڵاتانی دراوسێ جێبەجێ دەکەن، دەیانەوێت بەوشێوەیە سەیتەرە بکەنو بگەنە پەرلەمانو دەسەڵات. بڕواشی وایە ئەوانە وەکو ڕەوتو ڕێبازێکی نهێنی ماسۆنی لەژێر سێبەرو بەفیتی موخابەراتی ئەو وڵاتانە ئیش دەکەن. بەتایبەتیش حیزبە ئیسلامییەکان. «واتە کاک نێچیرڤان ناوی هەموو میدیاکانی نەهێناوە، بەڵکو تەنیا مەبەستی ئەو ڕۆژنامەو حیزبە ئیسلامییانەیە».

لەکۆتایی ڕوونکردنەوەکەشدا، محەمەد خۆشناو دەڵێت: « کاک نێچیرڤان هەمیشە لەگەڵ ئازادیی قسەکردنو دەرخستنی کەموکوڕییەکانەو میدیا لای ئەو گرنگی زۆری هەیەو بەبایەخەوە لەپەیامەکانی دەڕوانێت، بۆیە هەرگیز ئەو قسەی لەسەر هەموو کەناڵەکان نییە».


نێچیرڤان بارزانی

# لەگەرمیان ٢ کەمپین بۆ بەدواداچوونی بەڵێنی بەرپرسان دروستدەکرێت

سەیوان خورشید

لەگەرمیان گروپو ڕێکخراوە سەربەخۆکانی بواری کۆمەڵگای مەدەنی ٢ کەمپینیان دروستکردووە بۆ بەدواداچوون لەسەر ئەو بەڵێنانەی کە بەرپرسان لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا بەدانیشتووانی ناوچەی گەرمیانی دەدەن.

لەوبارەیەوە عەدنان قوربانی، هەڵسوڕاو لەبواری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی لەگەرمیان بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئامانجمان لەدروستکردنی ئەو ٢ کەمپینە لەم کاتەدا کە نزیکە لەهەڵبژاردنەوە بۆ بەدواداچوونی وردە لەسەر ئەو بەڵێنانەی کە لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا بە دەڤەری گەرمیانی دەدەن.

عەدنان قوربانی ئاماژەی بەوەشدا، کە بەدواداچوونی وردیان لەسەر ٢ پرۆژەیە، کە یەکەمیان لەلایەن جەلال تاڵەبانی، سکرتێری گشتیی یەکێتییەوە لەمانگی ڕابردوودا لەکۆبوونەوەی مەڵبەندەکانی گەرمیانو خانەقینو چەند ناوچەیەکی دیکە بەڵێنی ئەنجامدانی داوە، کە بریتییە لەدووسایدکردنی جادەی نێوان کەلارسلێمانی دووەمیان بەڵێنی کردنەوەی زانکۆیەکە لەگەرمیان کە لەلایەن جێگری سەرۆکی حکومەتەوە لەسەردانیدا بۆ گەرمیان بەڵێنی ئەنجامدانی داوە، وتیشی: «ئەگەر ئەو بەڵێنانە جێبەجێ نەکرێن ئێمە لەڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بەخەڵکی گەرمیانی ڕادەگەیەنین کە ئەو بەڵێنانە بێ بنەمانو بەدواداچوونی ورد لەسەر ئەو دوو بەڵێنە دەکەین تاکو دەچنە بواری جێبەجێکردنەوە».

# «بڕینی بەشە خۆراکی هاوڵاتییان لەسەر دەنگدان، پڕوپاگەندەیە»


بەیان ئەحمەد

دلێر عەبدولخالق

بەڕێوەبەری ڕێکخستنی پسوڵەی خۆراک لەسلێمانی ڕایگەیاند: کاری ئێمە ئەوەی پەیوەندی بەهەڵبژاردنەکانەوە هەیە، تەنیا ناردنی داتاو ژمارەی ئەو کەسانەیە کە دەتوانن بەشداریی هەڵبژاردن بکەنو ئەوەی دەوترێت دەتوانین چاودێری هەڵبژاردن بکەینو دەزانین خەڵک دەنگ بەکێ دەدات یان بڕینی بەشە خۆراکی هاوڵاتییان. «پڕوپاگەندەنو دوورن لەڕاستییەوە».

بەیان ئەحمەد محەمەد، وتیشی: «نوێنەری کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان بەنووسراو داوای داتاو زانیاری نوێیان کرد، سەبارەت بەوکەسانەی تەمەنیان لە سەرو (١٨) ساڵەوەیەو دەتوانن بەشداریی هەڵبژاردنەکان بکەن، ئێمە ئەو داتایانەمان ئامادەکردووە، بەڵام هێشتا نەگەیشتوونەتە دەستی کۆمسیۆن».

لەولێدوانەیدا بۆ ڕۆژنامە بەڕێوەبەری ڕێکخستنی پسوڵەی خۆراک لەسلێمانی، وتی: «ئەوەی پەیوەندی بەبەڕێوەبەرێتییەکەی ئێمەوە هەیە، تەنیا گەیاندنی داتاو ژمارەی بەشداربوونی ئەو کەسانەیە کە مافی دەنگدانیان هەیە، ئەو هەواڵانەش پڕوپاگەندەن کە باس لەوەدەکەن ئێمە دەتوانین چاودێریی هەڵبژاردنەکان بکەین، یان دەزانین خەڵک دەنگ بەکێ دەدات، یا دەوترێت ئەوەی دەنگ نەدات خۆراکی دەبڕین».

بەیان ئەحمەد ئاماژەی بەوەشکرد، دەنگدان بەشێوەیەکی نهێنییەو خەڵک ئازادە دەنگ بەکێ دەدات، هەروەک وتیشی: «تائێستا لەعێراقدا ئامێری پێشکەوتووی وانییە کە بزانرێت خەڵک چۆن دەنگی داوە، یان دەنگیان بەکێ داوە، بەتایبەت لەبەڕێوەبەرێتییەکەی ئێمە هیچ چاودێرییەکی هەڵبژاردن نییە».

## ڕاستکردنەوە

لەژمارەی پێرێی هەواڵی حکومەتی هەرێم بەنهێنی سازشێکی گەورە دەکات.

لێدوانێک لەبەڕێز پەرلەمانتار بەرزان هەورامی وەرگیراوە، بەڵام بەهەڵە نووسراوە بەرزان محەمەد، بۆیە ئەم ڕاستکردنەوەیە بەپێویست زانرا.

# روڕای جیاواز، لەحکومەت دەرنەکراوە

لەکارەکەی دووربخرێتەوە، سەرۆکی حکومەت لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا وتی: «هیچ حیزبو لایەنێک بۆی نییە فەرمانبەرانی حکومەت دووربخاتەوە یان بیانگوازێتەوە، ئەگەر هەرلایەنێک ئەمەی کرد ئەوا لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکەین»، بەڵام بەداخەوە کە دەبینین تائێستا ئەگەر بەئاشکرا ئیدیعای ئەوە نەکرابێت لەناو دامودەزگاکانی حکومەت لەسەر بیروڕای جیاواز خەڵک دەرنەکرابێت دەیانگوازنەوە، کە دەنگ بدەن بەلیستێکی دیاریکراو. ئەوە بەئاشکرا دەبینین کە لەناو یەکێتی ئەوانەی سەر بەلیستی گۆڕانن دەردەکرێن لەپۆستەکانیان. جگە لەدەرکردن مووچەکانیشیان دەبڕن، ئەم مووچەیە هی ئەم کادیرە نییە هی ماڵ ومنداڵیەتی، منداڵی لەقوتابخانەیە کرێی خانووی پێدەدات خێزانی پێ بەخێودەکات».محەمەد ڕەفعەت وتیشی: بۆیە ئەمە کارێکە پێچەوانەی هەموو مافەکانی مرۆڤە، پێچەوانەی بیروڕای خەڵکە، پێچەوانەو دژی بنەماکانی سۆشیال دیموکراتە، ئازادیی تیادەخنکێنێت، پێچەوانەی یاسایە، ئەمانە ئیدیعای سەروەریی یاسادەکەن، پێشێلکردنی یاسایە. ئێمە داوامان لەم کەسانە کردووە کە ناوی خۆیان تۆماربکەن کە بەیاسا هەقەکەیان وەرگرنەوە. دەبوایە ئەمانە وەفایان بۆیان هەبوایە کە لەکاتی تەنگانە کاریان کردووە باجیان داوە، ئەم وەزعەی ئێستا دروستبووە بەشێکە لەخەباتو تێکۆشانی ئەمانەی ئێستا مووچەیان دەبڕدرێت. هەروەک ڕایگەیاند: پەرلەمان ئاگادارەو من لەناو هۆڵی پەرلەماندا ئەمەم باسکردووە، عەدنان موفتی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان تایبەت بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «هیچ کەسێک لەسەر بیروڕای جیاواز ناوی لەلیستێک بێت لەپۆستی حکومەت دەرنەکراوە». سەبارەت بەدەرکردنی د.جەعفەر ڕاگری کۆلیژی زانستەمرۆڤایەتییەکانی ڕانیە، سەرۆکی پەرلەمان وتی: «دەکرێت لەسەرۆکی زانکۆی کۆیە بپرسن، بەڵام هیچ کەسێک دەرناکرێت».

## دووان لەوانە پێشتر جاش بوون

# کۆمسیۆن ژمارەیەک کاندید ڕەتدەکاتەوە



**شارا عەبدولڕەحمان**

لەقۆناغی وردبینی ناوی پاڵێوراواندا، تائێستا کۆمسیۆن چەندین پاڵێوراوی لیستەکانی بەشدار لەهەڵبژاردندا ڕەتکردووەتەوەو ئەندامێکی ئەنجومەنی کۆمسیۆنی باڵاش تەئکید دەکاتەوە، کە ڕەتکردنەوەی (٢) لەو پاڵێوراوانە بەهۆی ئەوەوە بووە کە پێشتر جاش بوون.

سەردار عەبدولکەریم ئەندامی ئەنجومەنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «تائێستا لەقۆناغی وردبینی پاڵێوراواندا چەندین پاڵێوراو ڕەتکراونەتەوە، کە ڕەتکردنەوەی (٢) لەو پاڵێوراوانە بەهۆی ئەوەوە بووە کەپێشتر پەیوەندییان بەفەوجەکانی ڕژێمی بەعسەوە هەبووەو جاش بوون، ئێستاش ئەو دوو پاڵێوراوە لەکۆمسیۆنی باڵا ئیعترازیان گرتووەو ئاماژە بەوەدەکەن کە ڕابردوویان پاکەو بەهەڵە ڕەتکراونەتەوە».

بەڵام ئەندامەکەی ئەنجومەنی کۆمسیۆن ئامادەنەبوو ناوی پاڵێوراوەکان و لیستەکەیان ئاشکرابکات.

هاوکات عەلی قادر سەرۆکی دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێم ئەوەی ڕوونکردەوە، کە ئەو پاڵێوراوانەی ڕەتدەکرێنەوە مەرج نییە لەسەر ناپاکی ڕابردووی بێت، بەڵکو لەوانەیە مەرجەکانی دیکەی کۆمسیۆنی تێدانەبێت، وەک شوێنی نیشتەجێبوون و تەمەن، وتیشی: «هەر کەناڵێکی ڕاگەیاندن ناوی ئەو پاڵێوراوە یان لیستەکەی بڵاوبکاتەوە ئەوا سکاڵای یاسایی لەدژی تۆماردەکەین، چونکە ئەوە دەچێتە قاڵبی ناوزڕاندنی کەسایەتییەکانەوە».

# دەستلەکارکێشانەوەی کادیرانی باڵی ڕیفۆرم لەگەرمیان درێژەی هەیە

**سەیوان خورشید**

دەستلەکارکێشانەوەی کادیرانی سەر بەباڵی ڕیفۆرم لەگەرمیان بەردەوامەو بڕیارە ئەمڕۆ (٢٠٠٩/٥/٢٨) کەرتی ١٢ی کۆلیژی پەروەردەی کەلار، کە سەر بەکۆمیتەی کەلاری یەکێتییە دەستلەکاربکێشنەوە.

مەحمود خوداد، لێپرسراوی کەرتی ١٢ی کۆلیژی پەروەردەی کەلار بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «ئێمە (٥) ئەندام کۆمیتەو (٨) ئەندام کەرت و نزیکەی (١٠٠) ئەندامی دیکەمان لەگەڵدایەو ئەمڕۆ بەڕەسمیی دەستلەکار دەکێشینەوە».

لێپرسراوی کەرتی ١٢ی کۆلیژی پەروەردەی کەلار هۆکاری دەستلەکارکێشانەوەکەی بۆ ئەوە گەڕاندەوە، کە ئەوان کار بۆ لیستی گۆڕان دەکەن و بیروبۆچوونیان جیاوازە لەیەکێتی و یەکێتیش ئەو بیروبۆچوونە جیاوازانەی پێ قبوڵ نییەو لەئێستاشدا توانای گۆڕانکاریی و جیاوازی نییە، ئەم هەنگاوە لەدوای ئەوە دێت، کە سکرتێری گشتیی یەکێتی بڕیاریدا هەرکادیرێک کار بۆ لیستی گۆڕان بکات دەبێت دەستلەکار بکێشێتەوە.

مەحمود خوداد بەڕۆژنامەی وت: «دەستلەکارکێشانەوەی ئێمەش هەر بۆ جوانکردنی سیمای یەکێتییەو کاتێکیش ئێمە یەکێتی بووین یەکێتی بیروبۆچوونی جیاوازی پێ قبوڵ بوو، ئێستاکە قبوڵی نییەو ئێمەش دەستلەکار دەکێشینەوەو لەوپێناوەدا بەپاڵپشتی لەگەڵ ئەندامانی لیستی گۆڕان کار بۆ لیستەکە دەکەین».

# بودجەی هەڵبژاردنەکان گەیشتە کوردستان

**محەمەد ساڵح حەمەلاو**

حکومەتی عێراق بودجەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان دەگەیەنێتە هەرێم و سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵاش وەزارەتی دارایی هەرێمی لێ ئاگادار دەکاتەوە.

دوای ئەوەی ماوەیەک دابینکردنی بودجەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان بووبووە جێگەی مشتومڕ لەنێوان هەرێم و حکومەتی ناوەند، دواجار بودجەی هەڵبژاردنەکان گەیشتە کوردستان، کە بڕەکەی (٣٩) ملیۆن دۆلارە.

فەرەج حەیدەری سەرۆکی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکانی عێراق بۆ ڕۆژنامەی ئاشکرا کرد، کە پێریێ پەیوەندی بەبریکاری وەزارەتی دارایی عێراقەوە کردووە، بۆ ئەوەی دڵنیابێت لەدابینکردنی بودجەی هەڵبژاردنەکانی کوردستان، وتیشی: بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق ئاماژەی بەوەکرد، کە وەزارەتەکەی بودجەی هەڵبژاردنەکانی ڕەوانەی هەرێم کردووەو دواتریش قسەم لەگەڵ بایز تاڵەبانی وەزیری دارایی هەرێم کردووەو ئەویش جەختی لەسەر ئەوەکردووەتەوە کە کۆمسیۆنی باڵا دەتوانن ئەوپارەیەی کە پێویستیانە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان لەبانکەکانی هەرێم وەریبگرن و ئیشوکارەکانی خۆیانی پێ ڕایی بکەن،

سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق، ئەوەشی ڕوونکردەوە، پێشتر حکومەتی هەرێم بڕی یەک ملیۆن دۆلاری وەک (سلفە) داوە بەکۆمسیۆن بۆئەوەی ئیشوکارو پێداویستییەکانی کۆمسیۆنی پێ ڕایی بکەین، تائەوکاتەی بودجەی هەڵبژاردنەکان دەگاتە هەرێم.

# یاسای نەوت و غاز دەنێردرێتەوە بۆ حکومەتی عێراق

**بەهادین یوسف**

جارێکی دیکە یاسای نەوت و غاز ڕەوانەی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق دەکرێتەوە، بۆ داڕشتنەوەی و دواتر پەسەندکردنی لەئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق. ئەمە لەکاتێکدایە کە ئەو یاسایە زیاتر لە دوو ساڵە چاوەڕێدەکرێت پەسەندبکرێت.

د. بایەزید حەسەن، ئەندامی لیژنەی نەوت و غاز لەئەنجومەنی نوێنەران، بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لەکۆبوونەوەی هەفتەی ڕابردووی لیژنەکە لەگەڵ سەرۆکی پەرلەماندا، گرفتەکانی بەردەم یاساکەو چوار پاشکۆکەی خراوەتە بەردەستی و بڕیاردراوە ئەو گرفتانە چارەسەر بکرێت و دووبارە یاساکە ڕەوانەی ئەنجومەنی وەزیران بکرێتەوە، بۆ داڕشتنەوەی و دواتر ئاراستەی ئەنجومەنی نوێنەران بکرێتەوە بۆ گفتوگۆکردن و دەنگ لەسەردانی.

ڕەشنووسی یاسای نەوت و غاز، مانگی شوباتی ساڵی ٢٠٠٧ بەئیمزای هەردوو سەرۆکی حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێم بڕیاری لەسەردرا، دواتر ئەنجومەنی شورای دەوڵەت دەستکاریی ڕەشنووسی یاساکەی کردو چەند برگەیەکی یاساکەیان گۆڕی، کە لەبەرژەوەندیی هەرێمی کوردستاندا نییە.

ئەندامەکەی لیژنەی نەوت و غاز ئاماژەی بەوەشکرد، ئەو یاسایەی کە هەردوولا لەسەری ڕێککەوتوون، بڕیاربوو هەرچوار پاشکۆکەی کە تایبەتە بە (یاسای نەوت و غاز، کۆمپانیای نیشتمانی بەرهەمێنانی نەوت (inoc)، یاسای ڕێکخستنەوەی هەیکەلی ئیداریی وەزارەتی نەت و یاسای دابەشکردنی سامانی سروشتی)، بەیەک پاکیج ببرێتە پەرلەمان و دەنگی لەسەر بدرێت، بەڵام تائێستا هیچکام لەویاسایانەی دیکە نەهاتووەتە پەرلەمان.

تائێستا دووجار ڕەشنووسی یاسای نەوت و غاز بەدەستکاریی ئەنجومەنی شورای دەوڵەتەوە، براوەتە هۆڵی پەرلەمان بۆ دەنگدان لەسەری (مانگی تەمموزی ٢٠٠٧و ٢٠٠٨/٤/١٥)، بەڵام بەهۆی ناڕەزایی لیستی هاوپەیمانییەوە نەتوانراوە دەنگی لەسەر بدرێت.



## سەرۆکی پەرلەمان بۆ ڕۆژنامە

# هیچ کەسێک بەهۆی بی...

**ئاوارە حەمید**

بەبڕوای ئەندامانی پەرلەمان دەرکردن و نانبڕینی کارمەندانی حکومەت لەسەر ڕای جیاواز زێدەڕۆیکردنی دەسەڵاتی حیزبە بەسەر حکومەت و پێشێلکردنی پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسیە، بەڵام سەرۆکی پەرلەمان ئەم هەواڵانە ڕەتدەکاتەوە کە کارمەندانی حکومەت لەسەر بیروڕای جیاواز دەربکرێن .

غەفور مەخموری ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ناکرێت حیزب دەست وەربداتە کاری حکومەت و پێشێلکاریی ئەنجامبدات، دەرکردن و نانبڕینی کارمەندانی حکومەت لەسەر ڕای جیاواز تێکەڵاوبوونی دەسەڵاتی حیزب و حکومەتە، زێدەڕۆیکردنی دەسەڵاتی حیزبەن بەسەر حکومەت. کەسێک ڕاگری کۆلیژێکە یان پەیمانگا، نابێت لەکارەکەی دووربخرێتەوە، لەبەرئەوەی بیروڕای جیاوازی هەیە، ئەم کەسە خزمەتی حکومەت دەکات، موڵکی خەڵکە لەکاری حکومەت کار دەکات، نەک حیزبی تاکو حیزب دووری بخاتەوە.

لەلایەن خۆشیەوە محەمەد ڕەفعەت ئەندامی پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند: دوای ئەوەی ئێمە لەهۆڵی پەرلەمان ئەم باسەمان کردەوە کەنابێت هیچ کەسێک لەسەر بیروڕای جیاواز لەپۆستی حکومەت

## پاشماوەی ل1


# کەس ناتوانێت بەناوی هەڵبژاردنەوە مووچەی فەرمانبەران ببڕێت

...بەرپرسەکەی ئەنجومەنی وەزیران، فەرمانبەران هوشیار دەکاتەوە، لەکاتی بڕینی مووچەکەیاندا لەکاتی هەڵبژاردندا دەتوانن پەناببەنە بەردادگاو لەوبارەیەوە ڕایگەیاند: تائێستا لەدامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمدا مووچەی هیچ فەرمانبەرێک نەبڕدراوەو باوەڕیشناکەم لەم ماوەیەدا ئەو حاڵەتە ڕووبدات، سەرەڕای ئەوەش ئەگەر بڕیارێکی هەڵە دژی هەر فەرمانبەرێک دەربکرێت و مووچەکەی ببڕدرێت، دەتوانێت پەنابباتە بەریاساو لەڕێگەی دادگاوە، یان ئەنجومەنی وەزیران داوابکات، بۆئەوەی چاو بەئیجرائاتەکەدا بخشێنرێتەوە، چونکە ئەوەی سەرپێچی بکات، سزا دەدرێت».

بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامە، لەماوەی چەند هەفتەی ڕابردوودا یەکێتی مووچەی چەندین پێشمەرگەی لایەنگری باڵی ریفۆرمی بڕیوەو بەرپرسانی ئەنجومەنی وەزیرانیش باس لەوەدەکەن، مووچەی هێزی پێشمەرگە پەیوەندی بەحکومەتەوە نییە.

لەوبارەیەوە محەمەد قەرەداغی وتی: «پێشمەرگەو کادیری حیزب پەیوەندی بەحکومەتەوە نییەو تائێستا بەدوو شێواز مامەڵە لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە دەکرێت، بەوپێیەی تائێستا حکومەتی عێراق بودجەی پێشمەرگەی سەرفنەکردووەو لەناو یاسادا جێنەبووەتەوە، وەزارەتی پێشمەرگەو فەرماندەیی گشتی بە «ئێستسنا» بودجەیان پێدەدرێت، مووچەی هێزەکانی پێشمەرگە پەیوەندی بە حیزبەوە هەیە».

# ـــــرانێکی قوڵەوە
# ـــــوونی مینبەر دەڕوات



راستە مەسەلەی چاکسازی جیاوازە لەهەڵتەکاندن، بەڵام لەناوەڕۆکدا هەڵتەکاندنی تێدایە، بەڵام هەڵتەکاندنەکە بەشێنەیی و بەبەکارهێنانی ڕێوشوێنی ئاشتیانەو لەسەرخۆیە.

**رۆژنامە: کەوابێت ئەو دەرئەنجامەی ئێستا یەکێتی تێیکەوتووە نیشانەی نەبوونی ئیرادەیە بۆ چاکسازیکردن.**

* نیشانەی نەبوونی پێشینەو ئیرادەیەکی بەهێزە بۆ چاکسازیی، بەڵام هێشتا دەرفەت ماوە چاکسازیی چانسێکی دیکەی پێبدرێت،

**رۆژنامە: دواین رێککەوتنی نێوان یەکێتی و پارتی بۆ دابەشکردنەوەی پۆستەکان لەهەرێم و بەغدا چ گۆڕانکارییەکی تێداکراوە، بەتایبەت بۆ پۆستەکانی سەرۆکی هەرێم و حکومەت؟**

* بەنیسبەت پۆستی سەرۆکی حکومەتەوە لەدواین لێدوانی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی باسلەوەدەکات ئەوپۆستە بەریەکێتی دەکەوێت، بەڵام بەنیسبەت پۆستی سەرۆکی هەرێم هەوڵدەدرێت کە سیناریۆی ٢٠٠٥ دووبارە بکرێتەوە، کە مام جەلال بەهەمانشێوەی پێشوو پۆستی سەرۆک کۆمار وەربگرێتەوەو مەسعود بارزانیش پۆستی سەرۆکی هەرێم، ئێستا بیرکردنەوە بۆ دووبارەکردنەوەی ئەم سیناریۆیە هەیەو تاکە جیاوازی لێرەدا لەگەڵ ساڵی ٢٠٠٥ ئەوەیە، کە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار کەوتە پێش هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لەبەر ئەوە مام جەلال زووتر بووە سەرۆک کۆمارو پاشان مەسعود بارزانی بووە سەرۆکی هەرێم، بەڵام ئەمجارە پێچەوانە دەبێتەوەو هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم پێشکەوتووە.

**رۆژنامە: بەپێی رێککەوتنی ٢٠٠٥ی نێوان پارتی و یەکێتی، وابڕیاردرابوو ئەگەر لەبەغدا لیستی هاوپەیمانی نەیتوانی پۆستی سەرۆک کۆمار یان سەرۆک وەزیران بەدەستبهێنێت ئەوا لەکوردستانیش ئەوپۆستە دانانرێت، بەڵام ئەمجارە بەبێ رەچاوکردنی بەدەستهێنانەوەی پۆستە سیادیەکەی بەغدا یەکێتی پۆستی سەرۆکی هەرێمی داوەتەوە بەپارتی، ئایا لەئەگەری بەدەستنەهێنانەوەی پۆستە سیادییەکەی بەغدا یەکێتی زەرەر ناکات؟**

* ئەگەر گریمان لەم هەڵبژاردنەدا مەسعود بارزانی سەرکەوتنی بەدەستهێناو توانی بۆخولی دووەم ببێتەوە بەسەرۆکی هەرێم، پێموانییە گۆڕانکارییەکانی پاش ئەو کاریگەری خراپ لەسەر ئەو هەڵبژارنە بەجێبهێڵێت، ئەم ئەنجامە درێژە دەکێشێت. بیرکردنەوەی زاڵ ئەوەیە کە کورد بتوانێت پۆستی سەرۆک کۆمار بەدەستبهێنێتەوە.

**رۆژنامە: بەڵام ئەمجارە سوننەکان بەهێزێکی رێکخراوو پاڵپشتی دەرەکی هەوڵی بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆک کۆمار دەدەن؟**

* بەپێی ئەو سێکوچکە تەوافوقیەی لەعێراق لەئارادایە، زۆربەی جار پۆستی سەرۆک حکومەت بەر شیعە دەکەوێت و رکابەری بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار لەنێوان سوننەو کورددا دەبێت و هەردووکیان لەهەوڵی بەدەستهێنانی دەبن، ئەگەر پۆستی سەرۆک کۆماریش نەبێت پۆستی سەرۆکی پەرلەمان بەر کورد دەکەوێت. حەز دەکەم ئاماژە بۆ ئەوەشبکەم کە پۆستی سەرۆک کۆمار لەخولی داهاتوودا بەهێزتر دەبێت تائێستا، چونکە ئەوکات ئەنجومەنی سەرۆکایەتی هەڵدەوەشێتەوەو جێگرەکانی سەرۆک کۆمار مافی ڤیتۆیان نامێنێت، لەبەرئەوە سەرۆک کۆمار دەستی ئاوەڵاتر دەبێت لەبڕیاردان.

> **نانبڕینی کادیرانی یەکێتی ناخۆشترین لایەنی مەسەلەی ئیجرائاتکردنی سەرکردایەتییە لەگەڵ ئەندامانی، خۆزگە ئەم ئیجرائاتە ئەوەی تێنەکەوتایە**

## نانبڕین...

**نەژاد جەلال**



ماوەیەکە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەڵمەتێکی بەرفراوانی دەرکردن و نانبڕینی ئەو کادیرانەی دەستپێکردووە کە ئامادەنین دەنگ بە لیستی کوردستانی بدەن، وەها بڕیارێک جگە لەوەی فشارێکە بۆ سەر ئەو کادیرانە، جۆرێکیشە لە خۆخنکاندن و سیاسەتی حیزبە شمولییەکان، دواجاریش هەموو ئەو خەسڵەتانە دەکوژێت کە حیزبی پێ پێناسە دەکرێت.

سیاسەتی دەرکردن و نانبڕین و کڕین و... هتد کە یەکێتی پەیڕەوی دەکات، تۆکمەنەبوونی مۆراڵی دیموکراتی دەسەلمێنێت لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئەو حیزبە، دواجاریش دەبێت باجەکەی بدرێت، چونکە پەڕەکانی مێژوو پڕە لەو جۆرە ئەزموونانە، لەئێستادا بەرپرسانی یەکێتی سەد لە سەد موریدی مەکیاڤیلین و (الامیر)یش بووەتە کتێبی پیرۆزیان، بەڵام ئەوەی ئەوان دەیانەوێت بیچەسپێنن، مرۆڤی وشیار پێی هەزم ناکرێت و لای میللەتی وشیاریش بووەتە رابردوو، بە قێزو بێزەوە تێی دەڕوانن.

چۆن لای دەسەڵاتدارانی یەکێتی ئاسانە سەدان خێزان نانبڕاو بکەن و رابردووی هاوڕێکانیان پێ لێبنێن، ئاواش لای ئەو کەسانەش ئاسان نییە کە تەمەنی خۆیان بە حیزبێک بەخشیوە، لەبەرئەوەی ملکەچ نین دەبێت نانبڕاوبن و دەربکرێن، چونکە لە ئەزەلەوە پەیمانەکە وانەبووە.

سیاسەتی بێ نانکردنی خەڵک و کوشتن لەبرسا، جۆرێک بووە لە سزای بەندەکانی چاخی کۆیلایەتی، بەڵام ئەوەی لەم سەردەمی تەکنەلۆژیاو زانیارییەدا دەیەوێت پەیڕەوی بکات، جۆریکە لە خۆگێلاندن، چونکە مرۆڤی وشیار کۆیلە ناکرێت، ئەو هێزەی دەیەوێت مرۆڤەکان کۆیلە بکات، گۆڕ بۆ خۆی هەڵدەکەنێت.

دەرکردنی کەسانی ریفۆرمخوازو خاوەن بیرو رەخنەگر، بایەخدان بە وانەی رۆژانێک خیانەتیان لە یەکێتی و میللەتەکەی خۆیان کردووە، پایە بڵندکردنی فایلدارەکان، شاردنەوەی سامان و داهات، بەهێزکردنی میلشیا، پیرۆزکردن و بەخوداوەندکردنی خاوەنشکۆکان.... هتد، سیما خێڵە سەرەتاییەکانن کە هێشتا شارستانی نەیانگەیشتووەتێ، نەک حیزبێک کە دیعایەی سۆسیال دیموکراتبوونی خۆی دەکات، بۆیە ئاسان نییە یەکێتی بتوانێت وەها سیاسەتێک وازی بکات کە سۆسیال دیموکرات بێت و یاساکانی خێڵ پیادە بکات.

ئەوە روونە کە بەرپرسانی ئەم هەرێمە دەیانەوێت میللەت مێگەلێکی وڕو مەست بێت چۆنیان بوێت والێبخوڕن، بەڵام مەخابن بۆ ئەو بیرکردنەوەیەی ئەوان، بەجیهانیبوون و تێکەڵبوونی کلتوورەکان ئەو حەزەی ئەوانی دەمێکە لەباربردووە، ئەوان بەدوای رێگایەکی دیکەدا دەگەڕێن و زۆر سەرسامن بە حوکمی خێڵەکانی خلیجی عەرەبی، بەڵام وەک ئەوانیش دەستیان ناچێتە سامانی وڵات کە بەشێکی بدەنە خەڵک، دەیانەوێت هەمووی بۆخۆیان بێت، هاوکات ئەستەمیشە بتوانن هەموو خەڵک بکەنە هاوڵاتی وڵاتی خێڵ و رازی بە بڕیارەکانی دیوەخان.

لە مێژوودا یەکێتی یەکەم حیزبی باشووری کوردستانە، کە پێکهاتە سەرەکییەکەی خەڵکی شار بێت و عەشرەت و خێڵ و شێخ رۆڵێکی ئەوتۆی تێدا نەبینیبێت، هەر ئەمەش وایکرد جێی ئومێد بێت و میللەت دڵی پێی خۆش بێت، ئەو لاوانەی بە دروشمەکانی چەپگەرایی پەروەردە بوون، ئێستا ئەستەمە بکرێنە نۆکەری ئاغاکان و مەیتەری ئەسپە بێ دەماخەکان، ئەمە خۆی لەخۆیدا جارێکی دیکە یاخیبوونی مرۆڤەکان دووبارە دەکاتەوە، بۆیە بەردەوامبوونی یەکێتی لەسەر ئەم سیاسەتە بەرەو پووکانەوەی دەبات، چونکە خەڵکی بەرژەوەندیخوازەکان لە ژمارە هاتوون، دواجاریش بەردەوامبوونی ناعەدالەتی لەنێوان ئەوانیشدا، ئەوانیش یاخی دەکات، دەسەڵاتدارانی یەکێتی بە هەڵخەتێنەر پێناسە دەکرێن، چونکە لە ئێستادا جیاوازییەکان لەگەڵ پارتی بەرامبەردا بوونی نییە، تەنیا جیاوازی ئەوەیە، ئەوان لە دەستپێکەوە راستگۆ بوون لەگەڵ جەماوەرەکەی خۆیان، بەڵام یەکێتی بەپێچەوانەوە.

بڕیاری دەرکردنی ریفۆرمخوازەکان لەناو یەکێتیدا، بە زیانی خودی یەکێتی و بڕیارێکی سەرپێی و نادیموکراتیانەیە، چونکە دەسەڵاتدارانی یەکێتی بیریان لە دەرئەنجامەکانی نەکردووەتەوە، رەنگە کاردانەوەیەکی لێبکەوێتەوە هەرگیز بە خەیاڵیاندا نەهاتبێت، نانبڕینەکەشیان هەڵوێستێکی نائەخلاقییە بەرامبەر ماندووبوونی ئەو کادیرانە، چونکە یەکێتی بە ئارەق و خوێنی گشت بیناکراوە، ئەگەر یەکێتی میراتیش بێت، زۆرترین پشک بەر ئەوانە دەکەوێت کە ئێستا لە دەرەوەی یەکێتین، یان دەردەکرێن.

## فەرید ئەسەسەرد:

# یەکێتی کەوتووەتە قەیـرانێکی قوڵەوە

# بەکردەوە یەکێتی بەرەو دروستبوونی دوو باڵ دەچێت

سازدانی: سیروان رەشید

**فەرید ئەسەسەر ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان و بەڕێوەبەری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان ئاماژە بۆ ئەوەدەکات کە نەبوونی ئیرادەیەکی بەهێزە لەناوسەرکردایەتی یەکێتیدا وایکردووە کە ئێستا تووشی قەیرانێکی قوڵبووەو پێشیوایە کە پارتیش بەدەرنییە لەو قەیرانەو لەتەنگژەدایە. ئەسەسەرد پێشیوایە کە هێشتا دەرفەت ماوە چاکسازیی چانسێکی دیکەی پێبدرێت.**

**رۆژنامە: ئێستا یەکێتی بەهۆی تەنگژە ناوخۆییەکانیەوە، تووشی قەیرانێکی قوڵ بووە، حەزدەکەین خوێندنەوەو لێکدانەوەی ئێوە لەسەر ئەو بارودۆخەی یەکێتی بزانین؟**

* ئەوە فیعلەن قەیرانێکی قوڵە کە یەکێتی تێیکەوتووە، بەڵام خەریکە لەناو یەکێتیدا فەرزێک دروستدەبێت کە تائەمساڵیش چەند رەوتێک لەناو یەکێتی هەبوون، بەڵام ئێستا خەریکە رەوتەکان تەواو گەڵاڵە دەبن‌و لێک جیادەبنەوە، دەبێت چاوەڕێی گەڵاڵەبوونی ئەو رەوتانە بکەین کە هەندێکیان خەریکە لەیەکێتی جیادەبنەوە بەتەواوەتی‌و رێچکەیەکی دیکە بەخۆیانەوە دەبینن، نازانم سیاسەتی یەکێتی چۆن دەبێت لەئایندەدا، بەڵام هەموو ئەگەرەکان کراوەن.

**رۆژنامە: ئەو رەوتانەی کە باستکرد کە ئێستا خەریکە لەیەکێتی جیادەبنەوە، ئایا ئەم حاڵەتە کردەیەکە لەشێوەی ئینشیقاق، یان پەرچەکرداری بارودۆخی ناتەندروستی جۆری بەڕێوەبردنی یەکێتییە؟**

*من پێموایە ئەمە دیاردەیەکی سیاسییە لەزۆربەی وڵاتاندا هەبووەو لەووڵاتانە حیزبێک هەبووە، دواتر بووە بە حیزبی دایک، کە ئەمە حیزبێکی گەورە بووەو گەشەی کردووەو دواتر چەندین حیزبی لێجیابووەتەوە، سەردەمانێک پارتی دیموکراتی کوردستان حیزبی دایک بوو، کە چەندین حیزبی دیکەی لێ دروستبوو بەتایبەت یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بەڵام ئێستا یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بووە بەحیزبی دایک‌و بەدرێژایی مێژووی خۆی چەندین حیزبی لێجیابووەتەوە، بەنموونە حیزبی زەحمەتکێشان‌و سۆسیالیست‌و ئێستاش لیستی گۆڕان لێیجیابوونەتەوە، یەکێتی‌و پارتی هەردووکیان ئێستا وەکو حیزبی دایک وان‌و ئەمەش دیاردەیەکی سیاسییەو لەزۆر وڵاتی دنیادا هەیە، هەندێکجار حیزبی دایک دەمرێت‌و حیزبی لێجیابووەوە گەشە دەکات، هەندێکجارییش حیزبی دایک دەتوانێت حیزبەکانی دیکە راکێشێتەوە بەلای خۆیدا، بۆئەوەی بتوانێت درێژە بەژیانی خۆی بدات، هەندێکجار وەکو ئەوەی لەکوردستانیش هەیە.

**رۆژنامە: کەواتە پێشبینی ئەوە دەکەیت، کە بەمزوانە لەمنداڵدانی یەکێتیدا حیزبی دیکە دروستبێت؟**

* بەڵێ، خۆی دیاردە گشتیەکە ئەوەیە، کە هەموو حیزبێکی گەورە، کە نەتوانێت هەلومەرجێک بۆ بۆچوونە جیاوازەکان پێکبهێنێت، تووشی قەیرانێک دەبێت‌و بەشێک لەوانەی کە ناتوانن بەوشێواز درێژە بەبیروڕای خۆیان بدەن لەوحیزبە جیادەبنەوە، ئەوانە دەرفەتێکیان بۆپێکدێت کە حیزبێک لەدەرەوەی حیزبی دایکی خۆیان پێکبهێنن.

**رۆژنامە: چاوەڕێدەکەیت لەناو پارتیش وەک یەکێتی، ئەوە روودات؟**

* بەڵێ.

**رۆژنامە: بەڵام پارتی شێوەیەک لەمەرکەزیبوونی هەیەو هەیکەلی حیزبەکە توندوتۆڵترەو کەمتر دەنگی نارازیی تێدایە بەبەراورد بەیەکێتی؟**

* جیاوازی لەنێوان یەکێتی‌و پارتی لەوەدانییە کە دەنگی نارازیی لەناو یەکێتی هەیەو لای پارتی نییە، زیاتر پەیوەندی بەوەوە هەیە کە لەناو یەکێتیدا دەنگی نارازیی دەتوانێت گوزارشت لەخۆی بکات، بەڵام لەناو پارتی ئەو دەرفەتەی پێنادرێت، ئەوەش مانای ئەوە ناگەیەنێت کە لەناو پارتیدا دەنگی نارازیی نییە، بەڵام ئێمە لەناو یەکێتی دەنگی نارازیی دەبیستین، بەڵام هی پارتی نابیستین، جیاوازییەکە تەنیا لەوەدایە.

**لەناو یەکێتی دەتوانرێت نارەزایی گوزارشتی لێبکرێت بەڵام لەناو پارتی رێگە نادرێت**

**رۆژنامە: لەپێشهاتێکی تازەدا دوێنێ باڵی ریفۆرمی ناو سەرکردایەتی یەکێتی، کۆمیتەی سەرکردایەتی خۆی راگەیاند ئێوە بۆچوونتان لەسەر ئەو پێشهاتە چۆنە؟**

*ئەمە دەبێتە هۆی قوڵکردنەوەی قەیرانەکانی ناویەکێتی.

**رۆژنامە: بەڕەسمیی راگەیاندنی باڵی ریفۆرم لەناو سەرکردایەتی یەکێتیدا مانای ئەوەیە کە مینبەر دروستبووەو بەڕەسمیی دووباڵ هەیە، باڵی ریفۆرم و موحافیزکار؟**

**وازهێنانی نیوەی سەرکردایەتی یەکێتی زادەی چارەسەرنەکردنی ئەو کێشانەیە، کە (١٧) ساڵە هەن**

* بەکردەوە دەتوانرێت بەوجۆرە لێکبدرێتەوە، بەڵام لەڕووی ئوسولیەوە لە کۆنگرەی ٢٠٠١-ەوە مینبەر نەماو مەسەلەی مینبەر لەپەیڕەو دەرهێنرا، تاکە دۆکیومێنت کە باس لەمینبەر دەکات پەیڕەوی ناوخۆی کۆنگرەی ١٩٩٢بوو، بەڵام پەیڕەوی ٢٠٠١ جێگەی پەیڕەوی ٩٢ی گرتەوەو ئەمەش جێی بەمەسەلەی مینبەرەکان لێژکرد.

**رۆژنامە: ئێوە کە لەکۆبوونەوەی کۆمیتەی سەرکردایەتیدا بەشداربوون، چۆن مەسەلەی کێشەی (٦) ئەندامەکەی سەرکردایەتی کە سەر بەباڵی ریفۆرمن تاووتوێکراو، چ بڕیارێک لەدژیاندرا؟.**

* تائێستا هیچ بڕیارێک لەدژیان نەدراوە، بەڵام ئەم مەسەلەیە لەوێ تاووتوێکراو بڕیاردرا مەسەلەکە بەشێوەیەکی ئوسولی‌و بەگەڕانەوە بۆ پەیڕەوی ناوخۆ چارەسەر بکرێت، کە بەپێی پەیڕەو ئەندامی سەرکردایەتی حەسانەی هەیەو کەس ناتوانێت دەریان بکات، لەکۆنگرە هەڵبژێردراوەو تەنیا کۆنگرە دەتوانێت لای ببات، تەنیا یەک سزا هەیە بۆ ئەندامی سەرکردایەتی کە سزای هەڵپەساردنە، بڕیاردراوە مەکتەبی سیاسی بەناوی کۆمیتەی سەرکردایەتییەوە نامەیەک ئاراستەی ئەو شەش ئەندامەی سەرکردایەتی بکات‌و لەبەر رۆشنایی بڕیاری ئەوان بڕیار دەدرێت.

**رۆژنامە: وەکو باستانکرد ئەگەری زۆر سیناریۆ بۆ داهاتووی یەکێتی دەکرێت، ئەوەندەی من ئاگاداربم لەپێنج ساڵی رابردووەوە تائێستا ئەگەر ئەو (٦) ئەندامی سەرکردایەتییەی ئێستا وازبهێنن، ژمارەی ئەندامە مەکتەب سیاسی‌و سەرکردایەتییە دەستلەکارکێشاوەکان دەبێتە (١٥) ئەندام، کە دەکاتە نزیکەی نیوەی ئەندامانی کۆمیتەی سەرکردایەتی، بۆچوونی شەخسیت لەسەر ئەم دیاردەیە چییە؟.**

* ئەمە زادەی چارەسەرنەکردنی ئەو کێشانەیە، کە (١٧) ساڵە لەناو یەکێتیدا هەن.

**رۆژنامە: ئێستا نارەزاییەکی زۆر لەناو قاعیدەی یەکێتیدا بەدیدەکرێت، بەوەی کە سەرکردایەتییەکەی رێوشوێنی توندی لەدژی ئەو کادیرو ئەندامانە گرتووەتەبەر کە بیروڕای جیاوازیان هەیەو دەنگ بەلیستی کوردستانی نادەن، ئایا بۆچوونی تۆ لەسەر ئەو مەسەلەیە چۆنە؟ پێتوانییە بەپێی پەیڕەو یەکێتی مافی خۆیەتی کە لێپێچینەوە لەگەڵ ئەو کەسانە بکات کە دەنگ بەلیستەکەی نادەن؟.**

* بەڵی پەیڕەو ئەو مافەی بەسەرکردایەتی داوە، کە ئیجرائات بەرامبەر ئەندامەکانی خۆی بکات، ئەوانەی کە پابەند نابن بەرامبەر سیاسەتی حیزب‌و دەردەچن لەپەیڕەوی ناوخۆ، بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە هەندێک لەو ئیجرائاتانە رەنگە کاردانەوەی خراپی لێبکەوێتەوە، من بۆچوونی خۆم ئەوەیە کە هەرتەگبیرێک کە یەکێتی لەمکاتەدا هانای بۆ دەبات بەزیان بۆیەکێتی دەگەڕێتەوەو دەرکردنی هەرئەندامێک قازانجی بۆ یەکێتی نییە، بەڵام ئەگەر پەیڕەوی ناوخۆ بکەین بەبنەما سەرکردایەتی یەکێتی مافی دەرکردنی ئەو ئەندامانەی هەیە، کە دەنگ بەلیستی دیکە دەدەن، یاخود لەچوارچێوەی پەیڕەوی ناوخۆ دەردەچن.

**رۆژنامە: بەردەوامبوونی ئەو ئیجرائاتانەو دەرکردنی ئەو کادیرو ئەندامانە تاچەند کاریگەری بۆسەر بچوکبوونەوەی یەکێتی هەیە، لەکاتێکدا ئەوانەی کە ئێستا لایەنگیری باڵی ریفۆرمن‌و دەنگ بەلیستی گۆڕان دەدەن، بەپێی ئەو داتایانەی لەبەردەستی مندایە ژمارەیەکی زۆرن؟**

* پێموایە ئەوەی کە تۆباستکرد بەشێکی زۆرە لەودەنگانەی نەچن بۆ لیستی کوردستانی‌و سەرکردایەتی یەکێتی‌و هەموو کەسیش دەیزانێت، کە ئەوە زیانێکە بەر یەکێتی دەکەوێت.

**رۆژنامە: ئەوەی کە چاودێرانی نیگەرانکردووە، لەو ئیجرائاتەی کە سەرکردایەتی یەکێتی بەرامبەر کادیرانی گرتوویەتییەبەر مەسەلەی مووچە بڕین و نانبڕینە، رای تۆ لەسەر ئەوە چییە؟**

* ئەمە ناخۆشترین لایەنی مەسەلەکەیە خۆزگە ئەم ئیجرائاتە ئەوەی تێنەکەوتایە، پێموایە نەتوانراوە هاوسەنگییەک دروستبکرێت لەنێوان سزادان‌و نان نەبڕیندا، هەردووکی ئەوەندە تێکەڵاوبووە نەتوانراوە لێکجیابکرێنەوە، ئەوەلایەنی خراپو ناخۆشی مەسەلەکەیە.

**رۆژنامە: هەندێک لەو کادیرانەی کە دەرکراون، باسیان لەوەکردووە کە خاوەنی (٢٥ بۆ ٣٠) ساڵ خەباتی پێشمەرگایەتی‌و رێکخستنن‌و لەخێزانی شەهیدن، لەکاتێکدا ئەو مووچەیەی ئەمانە وەریدەگرن پارەی دەوڵەتە پێویست نییە رەچاوی ئەوانە بکرێت؟.**

* ململانێکە ئەوەندە دژواربووەو لەکاتێکی زۆر هەستیاردا هاتووەتە کایەوە، زۆرلایەن هەبووە لەبەرچاو نەگیراوە یەکێک لەوانە مەسەلەی رابردووی دێرینی بەشێکی زۆری ئەو جۆرە کەسانەیە.

**رۆژنامە: لەساڵی ٢٠٠٤-ەوە تائێستا، هەوڵی زۆری دەستەجەمعی‌و فەردی بۆ چاکسازیکردن لەناو سەرکردایەتی یەکێتی دراوە، بەڵام تائێستا هیچ ئەنجامێکی نەبووە، بۆچی بارودۆخی یەکێتی بەو ئاقارەی ئێستادا چووە، ئایا ئەمە مانای ئەوەیە کە ئیرادەیەک نییە بۆ چاکسازیی؟**

* من ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی باسیبکەم بەداخەوە لەڕۆژهەڵاتدا ئیرادەی چاکسازیی نییە، چاکسازیی لێرە پێشینەیەکی قوڵی نییە لەبەرئەوە هەموو جار تووشی قەیران دەبێت، کە ئەمە یەکێتی‌و هەموو حیزبەکانیش دەگرێتەوە.

**رۆژنامە: دوا هەوڵ بۆچاکسازیکردن لەناو یەکێتیدا پرۆژەکەی مام جەلال بوو، کە لە ١٨ کانوونی یەکەمی ساڵی رابردوو بڵاویکردەوە، کە تائێستا نەمانبینی هیچی لێ سەوزببێت‌و هەنگاو بۆ پراکتیکبوونی بنرێت؟**

**بەپێی پەیڕەو ئەندامی سەرکردایەتی حەسانەی هەیەو کەس ناتوانێت دەریان بکات، لەکۆنگرە هەڵبژێردراوەو تەنیا کۆنگرە دەتوانێت لای ببات، تەنیا یەک سزا هەیە بۆ ئەندامی سەرکردایەتی کە سزای هەڵپەساردنە**

* پێموایە ئیرادە بۆ ئەنجامدانی چاکسازیی هەروا بەئاسانی دروستنابێت، بەپێچەوانەوە خەڵک واتێدەگات مەسەلەی چاکسازیی یەکێکە لەمەسەلە ئاڵۆزەکان،

## د. مەحمود عوسمان:

# ئەو کەسەی پۆستی سەرۆک کۆمارو سەرۆکی هەرێم بەدەستدەهێنێت، دەبێت لە کاری حیزبیی دووربکەوێتەوە

سازدانی: بەرهەم خالید

**د.مەحمود عوسمان، کەسایەتیی سیاسیی سەربەخۆو ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان، ئاماژە بەوەدەکات ئەو تەوافوقەی کە ئێستا لە عێراقدا هەیە، بەشێوەیەکی زۆر خراپ بەکارهاتووەو بووە بە موحاسەسە، واتە هەرلایەنەو بەشی خۆی هەیە، ئەو پێیوایە تەوافوق بە مانای سیاسی دەبێت واتە رێککەوتن لەسەر بڕیاردان‌و بڕیار دروستکردن بێت نەک دابەشکردنی پۆستەکان.**

**دەربارەی هاوپەیمانێتی کوردو لایەنەکانی دیکە، بە پێویستی دەزانێت لایەنی کوردی بە وردی چاو بە هاوپەیمانییە کۆنەکانیدا بخشێنێتەوەو بزانێت کامیان سوودی هەبووە بۆی، بۆ هاوپەیمانی تازەش دەبێت بزانێت چ لایەنێک لەگەڵ ئەو بەرنامەو ئامانجانەدایە کە کورد دەیەوێت بەوپێیە دەبێت هاوپەیمانی‌و لێکنزیکبوونەوەئەنجامبدرێت.**

**رۆژنامە: زۆربەی چاودێران پێیانوایە کە هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، گۆڕان لە نەخشەی سیاسیی عێراقدا دروستدەکات‌و هاوسەنگیی هێز بەجۆرێکی دیکە پێکدەهێنرێتەوە، جەنابتان وەک سیاسەتمەدارێکی کوردو ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەو بۆچوونانە چۆن لێکدەدەنەوە؟**

* من چاوەڕواندەکەم گۆڕان ببێت، چونکە لەدوایین هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا گۆڕانکاریی ئاشکرا روویداو هەندێک لیست پێشکەوتن‌و هەندێکیش هاتنە خوارەوە، بۆیە هەر لەئێستاوە لایەنە سیاسییەکان بیر لە دروستکردنی هاوپەیمانی نوێ دەکەنەوە، هاوپەیمانی کوردستانیش بیری لەوەکردووەتەوە کە هاوپەیمانی پێکبهێنێت‌و هەندێک لە لایەنە شیعی‌و سوننییەکانیش بەرەو ئەوە دەڕۆن کە هاوپەیمانیی لەگەڵ یەکدا دروستبکەن، ئێستا بیروبۆچوونەکان بەو ئاراستەیەن کە بەرەو دروشمی نیشتمانی بڕۆن نەک تائیفی‌و دینی‌و مەزهەبی، کە لە هەڵبژاردنی پێشوودا پەیڕەوکرا، بۆیە دەبێت چاوەڕوانی ئەوەبین کە ئایا گۆڕانکارییەکان‌و هاوسەنگیی هێزەکان بە چ شێوەیەک دەبێت.

**رۆژنامە: قورسایی کورد لە هاوکێشەی سیاسیی عێراقدا دوای ئەو هەڵبژاردنە لاوازدەبێت یان بەهێز، بە بەراورد لەگەڵ ئێستادا؟**

* بەبڕوای من لەڕووی چەندێتییەوە ئەگەر قورسایی کورد لە بەغدا زیادنەکات، کەم نابێت، چونکە ئەوە بەپێی ژمارەی دانیشتووانەو ئێستا دانیشتووان زیادیکردووە، بڕیاردراوە کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە (٢٧٥) کورسییەوە بکرێتە (٣٠٠) کورسی، لەڕاستیدا دوو جۆر بەهێزیی هەیە لەڕووی چۆنێتی‌و چەندێتی، بۆیە باشترە لەگەڵ زیادبوونی ژمارەدا لەڕووی چۆنێتیشەوە ئەندام‌و نوێنەرە کوردەکان باشبکرێن، بەڵام لەوەش گرنگتر یاسای هەڵبژاردنە، کە داوامانکردووە بگۆڕدرێت‌و هەموو عێراق بکرێتە یەک بازنەی هەڵبژاردن، ئەگەر ئەوە بکرێت ئەوە کورد زۆر قازانج دەکات، لەبەرئەوەی هیچ دەنگێکی لەکیس ناچێت‌و بەپێی رێژەی سەدی کورسی بەدەستدەهێنێت، بۆیە هەوڵدەدەین ئەو یاسایە بگۆڕین، چاوەڕوانیش دەکەم ئەندامانی داهاتوو لەڕووی چۆنایەتییەوە باشترو چالاکتربن لە بەغدا.



**رۆژنامە: لەئێستادا دەنگوباسی ئەنجامدانی هاوپەیمانی سەریهەڵداوە، کورد لەگەڵ کێدا هاوپەیمانی بکات، قازانج دەکات لەگەڵ هاوپەیمانەکانی ئێستای بێت یاخود بیر لە هاوپەیمانیی نوێ بکاتەوە؟**

* دەبێت لایەنی کوردی بە وردی چاو بە هاوپەیمانییە کۆنەکانیدا بخشێنێتەوە، بزانێت کامیان سوودی هەبووە بۆی، بۆ هاوپەیمانی تازەش دەبێت بزانێت چ لایەنێک لەگەڵ ئەو بەرنامەو ئامانجانەدایە کە کورد دەیەوێت، بەوپێیە دەبێت هاوپەیمانی‌و لێکنزیکبوونەوە ئەنجامبدرێت.

**رۆژنامە: پێتوایە پاش هەڵبژاردنی نوێ، کورد چانسی بەدەستهێنانەوەی پۆستە سیادییەکانی عێراقی دەبێت، بەتایبەت ئەگەر کار بە سیستمی تەوافوقی بکرێت لەنێوان کوردو شیعەو سوننەدا؟**

* دوو شت کاردەکاتە سەر ئەوە، یەکەم هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئەو هێزانەی لە هەڵبژاردنەکاندا سەردەکەون، ئایا تا چ رادەیەک ئەوان پشتگیریی داواکانی کورد دەکەن، دووەم ئەو کەسانەی کە کورد دەیانپاڵێوێت بۆ ئەو پۆستانە لەئاستی ئەو بەرپرسیارێتییەدابن، هەروەها بارودۆخی کوردیش کە ئایا ناکۆکی هەیە یاخود نا، بەتایبەت لە بەغدا، ئەو فاکتەرانە هەموو رۆڵیان هەیە لە بەدەستهێنانەوەی ئەو پۆستانەدا.

**رۆژنامە: لە چەند رۆژی رابردوودا نوری مالیکی رایگەیاند کە کاتی ئەوە هاتووە کار بە تەوافوقی دیموکراسی نەکرێت، کێ زۆرینە بێت ئەو لایەنە وڵات بەڕێوەببات، تۆ بۆ ئەوە دەڵێیت چی، ئایا مەترسیی کورد لەو سیستمە لەجێی خۆیدایە؟**

* ئەو تەوافوقەی کە ئێستا لە عێراقدا هەیە، بەشێوەیەکی زۆر خراپ بەکارهاتووە، بووە بە موحاسەسە، واتە هەرلایەنەو بەشی خۆی هەیە، بەڵام لەڕاستیدا تەوفوق بە مانای سیاسی دەبێت بریتی بێت لە رێککەوتن لەسەر بڕیاردان‌و بڕیار دروستکردن نەک دابەشکردنی پۆستەکان، کە ئەوەش دەبێتە موحاسەسە، لەبەرئەوەی لە هەموو فەرمانگەو شوێنە حکومییەکاندا هەموولایەک پۆستەکانیان بەشکردووەو کار بۆخۆیان دەکەن، ئەوەش ئێستا میللەتی بێزارکردووەو خەڵکی عێراق پێیخۆش نییە، لەبەرئەوەش مالیکی ئێستا باس لەو خاڵە دەکات، بۆئەوەی شەقامی عێراقی بۆخۆی راکێشێت، باس لەوەدەکات کە ئەو زیانی هەیەو دەبێت بگەڕێینەوە بۆ دیموکراسیەتی زۆرینە، کە بە بڕوای من ئەوە بەشێکە لە هەڵمەتێکی پێشوەختی هەڵبژاردنی داهاتوو، چونکە ئەگەر بە جدیی مەبەستی گۆڕان بێت، دەبوو پرۆژەیەک بهێنێت‌و لە ئەنجومەنی وەزیران‌و ئەنجومەنی نوێنەران باسی بکات، نەک لە راگەیاندنەکاندا، دەربارەی ترسی کوردیش پێموایە کورد هەقی خۆیەتی بترسێت، چونکە ئەگەر زەماناتێکی تەواو بۆ کەمایەتییەکان نەبێت، ئەوا مەترسیان بۆ دروستدەبێت لەوجۆری حوکمەی مالیکی داوای دەکات.

**رۆژنامە: تۆ بەوە ناسراویت کە بە راشکاوانە بۆچوونی خۆت دەڵێیت، ئایا لەماوەی چوار ساڵی رابردوودا لە ئەدای بەرپرسە باڵاکانی کوردو وەزیرەکان لە بەغدا رازیت، ئایا دەکرا ئەدائیان باشتربێت‌و دەستکەوتی زیاتر بۆ کورد بەدەستبهێنن؟**

* بێگومان هەمیشە دەکرێت ئیشی باشتر بکرێت لەوەی کە هەیە، ئەوەش پەیوەندی بەوەوە هەیە کە ئەو نوێنەرانەی لە بەغدان توانایان چەندەو ئایا تا چەند هەماهەنگیان هەیە پێکەوە، راوێژدەکەن لەسەر مەسەلەکان، بۆیە بەبڕوای من هاوپەیمانی هەوڵیداوە ئیشی باش بکات، بەڵام هەماهەنگیی پێویست لەنێوان ئەندامانی لیستەکاندا نەبووە، کە پلان بۆ هەموو شتەکان دابنرێت‌و بە بەرنامە کاربکرێت‌و بڕیارەکان دەربکرێن، لەلایەکی دیکەشەوە هەندێک لە لایەنە عەرەبەکان وەک پێویست نەهاتوون بەدەم هاوپەیمانێتییەکەیانەوە لەگەڵ کورد، بۆیە ئەگەر ئەو شتانە رێکوپێک بوونایە، بێگومان رۆڵی کورد لە بەغدا باشترو سەرکەوتووتر دەبوو.

**رۆژنامە: نزیکەی مانگێکە هەریەک لە سەرۆک کۆمارو جێگری سەرۆک وەزیران‌و نوێنەری سەرۆکی هەرێم لە بەغدا، هاتوونەتەوە بۆ کوردستان‌و سەرقاڵی کاری حیزبین، بەڕای بەڕێزتان زۆر مانەوەی ئەوان لە کوردستان تا چەند کاریگەریی هەیە لەسەر کەمبوونەوەی قورسایی کورد لە بەغدا؟**

* بێگومان کاریگەریی گەورەی هەیەو بۆشاییەکی دروستکردووە لێرە، من راموایە کە ئەو کەسەی پۆستی حکومیی بەدەستدەهێنێت، دەبێت لە چالاکییە حیزبییەکانی دووربکەوێتەوە لە هەر پلەیەکدا بێت، بۆئەوەی ئەو ماوەیەی پۆستی حکومیی وەک سەرۆک کۆمارو سەرۆکی هەرێم بەدەست دەهێنێت، سەرقاڵی ئەوە بێت‌و دووربێت لە کاری حیزبیی.

**رۆژنامە: هەرێمی کوردستان لەبەردەم هەڵبژاردنی پەرلەماندایەو ئەوەی ئەم هەڵبژاردنە لەوانەی پێش خۆی جیادەکاتەوە، فرەلیستی‌و بوونی ململانێی بەهێزە لەنێوانیاندا، خوێندنەوەی ئێوە بۆ ئەم هەڵبژاردنە چییە؟**

* من پێمخۆشە لیستی جیاواز هەبێت‌و پێمخۆشبوو هەریەک لە یەکێتی‌و پارتیش لیستی تایبەت بەخۆیان هەبێت‌و بە جیا دابەزن، نەک بەیەکەوە، بۆئەوەی میللەت لەسەر بەرنامەی ئەو لیستانە دەنگبدات، هەروەها گرنگترین شت ئەوەیە هەڵبژاردنەکە ئازادبێت‌و دوور لە هەموو فشارێک بەڕێوەبچێت، یەکتری بریندار نەکرێت‌و هێرشی نایاسایی نەکرێتە سەر یەکتر، بۆئەوەی هەڵبژاردنەکە دوور لە هەر رووداوێکی ناخۆش بەڕێوەبچێت، چونکە ئەگەر بتوانین ئەم هەڵبژاردنە بە سەرکەوتوویی تێپەڕێنین، دەبێتە ئەزموونێکی باش بۆ کورد هەروەها پەرلەمانێکی باشیش دروستدەبێت، کە هەموو جۆرە خەڵکێکی تێدا دەبێت‌و هەندێک حوکم دەکەن‌و هەندێکیش وەک ئۆپۆزسیۆن کاردەکەن، ئەوە سوودی زیاترە لەوەی پەرلەمانەکە یەک رەنگ یان دوو رەنگ بێت.

> **پێمخۆشبوو هەریەک لە یەکێتی‌و پارتیش لیستی تایبەت بە خۆیان هەبێت‌و بە جیا دابەزن، نەک بەیەکەوە، بۆئەوەی میللەت لەسەر بەرنامەی ئەو لیستانە دەنگبدات**

## هەڵبژاردن‌و چاوەڕوانییەکانی خەڵک!

دارا مەحمود

ئەم رۆژانە کە بەرەبەرە لە وادەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان‌و سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان نزیکدەبینەوە، لایەنەکان پێش مۆڵەتی یاسایی، دەستیان بە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنەکان کردووە، شتێکی زۆر چاوەڕوانکراوو لۆژیکییە کە دەبینین هەر لایەنە رابردووی خۆی بەپێی دڵخواز دەڕازێنێتەوەو لە بەڵێنەکانی ئایندەشدا درێغی ناکات.

بەڵام جارێ با ئێمە لە بەڵێنەکان گەڕێین، چونکە داهاتوو بڕیاردەدات داخوا ئەو بەڵێنانە چەندە واقیعین، یان خاوەن بەڵێنەکان چەندە راستگۆن..! بەڵکو با چاوێک بە رابردوودا بخشێنینەوە کە مەگەر لە رێگای درۆو بەهەڵەدابردنەوە، دەنا ناکرێت گومان لەگەڵ خۆیدا هەڵبگرێت. رابردوو بە هەموو ئەو رووداوانەوە کە لەخۆی دەگرێت، بریتییە لە هەبوونێکی رەهاو جێگای شیمانەی تێدا نابێتەوە.

بۆیە لەکاتێکدا کە دەخوازین رابردووی چەند ساڵەی ئەم دەسەڵاتەی ئێستا هەڵسەنگێنین، ئەو پرسیارانەی کە داخوا چەندە کاری باش ئەنجامدراون‌و دەستکەوتەکان کامانەن‌و ئەدای پەرلەمان‌و حکومەت لە چ ئاستێکدا بووە، بە گشت وەڵامەکانیشەوە تەنیا نیوەی ئەو رابردووەیەو هێشتا هێندەی دیکە پرسیار ماون کە بەدوای وەڵامدا دەگەڕێن.

بۆ نموونە کاتێک دەوترێت لەماوەی تەمەنی ئەم پەرلەمان‌و حکومەتەدا چەندە پارە خەرجکراوە، دەبێت بپرسین ئەدی چەندەش پارە لە رێگای گەندەڵی‌و دزی‌و دەستبەسەرداگرتنی سیستمی دارایی لەلایەن حیزبە دەسەڵاتدارەکانەوە لرفی لێدراوە.

هەروەها لەکاتێکدا کە دەپرسین رێژەی بێکاریی لە کوردستاندا چەندە، دەبینین لەچاو ناوچەکانی دیکەی عێراق لەئاستی هەرە خوارەوەدایەو دەسەڵات بە یەکێک لە شانازییەکانی خۆی لەقەڵەمدەدات. پێویستیشە بپرسین لەناو ئەمانەدا کە بەناو کاردەکەن، چەندەیان مووچەی ئەندامێتی ئەو تەمەڵخانەیە وەردەگرن کە ناوینراوە حیزب؟ چەندەی دیکەش لەوانەی کە بەڕاستی کارێکی دیاریکراو دەکەن، بە لێوەشاوەیی لەسەر کار دامەزراون‌و چەندەشیان لەسەر بنەمای ئینتیمای حیزبایەتی‌و خزمخزمێنەو واسیتەو بڕوانامەی ساختەوە...؟

دیسان کە دەپرسین ئەم دامودەزگا دەوڵەتیانە کامانەن کە دەسەڵاتی دوو حیزب دروستیکردوون، دەشبێت بپرسین ئایا بەڕاست دەزگای پێشمەرگە، ئاسایش‌و هەواڵگریی، دارایی.. دەزگای حیزبن یان حکومەت، بە گشتی کەسێک هەیە لەناو دەسەڵاتدا سنوورەکانی نێوان حیزب‌و حکومەت نیشانی خەڵک بدات...؟

یان کاتێک کە ئاستی ئازادییەکان بە بەرز دەنرخێنرێت، خۆ دەبێت سۆراخێکی ئاستی بەرابەریی‌و پەیڕەوکردنی عەدالەتیش بکەین.

ئەمانەو چەندان پرسیاری دیکەی هاوشێوەیان کە لایەنگرانی دەسەڵات ئەم رۆژانە هەرگیز بەلای وەڵامدانەوەیاندا ناچن، دەسەڵاتێکمان دەهێنێتە بەرچاو کە گەندەڵی، ساختەکاریی، پەیڕەوکردنی نابەرابەریی‌و بێ عەدالەتی لە هەموو ئاستەکاندا، سیمای هەرە دیارو ئاشکرایەتی.


خراپترین دەسەڵاتێک کە لە جیهاندا هەیە، بەشی ئەوەندە کاری باش هەردەکات کە لەکاتی پێویستدا توانای ژماردنیانی هەبێت، ئەگەرچی ئەم دەسەڵاتە بە خراپترین نازانین، بەڵام ئایا لە هەموو جیهاندا دەسەڵاتێک هەیە دانی بەمەدا نابێت کە گەندەڵی لەناو سیستمەکەیدا هەیە، کەچی لەناو ئەم هەموو دامودەزگاو میکانیزمانەی بەردەستیدا، داوا لە خەڵک بکات بەڵگەبهێننەوەو بیسەلمێنن..؟

دەسەڵاتی دوو حیزب، ئەوەی لە هەگبەکەیدا بوو پێشکەشیکرد، سیستمی حیزبایەتیی کلاسیکیش گەیشتووەتە دوامەنزڵگای خۆی، نە بە ریفۆرمی رواڵەتی خۆی پێ نوێ دەکرێتەوە، نە خوازیاری گۆڕانیشە لە ناوەرۆکدا، ئەوەی لەم هەڵبژاردنانەش چاوەڕواندەکرێت، سەرکەوتنی ئەم لایەنەو ژێرکەوتنی لایەنێکی دیکە نییە، بەڵکو گۆڕانکاریی ریشەیی لەم سیستمە کلاسیک‌و پەڕپوتەیە کە لە ئەسپێکی پیری ماندوو دەچێت‌و چیتر توانای راکێشانی گالیسکەی کۆمەڵگای نەماوە، هەر لایەنێکیش بانگەشەی نوێبوونەوەو گۆڕانکاریی بکات، لەم قۆناغەدا لانیکەم پەیامی ئەنجامدانی سێ ئەرکی سەرەکی دەکەوێتە سەرشان:

١- جوێکردنەوەی دەسەڵاتی حیزب‌و حکومەت لەیەکتر.

٢- پەیڕەوکردنی شەفافیەت، بەتایبەتی لەبوارەکانی دارایی‌و ئابووریدا.

٣- چەسپاندنی عەدالەت‌و بەرابەریی‌و سەوەریی یاسا.



# کێ لێپرسینەوە لە سەرۆکی داهاتووی هەرێم دەکات؟

**ستارە عارف**

تائێستا دیار نییە لەدوای هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕاستەوخۆ لە ڕێگای خەڵکەوە، کێ لێپرسینەوە لە دەسەڵاتەکانی دەکات، ئەوە نەبێت بەپێی وتەی پسپۆڕان سەرۆکی هەرێم دەتوانێت لێپرسینەوە لە سەرجەم کایەکانی هەرێمەکەی بکات تا هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان‌و ئەنجومەنی وەزیرانیش، ئەوە جگە لەوەی لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمیشدا هیچ بەندێک بۆ چاودێریکردنی دەسەڵات‌و کارەکانی سەرۆک دیارینەکراوە.

دوای ئەوەی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە وتاری دیاریکردنی ڕۆژی هەڵبژاردندا داوایکرد هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم ڕاستەوخۆ لە ڕێگای خەڵکەوە بێت، بڕیاردرا ڕۆژی ٧/٢٥ لەگەڵ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا هەڵبژاردنی سەرۆکیش بەڕێوەبچێت.

**پەرلەمان‌و دەسەڵاتی دادوەریی**

زیاتر لە (٤٠) وڵات لە دنیادا بە سیستمی سەرۆکایەتی بەڕێوەدەچن، بەشێکی دیکەش سیستمی پەرلەمانی لە وڵاتەکانیاندا جێبەجێدەکرێت، ئەوە جگە لەوەی لە هەندێک وڵاتدا تائێستا مەلەکییە، پسپۆڕانی بواری دەستووریی‌و یاساییش بۆ تەندروست بەڕێوەچوونی حکومڕانی لە هەر وڵاتێکدا، سەربەخۆیی دەسەڵاتەکانی (یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەریی) بەهەند وەردەگرن.

د.سالار باسیرە، مامۆستای زانستە سیاسییەکان لەزانکۆی سلێمانی، ڕایوایە لە دنیادا پەرلەمان دەتوانێت لێپرسینەوە لەگەڵ وەزیرو سەرۆکدا بکات، لەبەرئەوەی سیستمی سیاسی لە هەرێمی کوردستانیشدا پەرلەمانییە، کەواتە پەرلەمان‌و دەسەڵاتی دادوەریی هەرێم دەتوانن سەرۆکی هەرێم بخەنە بەردەم لێپرسینەوەوە، بەڵام ئەگەر سیستمی حوکمڕانیی داهاتوو سەرۆکایەتی بێت، ئەوکاتە سەرۆکی هەرێم دەتوانێت پەرلەمان‌و حکومەتی هەرێمیش هەڵبوەشێنێتەوە.

**پەرلەمان نەیتوانیوە لێپرسینەوە بکات**

د.لەتیف شێخ مستەفا، پسپۆڕی یاسایی‌و دەستووریی، ڕایوایە لە سیستمی پەرلەمانیدا سەرۆک دەسەڵاتی زۆر نییە، ئەگەر دەسەڵاتیشی هەبێت لێپرسینەوە کێشە نییە، بەڵام ئەگەر دەسەڵاتی هەبێت‌و لێپرسینەوەی لێنەکرێت، ئەوە مەترسیدارەو شێوەیەکە لە دیکتاتۆرییەت.

دەستووری عێراقی ڕێگای بە پەرلەمان داوە کە بە زۆرینەی دەنگی ڕەها لە سەرۆک کۆمارو سەرۆک وەزیران‌و وەزیرەکانی دیکە بپرسێتەوە، هەر بەپێی دەستوور، پارلەمان توانای لابردنیشی هەیە دوای ئیدانەکردنی لە ڕێگای دادگای دەستوورییەوە، لە حاڵەتی شکاندنی سوێندی دەستووری‌و خیانەتی گەورەو پێشێلکردنی دەستووردا.

بە وتەی پسپۆڕەکەی یاساو دەستوور، ئەگەر سەرۆکی هەرێم لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردرێت‌و دەسەڵاتەکانیشی هەر بەو شێوەیە بێت کە لە یاساکەدا هەیە، ئەوکاتە دەبێت لایەنێک هەبێت لێی بپرسێتەوەو چاودێری بکات، ئەگەر لایەنێک نەبێت چاودێری دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم بکات، سیستمەکە دەبێتە سیستمێکی سەرۆکایەتی، ئەوەش مەترسیدارە.

لەبارەی ڕۆڵی پەرلەمانیشەوە، دەڵێت: «لە چوار ساڵی ڕابردوودا پەرلەمان نەیتوانیوە لێپرسینەوە لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران‌و وەزیرەکانیدا بکات کە دەسەڵاتی خۆیەتی، بۆیە دەبێت لە سەرەتادا لە پەرلەماندا یاسایەک دابڕێژرێت‌و لەڕووی یاساییەوە لایەنێک بۆ لێپرسینەوەی سەرۆک دابنرێت».

هاوکات بەکر فەتاح، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، دەڵێت: «پەرلەمان دەتوانێت لێپرسینەوە لە سەرۆکی هەرێم بکات، ئەگەر پەرلەمان ئەم ڕۆڵەی نەگێڕا، دەبێت گەل لە ڕێگای دادگای دەستوورییەوە لێی بپرسێتەوە».

**پەرلەمان ناتوانێت لە سەرۆکی هەرێم بپرسێتەوە**

بەپێی مادەی (١٦)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم، پەرلەمان توانای بانگهێشتکردنی سەرۆکی هەرێمی بۆ پەرلەمان هەیە، ئەگەر نەتوانێت ئەرکو مافەکانی بەهەر هۆیەک بێت هەڵسوڕێنێت، هەروەها بەلای کەمەوە سێ لەسەر چواری ئەندامانی پەرلەمان لە دەنگدانێکی نهێنیدا دەتوانن متمانەی لێبسەننەوە.

زانا ڕۆستایی، ئەندام پەرلەمانی کوردستان، پێیوایە ئەگەر لەلایەن خەڵکەوە سەرۆکی هەرێم هەڵبژێردرێت، پەرلەمان توانای ڕاستەوخۆ لێپرسینەوەی نییە، بەڵام دەتوانێت پابەندبێت بە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمەوەو چاودێری دەسەڵاتەکانی بکات، ئەگەر لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێت دەتوانرێت لە هەندێک حاڵەتی زۆر تایبەتدا بانگ بکرێتە پەرلەمان کە لە مادەی (١٦)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمدا ئاماژەی پێکراوە.

بە بۆچوونی ڕۆستایی، یاساکە دەسەڵاتێکی زۆری بە سەرۆکی هەرێم داوە تا ئەو ڕادەیەی کە توانای هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمانی هەیە، واتە لە یاساکەدا هیچ بەندێک بۆ لێپرسینەوەی سەرۆکی هەرێم دیارینەکراوە.

**لێپرسینەوەی سەرۆکی هەرێم بەستراوە بە چۆنێتی هەڵبژاردنییەوە**

ئیبراهیم سۆفی مەحمود (ئەبو تارا)، ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: چۆنیەتی لێپرسینەوە لە سەرۆکی هەرێمی داهاتوو بەستراوە بە چۆنیەتی هەڵبژاردنیەوە، ئەگەر لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردرێت، دەبێت لە یاسایەکدا چوارچێوەی هەڵبژاردنەکەی‌و کاروبارەکان دیاری بکات، بۆیە کاتێک پەرلەمان بیەوێت لە سەرۆک بپرسێتەوە، بەپێی ئەو یاسایە مافی دیاری دەکرێت، ئەگەر لە پەرلەمان هەڵبژێردرێت، ئەو کاتە پەرلەمان مافی هەیە لێی بپرسێتەوەو داوای زانیاری لێبکات، ئەگەر شێوەی سیستمەکە سەرۆکایەتی یان پەرلەمانی بێت، هەر دەبێت یاسایەک دیاری بکرێت‌و یاساکەش دەبێت لە پەرلەمانەوە دابڕێژرێت، بۆئەوەی لە دواڕۆژدا پابەندبن پێوەی.

**نابێت سیستمی هەرێم لەگەڵ دەستووری عێراقدا ناکۆک بێت**

بەپێی دەستووری عێراقی، دەبێت سیستم‌و دەستووری هەرێمەکان لەگەڵ دەستووری ناوەندا ناکۆک نەبێت، تا ساڵی ٢٠١٣ ناکرێت دەستکاری دەروازەکانی دەستووری عێراقی بکرێت کە ئەم وڵاتەی بە سیستمێکی پەرلەمانی پێناسە کردووەو سەرۆکایەتی نییە.

ڕێبوار کەریم، مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی سلێمانی، پێیوایە، لەبەرئەوەی خەڵک ڕاستەوخۆ دەنگ بەسەرۆکی هەرێم دەدات، لەم سیستمەشدا دەسەڵاتی سەرۆک زیاترەو لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمیشدا کۆمەڵێک دەسەڵاتی زیاتر دراوە بە سەرۆکی هەرێم، کە لەدەسەڵاتی باڵای جێبەجێکردندایە، هەر بەپێی ئەم یاسایە سەرۆک بۆی هەیە پەرلەمان هەڵبوەشێنێتەوە، لەکاتێکدا پەرلەمان نوێنەری ئیرادەی خەڵکە، بۆیە لەم حاڵەتەدا پەرلەمان کەمتر دەتوانێت لە سەرۆکی هەرێم بپرسێتەوە، تەنیا دەتوانێت داوای ڕوونکردنەوەی لێبکات.

# سەرژمێریی لە ناوچە جێناکۆکەکان دواناخرێت

**محەمەد ساڵح حەمەلاو**

ئەندامێکی لیستی ئیئتیلاف داوادەکات سەرژمێریی گشتی عێراق دوابخرێت تا کێشەی کەرکوک‌و ناوچە جێناکۆکەکان چارەسەر دەکرێت، بڕیاردەری لیستی هاوپەیمانیش ڕایدەگەیەنێت ئەگەر سەرژمێریی لە پارێزگاکانی عێراق ئەنجامبدرێت، ئەوا پێویستە دووجار سەرژمێریی لە کەرکوک‌و ناوچە جێناکۆکەکان بکرێت.

حەنین قەدۆ، ئەندامی لیستی ئیئتیلاف لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، داوادەکات سەرژمێریی دانیشتووان دوابخرێت تا کاتێک کێشەی کەرکوک‌و ناوچە جێناکۆکەکان چارەسەر دەکرێت، قەدۆ ئاماژەی بەوەشکرد، نیشتەجێبوونی نوێ‌و تۆمارکردنی سەرژمێریی نوێ لە ناوچە جێناکۆکەکان، کاریگەریی لەسەر ڕەوشی دیمۆگرافی‌و دانیشتووانی کەرکوک‌و زۆرێک لەو ناوچانە دەبێت.

سیروان زەهاوی، بڕیاردەری لیستی هاوپەیمانی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند، لە یاسای هەڵبژاردنەکاندا ئەوە هاتووە کە نابێت مەسەلەی سەرژمێریکردن لە هیچ ناوچەیەکی عێراق بەناوچە جێناکۆکەکانیشەوە دوابخرێت، وتیشی: «ئەگەر سەرژمێریی لە پارێزگاکانی عێراق بکرێت، ئەوا دەبێت دووجار سەرژمێریی لە ناوچە جێناکۆکەکان ئەنجامبدرێت، چونکە جگە لەوەی یاسایەکی لەسەر هەیە، مادەی (١٤٠)یش باس لە ئەنجامدانی سەرژمێریی لەو ناوچانەدا دەکات».

لەساڵی ١٩٨٧-ەوە تائێستا سەرژمێریی دانیشتووان لە عێراقدا ئەنجام نەدراوە، وابڕیارە دەزگای ناوەندی ئامار لە ١٠/٢٦ی ئەمساڵدا سەرژمێریی دانیشتووان ئەنجامبدات.

دەربارەی ئەوەش کە ئایا دەکرێت ئەنجامەکانی ئەو سەرژمێرییە بکرێتە پێوەرێک بۆ گەڕانەوەی کەرکوک‌و ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان، زەهاوی ڕوونیکردەوە، دەکرێت ئەنجامەکانی ئەو سەرژمێرییە ببێتە زەمینەیەک بۆ ڕاپۆرتەکەی دیمستۆراو نەتەوەیەکگرتووەکان، لەلایەکی دیکەش ببێتە بنەمایەک بۆ مەسەلەی ڕاپرسیی. ئاماژەی بەوەشکرد، ڕاستە ڕاپرسیی لە هەموو عێراقدا دەکرێت تەنیا لە ناوچە جێناکۆکەکان نەبێت، بەڵام دواجار سەرژمێریی هەر سەرژمێرییە.

بڕیاردەری لیستی هاوپەیمانی ئەوەشی ڕوونکردەوە، بوونی خێزانە عەرەبە هاوردەکان لە ناوچە جێناکۆکەکان، نابێتە کێشەو دوای ئەنجامدانی سەرژمێرییەکە ژمارەو ڕێژەی نەتەوە جیاوازەکان دەردەکەوێت، دواجار دەتوانرێت ڕێژەی نەتەوە جیاوازەکان جیابکرێنەوە کە ئاخۆ سەر بە چ نەتەوەیەکن.

سیروان زەهاوی ئەوەشی ئاشکراکرد، کاتی خۆی لیستی هاوپەیمانی کوردستان بۆ ئەوە دەنگی بۆ یاسای هەڵبژاردنەکان داوە، کە مەسەلەی سەرژمێریکردن ناوچە جێناکۆکەکانیش بگرێتەوە، وتیشی: «مەسەلەی ئەنجامدانی سەرژمێریی لەناوچە جێناکۆکەکان، لەلایەک کێشەی ١٧٪و لەلایەکی دیکەش کێشەی ناوچە دابڕاوەکان چارەسەردەکات»، بۆ عێراقیش گرنگیی خۆی هەیە، چونکە هەمولایەک سەنگ‌و پێکهاتەی خۆی بۆ دەردەکەوێت.

# حكومەت.. قوربانییە گەورەکەی هەڵبژاردن

## حیزب لەڕێی پرۆژەکانی حکومەتەوە هاوڵاتی ئاشتدەکاتەوە



هەردی مەهدی

### هاوڵاتی دەیباتەوە..

هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی‌و سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان، ڕەنگە چالاکترین جوڵەی خستبێتە ناو فەرمانگە جۆراوجۆرەکانی حکومەتەوە، حکومەتی هەرێم هەر هەمان حکومەتی حەڤدە هەژدە ساڵی رابردووە، کە هاوڵاتییانی هەڵەبجەو ئاکرێ‌و کەلارو چەمچەماڵ‌و سلێمانی‌و هەولێر خۆپیشاندانیان بۆ دەکرد، ئەویش لەبری وەڵامدانەوەی دواکانیان، تەنیا ئەوەندەی پێدەکرا فیشەک بەسەریاندا ببارێنێت‌و بڵێت «دەستێکیان لەپشتەوەیە، بەکرێگیراوی دەرەکیین، یاخی‌و توندوتیژن، بودجە کەمی هێناوە، ترسی بەغدا لەپێشەو کاتی خزمەتگوزاریی نییە»، ئاسایش‌و پۆلیسەکانی حکومەتەکەش بەوەوە نەدەوەستان، زۆرێکیشیانی لێدەگرتن‌و چەند کەسێکیش لە هاوڵاتییانی خۆپیشاندەر بوونە قوربانیی‌و بەیەکجاریی ماڵئاواییان لە ژیان‌و هەرێمی کوردستان کرد.

بەڵام وا ئەمڕۆ ترسی هەڵبژاردن نەک دەرگا، پەنجەرەکانی حکومەتیشی بەسەر هاوڵاتییاندا والاکردووە، جگە لەوەی فریای بەڵێنەکان ناکەوێت، شەوو ڕۆژی خستووەتە سەریەک‌و گەڕەک‌و کۆڵانەکان قیرتاودەکات‌و کارەباو ئاوو خزمەتگوزارییەکانیش زیاتر دەکات، حاشاهەڵنەگرە ئەو خزمەتەی لەم ڕۆژانەدا لە حکومەتەوە بۆ هاوڵاتییان دەکرێت، لە دەرهاویشتە ئەرێنییەکانی هەڵبژاردنە، هەر لەئێستاوە زۆرێک لە لیستەکان بەر لەئەنجامدانی پرۆژەکان، سەرکەوتنیان بەدەستهێنا، چونکە توانیان ترس بخەنە دڵی کاربەدەستانی ناو حکومەت، لەترسی ئەوەی نەبادا هاوڵاتی بە کارتی دەنگدانەکەی لەسەر سندوقەکان تۆڵەی لێبکاتەوە...

### ترسی حیزب، حکومەت چالاک دەکات

ململانێی دیموکراسی بە هەر جۆرێک بێت، ئەگەر لە چوارچێوەی خەباتی مەدەنی نەچێتە دەرەوە، دۆخی کێبڕکێیەکی تەندروست دەداتە لایەنە سیاسییەکان‌و بە ئاراستەی خزمەتکردنی هاوڵاتییان ئاراستەیان دەکات، بەڵام ئەگەر لە چوارچێوەی پرەنسیپە مەدەنی‌و دیموکراسییەکان چووە دەرەوە، ئەوکاتە گۆڕان‌و چالاکییە خزمەتگوزارییەکانی حیزب‌و حکومەت ئەوەندەیان لێ چاوەڕێدەکرێت کە دیموکراسی‌و هاوڵاتییان بکاتە قوربانیی مەرامە سیاسییەکان‌و پاراستنی کورسییەکان.

کۆبوونەوەو لێدوانی بەرپرسی حیزبە دەسەڵاتدارەکانی هەرێم، ئەوەیان لێدەخوێنرێتەوە کە ترسێکی گەورە یەخەی دەسەڵاتەکەی گرتوون، ڕاستییەکەی فەزای دیموکراسیش واتە فەزای ترسێک کە هەمیشە دەبێت ئاگات لە رکابەرو هاوڵاتی‌و لایەنگرانت بێت، تا ئێرە ئاساییە کە هەر هێزێک بترسێت، ئەوەش لە دەرهاویشتەکانی کۆمەڵگایەکی دیموکراسییە کە دەبێت هێزەکان بترسێنێت، بۆئەوەی بەردەوام بە ئاراستەی خزمەت‌و پرۆژەی نوێ، تازەیان بکاتەوە.

بەڵام پرسیار لێرەدایە.. ترسەکە بە چ ئاراستەیەکدا تەوزیف دەکرێت؟ ئایا دیموکراسیەت دەکرێتە قوربانیی؟ حکومەت بەکاردەهێنرێت بۆ مەرامە حیزبییەکان؟ لە حکومەتەوە هەڕەشە لە هاوڵاتییان دەکرێت بۆ دەنگدان بە حیزب؟ دەمارەکانی حیزب لە حکومەتدا گرژتر دەبن؟ ئەگەر وەڵامی ئەم پرسیارانە بەڵێ بوو، ئەوا دۆخی ململانێ دەبێتە دۆخی دەرکەوتنی ئاماژەی مەترسیدار، خوێندنەوەی مەترسیداریش لەسەر ئەزموونی حوکمڕانیی کوردی دەکرێت، کە هێشتا نەیتوانیوە قوناغێکی نوێی سیاسی بهێنێتە ئاراوە، چونکە ئەوە ئەو ساتەیە کە گیرفانی حکومەت‌و حیزب، عەقڵی حکومەت‌و حیزب، دەسەڵاتی حکومەت‌و حیزب، ئەجێندای حکومەت‌و حیزب هەموو دەبنە یەک‌و شتێک نامێنێتەوە بۆ دروستبوونی فەزایەکی دیموکراسیانەی شەفاف، ئەوەی لەم نێوەندەدا دەبێتە قوربانیی، ئەوە حکومەتەکەی هاوڵاتییانە.. ئەوەش دەردەخات ئەگەرچی لە زۆر ڕووەوە ئەزموونی دەسەڵاتی خۆماڵیی پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیبێت، بەڵام لەڕووی جیاکردنەوەی حیزب‌و حکومەتەوە هێشتا هەر لە ساڵانی نەوەدەکان تێپەڕی نەکردووە.

**تووڕەیی خەڵک لە حیزب لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە دەسەڵاتەکانی حیزب تێکەڵی حکومەت کراون، ئەمڕۆش زیاتر لە جاران ململانێی هەڵبژاردن ئەو دەمارانەی چالاکترکردووە**

وا دەبینرێت ئەمڕۆ لە بارەگای مەڵبەندو لقەکانەوە، تەندەرو کاتی جێبەجێکردن‌و پلانەکانی حکومەت بڕیاریان لەسەر دەدرێت، ئەگەر حکومەت خاوەن پلان‌و پرۆژەیە بۆ لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا بەرپرسە حکومییەکان بڕیاری جێبەجێکردنی پرۆژەکان ڕاناگەیەنن؟ بەڵام ئەمڕۆ لەبری حکومەت، بەرپرسی مەڵبەندو لقەکان لە سەرۆکی شارەوانی‌و پارێزگارو وەزیرەکان چالاکترن، کە بەر لە هەرکەسێک لێدانی کاربەدەستانی دەوڵەتە، تێپەڕاندنی سنوورو متمانەی ئەوانەو بەر لە هەرکەسیش کە دەبێت بەرگریی لەو دۆخە ناتەندروستە بکەن کە حیزب ڕادەکێشێتە ناو حکومەت، کاربەدەستانی حکومەتن.

لەڕاستیدا ئەمە تەنیا ترسی ئەو دوو حیزبەیە لە هەڵبژاردن، بەڵام ئەوە لەبیرکراوە کە تووڕەیی خەڵک لەحیزب لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە دەسەڵاتەکانی حیزب تێکەڵی حکومەت کراون، ئەمڕۆش زیاتر لە جاران ململانێی هەڵبژاردن ئەو دەمارانەی چالاکترکردووە.

### ئاماژە مەترسیدارەکانی گۆڕان

ڕەنگە وەک دۆخێکی کاتیی، ئەو چالاکیانەی حیزب لەناو حکومەتدا خزمەتێکی «کاتی»ش بە هاوڵاتییان بکەن، چونکە ئەوەی حکومەت بە دە ساڵ نەیکردووە، وا لە کەمتر لە دوو مانگدا ئەنجامی دەدات، بەڵام ئاماژەی مەترسیدار لەوەدایە لەبری ئەوەی حکومەت حکومەتێکی بێ ئایین‌و بێ حیزب‌و بێ ئایدۆلۆژیا بێت، دەبێتە حکومەتی مەڵبەندو لقەکانی حیزب، دەبێتە فەزای تەسفیەکردنی جیاوازییەکان، دەبێتە موژدەدەری لایەنگرانی حیزب‌و باوەڕدارانی‌و ترسێنەرو تۆقێنەرو نانبڕی نەیارو جیاوازەکانی..

لێرەوە لە دۆخێکی کورتدا شەقامەکان جوان‌و جوانتر دەبن بە خزمەتگوزاریی، بەڵام فەزای دیموکراسی‌و ئازادیی، تەسکترو ناشیرینتر دەبێت، چونکە هەڕەشەی نەهێشتنی جیاوازیی‌و نانبڕینەکان لەتەنیشت قیرتاوکردنەکانەوە بەردەوامە.. ئەگەرەکانی توندوتیژیی لە هەرکات زیاتر دەبن..

ترسە گەورەکە لەوەدایە هەڵبژاردن لەبری ئەوەی بە ئاراستەی کرانەوەی سیاسی‌و لەگەڵ جیاوازیدا مامەڵەکردن بێت، دوورنییە ترس وابکات فەزای ململانێی دیموکراسییەکان بکاتە قوربانی یەکەم‌و دەمارەکانی حیزب لە حکومەتدا تۆخترو تۆختر بکاتەوە، لەکاتێکدا خەباتی دیموکراسیانەو چاکسازیخوازی ئەمڕۆی کوردستان، حکومەتێکی بێلایەن‌و دیموکراسییەکی فراوانترو ئازادییەکی زیاترو ململانێیەکی جوانتری دەوێت، نەک گۆڕان بە ئاراستە نێگەتیڤەکەدا بێت‌و بمانگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمانی شەڕی ناوخۆو تەزکیەو قبوڵخاس‌و نانبڕین‌و هەڕەشەکانی.

# دەنگ بدەین بەکێ؟

سەردار کوردە ڕەواندزی

بێگومان من یەکێک بووم لەو ڕۆژنامەنووسانەی کە هەمیشە سۆزو عاتیفەی هەستی نەتەوایەتی‌و بارودۆخی ناسک کاری تێدەکردم‌و بەتەواوی کەوتبوومە ژێر کاریگەری ئەمجۆرە شتانەوەو لە زۆربەی پرۆسەکانی هەڵبژاردندا چ بە نووسینی بابەت بێت چ بە بەشداریکردنی ڕاستەقینە لە هەڵمەت‌و هاندانی خەڵکی ئەم هەرێمەو بۆ بەشداریکردنیان لە پرۆسەکانی هەڵبژاردن‌و دەنگدانیان بە لیستی هاوپەیمانی کوردستان‌و تەنانەت بۆ ساتێکیش هیچ کەس‌و تاکی ئەم کۆمەڵگایە درێغییان نەکرد لەم ڕووەوەو ویژدان‌و ئەرکی خۆیان بەجێگەیاند، بەڵام بەداخەوە ئەوەی کە هاوڵاتی چاوەڕێی دەکرد، هەموو بیرو بۆچوون‌و پێشبینیەکان پێچەوانە بوونەوەو لە سەدا یەکی ئەو بەڵێنانەی بە هاوڵاتییان درابوو لەپێش هەڵبژاردندا، لەدوای ئەنجامدانی پرۆسەکەش‌و دوای سەرکەوتنی لیستەکەو دوای جێگیربوون‌و بەهێزبوونی ئەم لیستە لەسەروشیانەوە قەڵەوبوونی لایەنە دەسەڵاتدارەکان‌و زۆربونی بودجەی بێسنووری حکومەت، کەچی کارێکی وایان نەکرد کە بەتەنیا بۆ جارێک ویژدانی خۆیان ئاسودە بکەن‌و ئاوڕێک لە کێشەو گرفتی خەڵکی کوردستان بدەنەوە، ئینجا دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی درێژ بەسەر ئەم بارودۆخە تاڵەداو لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا، زۆر ئازادانە دەنگی خۆمان هەڵدەبڕین‌و چەندین پرسیاریش ئاراستەی دەسەڵات‌و حکومەت‌و جەماوەر دەکەین‌و دەپرسین، دەنگ بدەین بەکێ؟

دەنگ بدەین بە مشەخۆرەکان؟ کە جگە لە ماڵوێرانی‌و تێکچوونی ژێرخان و سەرخانی ئەم وڵاتە زیاتر هیچی دیکەی لێنەکەوتەوە. دەنگ بدەین بەکێ؟ دەنگ بدەین بە خاوەن شوقەو ڤێللاکان‌و خاوەن کۆمپانیاو شەریکەکان، ئەوانەی کە باڵیان بەسەر ئەم هەرێمە خێر لەخۆ نەدیوەدا کێشاوە. دەنگ بدەین بەکێ؟ دەنگ بدەین بە شێوازو سیستمی دەسەڵاتی بنەماڵە، ئەوانەی کە لە باب بۆ کوڕو لە کوڕیش بۆ پشتەکانیان پاوان دەکەن. دەنگ بدەین بەکێ؟ بەئەو لایەن‌و پارتە سیاسیانەی کە چەپڵەو دەهۆڵیان بۆ لێدەدەن‌و تەنیا ملکەچی تیکە نان‌و کەمێک لە پارەو پولن. دەنگ بدەین بەکێ؟ دەنگ بدەین بە کۆنە جاش‌و کۆنە بەعسی‌و کاربەدەستە باڵاکانی ڕژێمی گۆڕکراو کە ئێستا لەناو حیزبەکاندا کاردەکەن، ئەوانەی کە زۆربەیان لەم هەرێمەدا پۆستی باشترو بەرزتریان پێدراوەو لە زۆربەی فەرمانگەو بگرە شوێنە گشتی‌و گەشتیارییەکانیش کراون بەڕێوەبەری گشتی. دەنگ بدەین بەکێ؟ دەنگ بدەین بەو لایەنانەی کە مێژووی کوردستانیان ڕەش‌و ڕسوا کردبوو بە پیاوی بێگانە. دەنگ بدەین بەکێ؟ یان دەنگ بدەین بەو کەسانەی کە ئاڵای ئازادیی‌و یەکسانییان هەڵکردووەو غەمخۆرو دڵسۆزو نیشتمانپەروەرن‌و ڕاستگۆو دەستپاک‌و ئەمینن، ئەوانەی کە بە خۆبەخشانەو بەبێ بەرامبەر قۆڵ‌و بازوی شێرانەیان هەڵکردووەو شەوو ڕۆژیان کردووە بەیەک‌و لەسەر ئەرکی خۆیان دەیانەوێت ئەم گەلە خێر لەخۆ نەدیوە لەناو دەم‌و قوتی ئەژدیهاکان دەربهێنن، بەڵێنیان بەم خاکە پیرۆزەو بە خوێنی شەهیدان داوە بۆ ساتێکیش کۆڵ نەدەن تا ئەوکاتەی کە تەواوی مافە زەوتکراوەکانی خەڵکی بۆیان بگەڕێنێتەوە، دەیانەوێت شۆڕشێک لە دژی شۆڕشی گەندەڵی‌و فەسادیی دروستبکەن. ئەوەتا خۆشبەختانە مژدە بە هاوڵاتی‌و تاکی کورد دەدەن، کە چیتر بێدەنگ نابن لەئاست ئەم هەموو کێشەو گرفت‌و گەندەڵییە بێسنوورەی کە هەیە، لەسەر ئەرزی واقیع‌و ڕاشکاوانە دەڵێن لەگەڵ هەر چرکەساتێکی نزیکبوونەوە لە پرۆسەی هەڵبژاردن‌و لەگەڵ هەر ساتەوەختێکی سەر سندوقی دەنگدان... بەشێکی زۆری خەڵک چاوەڕوانن کە دەنگ بدەن بە چارەنووس و بە ئایندەی خۆیان، بەڵام دەنگدانێکی هوشیارانە.

Sardar_kurda73@yahoo.com

# بازرگانی- سیاسەت


مەریوان پەروێز مەریوانی



وەک ئابووریناسێک یەکێک لە بنەماکانی ئەو پسپۆڕییە کە هەموو کەسێک کە لە بازاڕ یان لە بازرگانی یان لە هەر کەرتێکی تایبەت، بەڵکو زۆر کەسی دیکە ئەم بنەمایە دەزانن کە ئیشی بازرگانی پێویستی بە سەرمایەیەکە بۆئەوەی ئیشەکەی بەڕێوەبچێت، ئەو سەرمایەیە پاشکۆی ئەو کەسانەن کە پێیان باشتر بوو کە بەکاریبهێنن بۆ ئەو پرۆژە بازرگانییەی خۆیان، تا بە کاریبهێنن بۆ خۆشگوزەرانی‌و کەیف‌و سەفا، لەدوای ئەوە کە دەستپێدەکەن بە ئیش، چاوەڕوانی وەرگرتنەوەی سەرمایەکەی خۆیان‌و دوای ئەوە بەدەستهێنانی قازانج ئەویش لە بازرگانییەکی ئاسایی، ڕەنگە لەماوەی (٥) ساڵ سەرمایەکەی خۆیان وەربگرنەوەو دوای ئەوە قازانجەکەیان دەستپێدەکات، بەڵام هەندێک لە بازرگانی زیرەک‌و لێهاتوو ڕەنگە بتوانن سەرمایەکەیان وەربگرنەوەو ئەویش بە کەم کەس‌و دەگمەن دەکرێت، لەوبارەیەوە دوو حیزبی دەسەڵات دیارە کە لەماوەی (١٨) ساڵ پسپۆڕییەکی باشیان وەرگرتووە لەو بوارە، ئێستاش بەهەمانشێوە ئەو بنەما بازرگانییە بەکاردەهێنن کە ئێستا هەموومان دەبینین، خەریکی قیرتاوی جادەو ڕێگاوبان‌و بۆیاخی شۆستەکان‌و ڕواندنی دارو درەخت‌و هەوڵدانی تەواوکردنی هەندێک لە پرۆژە لەبیرچووەکان کە چەند ساڵ لەو کاتەی بۆی دانراوە تێپەڕیوە، لەڕاستیدا دەبوایە ئەم چالاکیانە کە ئێستا دەیکەن، لەماوەی ئەم چوار ساڵە، بەڵکو لە (١٨) ساڵی پێشوو بەردەوامبوایە، ئەگەر وابوایە ئێستا کوردستان ئەگەر وەک لوبنان نەبوایە وەک ئەردەن هەر دەبوو لەڕووی خزمەتگوزارییەوە، بەڵام ئەو دوو حیزبە دەسەڵاتدارە خەریکی شتی گەورەتربوون کە نە من‌و نە گەلی کوردستان نەماندەزانی چییە، بەڵام بە بۆنەی نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، ئەو دوو حیزبە کە زانییان ئەمجارە هەڵبژاردنەکە جیاواز دەبێت بە بۆنەی دروستبوونی لیستی گۆڕان، کە دروشمی گۆڕینی سیستمی گەندەڵەو نەهێشتنی کەمتەرخەمی‌و کەموکوڕیی بەرزکردووەتەوە، وادەی هەڵبژاردنیان دواخست‌و دەستیانکرد بە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن لە ڕێگای پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی بەرچاو تا بتوانن زۆرترین دەنگدەر ڕازی بکەن، بەڕاستی زۆر سەرسام‌و موعجەبم بەم بازرگانە لێهاتووانە کە دەزانن پارەکەیان (کە بەڕاستی پارەی میللەتی کوردستانە) لە چ کەرتێک بخەنە ئیش، ئێستا ئەو پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنە کە لەپێش دوو مانگ‌و نیو پێش هەڵبژاردن دەستیپێکردووە، لەدوای هەڵبژاردن بەدڵنیاییەوە دەڵێم ئەم خزمەتگوزارییە، واتە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن دەوەستێت، لە ڕۆژی ٢٠٠٩/١١/١٥ کە ئەوکاتە پێش دوو مانگ‌و نیو لە وادەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەم پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنە دیسان دەستپێدەکات، پێش یەک مانگ لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکان دەستپێدەکات، چونکە هەڵبژاردنی ئەنجومەن چارەنووسساز نییە وەک هەڵبژاردنی پەرلەمان، واتە ئەگەر حسابی بکەین (٦) مانگ ئەو پڕوپاگەندەی خزمەتگوزارییە دەخایەنێت لەناو (٤) ساڵ، واتە خەڵکی کوردستان بۆ ماوەی (٣) ساڵ‌و (٦) مانگ بێ خزمەتگوزاری بە خۆیانەوە دەبینن، ئەگەر بۆ نموونە لە هەر مانگێک (١٠٠) ملیۆن دۆلار بەکاربهێنن بۆ پڕوپاگەندەی خزمەتگوزاریی کە بە تەقدیری خۆم نزیکە لە ئەو پارەیە کە خەرج دەکرێت بۆ ماوەی ئەم پڕوپاگەندەیە، دەکاتە (٦٠٠) ملیۆن دۆلار لەماوەی ئەم (٤) ساڵەی داهاتوو، بەڵام ئەوانیش (مافی ڕەوای خۆیانە) قازانجی خۆیان وەربگرن، ئەویش بەهەمانشێوەیە (١٠٠) ملیۆن دۆلارە بۆ هەر مانگێک بۆ ماوەی (٣) ساڵ‌و (٦) مانگ کە پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن، واتە خزمەتگوزاریی تێدا ناکەن، ئەویش دەکاتە (٤٢) مانگ، واتە (٤٢٠٠٠٠٠٠٠) ملیۆن دۆلار لەماوەی ئەو چوار ساڵەی داهاتوو، ئەویش ئەوە ڕادەگەیەنێت کە ئەم دوو حیزبە بۆ ماوەی (٣) ساڵ‌و (٦) مانگ خەریکی کۆکردنەوەی قازانج دەبن، چونکە سەرمایەکەش کە لەپێشەوە بەکاریان هێنابوو، پرۆژە بازرگانییەکەیان پارەی گەلی کوردستانە، بەدڵنیاییەوە دەبێت هاوڵاتییانی کوردستان بزانن کە ئەم دوو حیزبە دەسەڵاتدارە دەیانتوانی ئەو خزمەتگوزارییەی کە ئێستا دەیبینن، لەماوەی ئەم (٤) ساڵەی پێشوو، بەڵکو (١٨) ساڵەی پێشوو بیانکردایە، ئەویش باشترین بەڵگەیە لەسەر کەمتەرخەمی ئەم دوو حیزبە بەرامبەر بە میللەتی خۆیان،

بۆیە داواکارین لە هاوڵاتییانی کوردستان زۆر بەوریایی بیربکەنەوەو لەکاتی دەنگدان ئەم حساباتە بخەنە بەرچاوی خۆیان‌و بزانن دەنگ بە کێ دەدەن، هیوادارم بەسەرکەوتوویی دەنگ بدەن.

## ئاسۆبینی



# دەرکردن مەدالیای خوێنبەخشین‌و ماندوونەناسی

سۆران عەبدولقادر کۆستە

یادەوەرییەکانی منداڵیمان دەمانهەژێنێت‌و هەمیشەش چەندبارە دەبنەوە، ئای زەمانە، ئایا مێژووە دووبارە دەبێتەوە یان خۆی شتەکانن لەیەکدی دەچن؟ ئەمجارەشیان دڵمان پڕەو کەچی هێشتا دەموچاومان زەردەخەنەی لێدەبارێت، ئەوەش دەرکردن‌و نانبڕینە، میداڵێکی زێڕینی خوێنبەخشین‌و ماندووبوونە لەبەرۆکی هاوڵاتییانی وڵاتەکەمان دەدرێت، ئەمجارەیان خۆمانین، ئای چەند عەیبە خەڵک خۆی میداڵ بدات لە یەخەی خۆی، خەڵکێک ویژدانی بەخەبەردێت‌و ئیدی قبوڵی زەلیلی ناکات‌و نەفرەت لە باو دەکات، داوای گۆڕان دەکات، داوادەکات پرسیار هەبێت، دزو درۆزن سەرزەنشت بکرێن، داوادەکات سەرمەستییەکان سەرمەستی خەمی خەڵک‌و خەیاڵی پڕ ئەندێشەی قوربانیانی گەلێکی بێ وڵات بن، دۆخی ئەمڕۆ بە من دەڵێت بەعس هێشتا لە ناخماندا زرت‌و زیندوو دێت‌و دەچێت، لەیادمە کاتێک باوکم لە کارەکەی لایانبردو بەرەو باشووری عێراق دووریانخستینەوەو هەموومانیان ڕاپێچی (ئۆردوگاکانی عائدوون کرد)، ئەوکاتە هێشتا ئێمە منداڵبووین‌و پەشێو واتەنی (ئەشکی تامی تفت‌و تاڵ بووین)، ئەوکات دوورخستنەوەو لەسەر کار لابردنی باوکمان ببووە میداڵێکی زێڕین بۆمان، لەناو هاوڕێ‌و خزم‌و کەسوکاردا خۆمان بە هەژارییەوە بادەدا، زۆر دڵشادبووین کە بەری خوێن‌و کاری تێکۆشەرەکەی ماڵمان دەرکردن بوو، هەندێکجاریش دڵمان خۆشبوو بێ سەرپەرشت نەکەوتین‌و هەتیو نەبووین، باوکمان دەتوانێت خەیاتی بکات، دەتوانێت دەلاک بێت، دەتوانێت میوەفرۆش بێت، بەڵام سەربەرز بژین‌و کەڵ بژین، ئەمڕۆش تاکە سەرمایەی خێزانی‌و نیشتمانی ئێمە، هەڵوێستەکانی ئەو کاتانەن.

ئەمڕۆ ئاسۆیەک دەبینم پڕە لە ئومێد، کۆمەڵە مۆمێک گەش گەش دەسووتێن، ئەم ئاسۆیە پشتئەستوورە بە دوو ئەزموون، ئەزموونێک شەو کە بەدوایدا ڕۆژێک هەڵدێت‌و مۆمەکانیش شەوێکی روون بەڕێ دەکەن، ئەزموونی دووەم بەری مەدالیا کۆنەکان، ڕاپەڕین‌و هەرێمێکی فیدراڵی بوو، دڵم پڕەو گریانم دێ کە هەمان پرۆسەی بەعسیزم پیادە دەکرێت، پێکەنینم بە دەسەڵاتێکی بەئەزموون دێت، کە نەیتوانی فێربێت دەرکردن‌و نانبڕین‌و چەوساندنەوە تێشووی تێکۆشانە بۆ هەر هێزێکی ئۆپۆزسیۆن، من ڕاهاتووم خەیاڵ نەدوێم داتاو ژمارە حوکمم بکات، بەڵام ئەمڕۆ منیش مرۆڤم‌و هەستێک ڕامدەچەنێنێت‌و یادەوەری منداڵیم بەئاگا دێنێت، بەسەر ناخی خۆما دەچەمێمەوەو خۆم پێناگیرێت، چیدی هەنسکەکانم بە ژمارەو هێماو تیۆر قەتیس ناکرێن.

لەماوەی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا خەڵکی بێسەودای کوردستان بەئێستاشەوە، گیرۆدەی دوو ئیدارەین‌و خەم لە بێ حکومەتی‌و بێ یاسایی‌و بێ دامەزراوەیی دەخۆن، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان یەکێک بووە لەو دوو زلحیزبەی بەشدارییەکی بەرچاوی لە ململانێکانی نزیکەی نیوسەدەی ڕابردوودا کردووە، لە ململانێی خوێنەوە بۆ ململانێی پەرلەمان، ئەو کادیرانەی خوێنیان بە ڕووبارەکەی نیشتمان بەخشیوەو ڕەنجی کاریان بۆ سەرکەوتنەکانی تەرخانکردووە، ئەمڕۆ لە ڕێگای (ی.ن.ک)ەیانەوە خەڵات دەکرێن بە مەدالیای زێڕینی دەرکردن، لەماوەی ڕابردوویدا ئیدارەی سەوز وەک هاوتاکەی ئیدارەی زەرد، بەردەوامبوون لە بێکارکردن‌و ناچارکردنی خەڵکی کوردستان کە کاربکەن لە نێوەندە سیاسییەکانی ئەواندا، هەژدە ساڵە لە کەرت‌و کۆمیتەو ناوچەو مەڵبەندو لقەکان‌و مەکتەبەکاندا، کار بۆ خەڵک دەدۆزرێتەوەو پیشەکەیان دەکرێتە سیاسەت، خەڵک فێردەکرێت کارێکی دیکە نەکات‌و خەریکی ڕتووشی کارەکانی حیزب بێت تا حیزب لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە، ئیدارەی حکومەت هەڵئاوسێنراوە بە کادیری نەشارەزا، سەرئەنجامی سیاسەتی دەنگ کڕین.

دەسەڵاتی کوردی بەرامبەر بێکارکردن‌و دەسنگەخۆرکردنی ئەندام‌و لایەنگرانی حیزبەکان بەرپرسیارێتییەکی گەورەی هەیە، دەسەڵاتی کوردی لەماوەی ڕابردوودا نەک نەیتوانیوە کەرتی تایبەت‌و سەکتەرەکانی بەرهەمهێنان ببووژێنێتەوەو دەرفەتی کار بۆ خەڵک زیادبکات، بەڵکو بە بیانووی جیاجیا خەڵکی کردە لایەنگرو لایەنگری کردە ئەندام، هەمووشیانی فێری کورسی‌و مێزی سیاسەت کردو بێ ئیرادەی کردن لە هەڵوێستەکردن بەرامبەر کردەوەی سەروو خۆیان، چونکە قووتی ڕۆژانەی ماڵ‌و منداڵیان لەسەر حیزب وەستابوو، لەم هاوکێشەیەوە دەریایەک لە نەشارەزایی سیاسی بەدیدەکەم، مێژووی ئەم سیاسەتە جگە لە شکست‌و کەسەر، ئاکامی دیکەی نەبووە، باشترین نموونەش (یەکێتی سۆڤیەت، ئەڵمانیای نازی‌و دیموکراتی، پۆڵۆنیای کۆن، بەعس‌و سیستمە عەرەبییەکانی دیکە... تاد)، ئەمڕۆ ئەو قەیرانەی (ی.ن.ک) ملی پێوەناوە بەرەو پۆلێنێکی دیکەی دەبات، پۆلێنێک بە هەزاران کیلۆمەتر لە دونیای مۆدێرن‌و سۆشیالدیموکرات دووری دەخاتەوە، بەداخەوە جەنگیزخانەکان لە تراژیدیا کۆمیدییەکان ناگەن، ئەوەی بە بەردەمماندا گوزەر دەکات ناودەزڕێنێت، لە بەهاو سیمبول کەمدەکاتەوە، لە فیکرو لێبووردن بێبەشماندەکات. من یەکێتی نیم، بۆ هەرەسی یەکێتیش دڵگران نابم، بەڵام کوردستانیم‌و پێمخۆشبوو پارتە سیاسییەکانی وڵاتەکەم پێش بکەون‌و لێبووردن تێیاندا چەکەرەبکات‌و وەک دروشمەکانیان سەوز بێت، سەوزییەکی ڕاستەقینەو زیندووی ئۆکسجین بەخش، پێمخۆشبوو ململانێکانیان لە پەنابردنە بەر کەرەستەی قێزەون‌و قرچۆک دووربێت، بەڵام کە زۆرهات قەواڵە بەتاڵە، منیش بەدەم گریانەوە وەک منداڵیم پێدەکەنم‌و پێشبینی ئەگەرێکی پڕ ئاستەم دەکەم، (بەم سیاسەتەی لە ناوەندە حیزبی‌و حکومییەکاندا دەستی دراوەتێ، داهاتی خێزان‌و تاکەکەس کورتتر دەهێنێت، ئاستی بژێویی نزم بەرزدەبێتەوە، ئەمەش عەدالەتی دابەشکردن دەخاتەوە ژێر پرسیاری زیاتر، ئەم پرسەش لە پرسێکی خۆبەخۆی حیزبێک دەردەچێت‌و دەچێتە خانەی پرسی بێکارییەوە، دەبێتە پرسی خەڵک‌و بەرپرسیارێتی حکومەت، دواجاریش دەبێت نەوەی نوێ دیسانەوە باجەکەی بدات).



# مرۆڤی بچووک مەنێرنە پەرلەمان

عەزیز رەئووف

**کەسانێکی لاوازو پوت هەڵمەبژێرە تا نوێنەرایەتیت بکەن کە هیچ نیازێکی پاکیان نییە لە بەدی‌و چەپەڵی زیاتر**

**ولیەم رایش**

> **نەگبەتیی هەر کۆمەڵگایەک لەوکاتەوە دەستپێدەکات کە پەرلەمانەکەی لە حکومەت‌و حیزب بێدەسەڵاتتر دەبێت**

پەرلەمان ئەو شوێنەیە کە زۆر بەئاشکرا خەڵک‌و حکومەت بەریەک دەکەون، ئەو شوێنەیە زۆرترین قسەو جیاوازترین بۆچوونی تێدا دەوترێت، پەرلەمان ئەو شوێنەیە کە کارەکتەرەکانی دەنگ بەرزدەکەنەوەو هەر ئەندامێک تێیدا سوورە لەسەر ئەوەی کە بۆچوونی ئەو ڕاستە. پەرلەمان شوێنێک نییە بۆ خەفەکردنی جیاوازییەکان، بەهێندەی ئەوەی کە شوێنێکە بۆ دەرکەوتنی جیاوازییەکان، ئێمە لە هەر شوێنێکی دنیا کۆک بین لەگەڵ ئەوی دیکەدا، ئەوا نابێت لە پەرلەماندا لەسەر هەموو شتەکان کۆک بین.

بەڵام ئەوەی لە ئەزموونی پەرلەمانی ئێمەدا لەماوەی حەڤدە ساڵی ڕابردوودا بەدیکرا، پێچەوانەی زۆرێک لە پەرلەمانەکانی دنیا بوو، ئەوەی لە پەرلەمانی کوردستاندا لە چەند ساڵی ڕابردوودا بینیمان، بریتیبوو لە بێدەنگییەکی کوشندە کە بە سیماش لە پەرلەمانی نەدەکرد. سەرجەم پەرلەمانتاران (ڕێژەیەکی کەمیان نەبێت)، کەمترین جەدەل‌و گفتوگۆیان دەکردو تەنانەت زۆر بە بێتاقەتیش دەستیان هەڵدەبڕی، بەجۆرێک ئەم برادەرانە ئەگەر زۆر نەڕۆم لەماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا کارێکیان کرد کە پەرلەمان زۆر لە حیزب‌و حکومەت بچووکتربێت.

## پەرلەمانتار وەک کارەکتەرێکی کۆمیدیی

لەماوەی چوار ساڵی ڕابردووی ئەم پەرلەمانەی ئێمەدا، چەندین دیمەنمان بەرچاودەکەوت کە تەواو کۆمیدیی بوون، پەرلەمانی ئێمە لە زۆربەی دانیشتنەکانیدا بێتاقەتی‌و خەواڵویی بە ڕوخساری ئەندام پەرلەمانەکانییەوە دەبینرا، بەجۆرێک زۆرجار لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە دەمانبینی کە پەرلەمانتارێک باوێشک دەدات‌و یەکێکی دیکەش سەرگەرمی دەستکاریکردنی مۆبایلەکەیەتی، ئەمانەو چەندین دیمەنی دیکە وامان لێدەکات وەک کارەکتەرێکی کۆمیدیی تەماشای پەرلەمانتار بکەین، کەمێک ڕابچڵەکێین‌و ئینجا لەخۆمان بپرسین خۆ ئەم برادەرانە نوێنەری ئێمەن لە پەرلەمان، ئەمانە وامان لێدەکەن کە بیر لەوەبکەینەوە چ مەخلوقگەلێکی بێدەنگمان ناردووەتە پەرلەمان تا نوێنەرایەتیی ئێمە بکەن.

ئەوەی پەرلەمان دەکاتە شوێنێک بۆ نمایشکردنی کۆمەڵێک کارەکتەری بێدەنگ، کارکردنێتی لەسەر نابووتکردنی پەرلەمان‌و بیربردنەوەی کە ئەو شوێنە پردی پەیوەندیی نێوان دەسەڵات‌و خەڵکە، ئەوەی وادەکات کە پەرلەمان لەجیاتی ئەوەی شوێنێک بێت بۆ ئارگومێنت‌و دیالۆگی جدیی، ببێتە شوێنێک بۆ بێدەنگی‌و کۆدەنگی لەسەر ئەوەی کە هیچ نەڵێین، کاتێکیش پەرلەمان هیچی نەوت، ئەوا دەبێت گومانی لێبکەین کە شوێنێک بێت بۆ گەیاندنی مەسجی خەڵک بە دەسەڵات.

## پەرلەمان، شوێنی مرۆڤە مەزنەکان

پەرلەمان شوێنێکە بۆ محاکەمەکردن‌و لێپرسینەوەی دەسەڵات، ئەو شوێنەیە کە دەسەڵات‌و حیزب سڵی لێدەکەنەوە، بەو پێودانگەی کە پەرلەمان پەنجە دەخاتە سەر برینەکانی دەسەڵات‌و ڕێگرە لەبەردەم هەر هەوڵێکی نێگەتیڤی دەسەڵات بەرەو بەرژەوەندییەکانی خۆی.

بۆیە پەرلەمان شوێنی پیاوە مەزنەکانە، ئەو مرۆڤانەی کە زۆر بەجدیی شەڕ لەسەر داخوازییەکانی خەڵک دەکەن.

نەگبەتیی هەر کۆمەڵگایەک لەوکاتەوە دەستپێدەکات کە پەرلەمانەکەی لە حکومەت‌و حیزب بێدەسەڵاتتر دەبێت. لە هیچ شوێنێکی دنیادا شکنابەین کە حیزب بڕیاری سیاسی بدات‌و دواتر پەرلەمانتار وەک ڕۆبۆت لە پەرلەماندا تەنیا بۆی هەبێت دەست بەرزبکاتەوە.

بۆیە پەرلەمانتاری مەزن ئەو کارەکتەرەیە کە زۆرترین قسەدەکات‌و شەرم ناکات، پەرلەمانتاری شەرمن هەرگیز مەخلوقێکنییەبتوانێتنوێنەرایەتیی ئێمە بکات، لە هەر شوێنێک شەرم بکەین، ئەوا نابێت لە پەرلەماندا وەک کارەکتەرێکی عاقڵ‌و بێدەنگ دابنیشین، پەرلەمان پێویستی بە مرۆڤی عەجول‌و ڕامنەکراوە، پێویستی بە مرۆڤگەلێکی مەزن هەیە کە بتوانن خواستەکانی خەڵک وەک بەرژەوەندیی خۆیان ببینن.

## دەوڵەمەندبوونی کۆمەڵێکی دیکە

لەدوای ڕاپەڕینەوە، هەمیشە ئەو مرۆڤانەی کە بە ناشەرعیی دەوڵەمەندبوون، ئەوانە بوون کە بە تونێلی دەسەڵات‌و پۆستێکی حکومیدا تێپەڕیون، هەمیشە ئەو دەستە سپیانەی کە لەناو ئێمەدا بوون، بەڵام دواجار کە بۆ جارێکی کەمیش بێت چووبێتنە سەر کورسیی پۆستێک، ئەوا لەپڕدا بوون بە کارەکتەرێکی دیکەو وردەوردە لە کۆڵانەکانی خەڵک دوورکەوتوونەتەوە، پەرلەمانی کوردستان ڕێک بەرهەمی ئەو دۆخەیەو شوێنێک بووە بۆ قەڵەوکردنی کۆمەڵە خەڵێک‌و دەوڵەمەندکردن‌و دوورخستنەوەیان لە شەقامەکان، بەپێچەوانەوە دەبوو پەرلەمان شوێنێک بێت بۆ گەیاندنی پەیامی کۆڵانەکانمان بە حکومەت، نەک شوێنێک بۆ دوورخستنەوەی ئەو برادەرانەی کە هەر لەسەرەتاوە بە بێدەنگییان لەناو پەرلەماندا، وایان لێکردین کە پەنجەی خۆمان بگەزین‌و بڵێین: گەلۆ ئێمە چ مەخلوگەلێکی بێباکمان هەڵبژاردووەو ناردوومانەتە پەرلەمان.

بۆیە من هەر لەسەرەتاوە بەگومانم لە زۆرێک لە لیستەکانی لەمەڕ خۆمان کە بەردەوامن لەسەر ناردنی کادیری گوێڕایەڵ بۆ پەرلەمان، بەگومانم لەوەی کە دەبیستم حیزب بەردەوامە لەسەر ئەوەی کە کوڕو کچەکانی خۆی بنێرێتە پەرلەمان‌و باشیش دەزانێت ئەو کارەکتەرانە زۆر لەوە بێدەنگترن کە خەڵک چاوەڕێیان دەکات.

## مرۆڤی بچووک، لیستی بچووک

لێرەوە چەندە خەڵک زەرەرمەند دەبێت لە چوونی مرۆڤی بچووک بۆ پەرلەمان، بارتەقای ئەوەش لیستەکان زەرەمەندی گەورە دەبن، ئیدی ئێمە لە قۆناغێکدا دەژین کە پێویستمان بە مرۆڤی مەزن‌و قسەکەر هەیە لە پەرلەمان، چەندە مرۆڤی بچووک پەرلەمان نابووت دەکات، بارتەقای ئەوەش ئەو لیست‌و حیزبانەش لەناو خەڵکدا نابووت دەکەن کە کار لەسەر مرۆڤە بچووکەکان دەکەن‌و مرۆڤە گەورەکانی خۆیان (ئەگەر هەیانبێت)، سەپرێس دەکەن‌و نایان نێرنە پەرلەمان.

دواجار ئەگەر گەرەکمانە پەرلەمانێکمان هەبێت هی خەڵک بێت‌و بۆ خەڵک بێت، دەبێت هەر لیست‌و لایەنێکی سیاسی کار لەسەر ئەو مرۆڤانە بکات کە دەتوانن نوێنەری خەڵک بن، ئەگەر نا، ئەوا خۆمان لەبەردەم پەرلەمانێکدا دەبینینەوە، هیچ نابێت جگە لە شوێنێک بۆ قەڵەوبوونی کۆمەڵە کەسێک‌و دەوڵەمەندبوونی کۆمەڵە پەرلەمانتارێک کە جگە لە بێدەنگی، هیچی دیکەیان لێ چاوەڕێ ناکرێت.

Azizrauf2003@yahoo.com

# یەکێتی مامۆستایان‌و پێویستی نوێبوونەوە

مامۆستا محەمەد شەریف

ڕێکخراوی پیشەیی (یەکێتی مامۆستایانی کوردستان)، وەک نەریتێکی ساڵانە لە یادی دامەزراندنیدا بە ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری پەروەردەو بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی سلێمانی‌و کادیرانی دیکەی بواری پەروەردە، ڕۆژی (٢٠٠٩/٥/١٦) لە هۆڵی ڕۆشنبیریی سلێمانی، یادی چلوحەوتەمین ساڵەی دامەزراندنی ڕێکخراوەکەی کردەوە.

ئەمساڵ جیاواز لە ساڵانی دیکە، ڕێژەیەکی زۆرکەم لە مامۆستایان بەشداریی ئەو بۆنەیەیان کرد، لەکاتێکدا (یەکێتی مامۆستایانی کوردستان) یەکێکە لەو ڕێکخراوە پیشەییانەی کە زۆرترین ئەندامی هەیە.

بەڵام ڕێکخراوەکە لە ئێستادا بەئاراستەیەکدادەڕوات کە ڕێژەیەکی زۆر لە متمانەی مامۆستایانی لەدەستداوە، ئەو ڕۆڵ‌و پێگەیەی کە لە دەیەکانی کۆتایی سەدەی ڕابردوودا هەیبووە، وەک سەروەرییەک باسدەکرێن‌و ڕۆڵ‌و کاریگەریی ڕێکخراوەکە لەنێو مامۆستایاندا خەریکە بە بنبەست بگات، بەوپێیەی کە ستافی ئێستای (یەکێتی مامۆستایان) لەئاستی خواست‌و داواکارییەکانی مامۆستایاندا نین.

ڕێکخراوەکە بەتەواوی مانا پێویستی بە نوێبوونەوەو گۆڕانی بنچینەیی هەیە لەبواری کارگێڕی‌و ستراتیژی کارکردنیدا، هەروەک بەڕێز وەزیری پەروەردە هەمان ڕۆژ لە وتارەکەیدا ئاماژەی بەوەدا کە «یەکێتی مامۆستایان لەبیری گۆڕان‌و نوێبوونەوەدابن‌و بەئەندامبوونی مامۆستایانیش لە ڕێکخراوەکە، ئارەزوومەندانە بێت».

لەبەر ڕۆشنایی سەرەتای ئەو ڕاستیانەدا، (یەکێتی مامۆستایانی کوردستان) وەک ڕێکخراوێکی پیشەیی هەتادێت ئەرکی سەرشانی سەنگینترو خواستی پیشەیی لەسەری زیاتر دەبێت، کە بێگومان لەناو فەزایەکی نوێی پەروەردەو بارێکی بابەتی نوێدا پرۆسەی گۆڕانی هەمەلایەنە لە توانست‌و خولیاکانی مامۆستایاندا بەدیدێت، یەکێتی مامۆستایان بۆ تێپەڕاندنی دروشمەکانی‌و ڕەنگدانەوەی دروشمەکان لەسەر سەکۆی خەباتی ڕاستەقینەی پیشەیی، دەبێت هەوڵی نوێبوونەوەی بدرێت، ڕێکخراوەکە زیاتر کارابکرێت وەک هەوڵێکی بوێرانە لەپێناو بەرەوپێشبردنی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن‌و خزمەتکردن بە نەوەی نوێی گەلەکەمان.

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
**بانگەوازی ئاشکرا ٤٤٢ — R٥**

پرۆژە: پرۆژەی ئیش و کاری ترافیک بۆ هەردوو بەکتربڕی (سید علی + ئاوارە) لە رانیە (دووبارە).

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٩/٦/١ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٩/٦/٤ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٦/١٤ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٦/١٤ کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٩) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٣٠٠٠٠٠٠) سێ ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**دانا احمد مجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

---

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
**بانگەوازی ئاشکرا ٦٦٣ — R١**

پرۆژە: گەیاندنی کارەبا بۆ باڵەخانەکانی راپەڕین.

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٩/٦/١ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٩/٦/٤ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٦/١٤ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٦/١٤ کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٨) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٧٠٠٠٠٠٠) حەوت ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**دانا احمد مجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

---

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
**بانگەوازی ئاشکرا ٦٦٠ — R٥**

پرۆژە: گەیاندنی کارەبا بۆ گەڕەکی ئاشتی لە قەڵادزێ.

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٩/٦/١ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٩/٦/٤ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٦/١٤ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٦/١٤ کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٧) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (١٣٠٠٠٠٠٠) سیانزە ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**دانا احمد مجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

---

هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی دادوەری
دادگای بەرایی لە رانیە
ژمارە/ ١٨٣/ب/٢٠٠٩
بەروار/ ٢٠٠٩/٥/٢١

ئاگاداری

بۆ داوالێکراو/ محمد علی امین ـ حاجیاوا ـ راپەڕین ـ شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە لەکاتی ئێستادا

داواکار (عبدالله حمە عبدالله) داوای ژمارە (١٨٣/ب/٢٠٠٩) لەم دادگایە لەسەری تۆمار کردووی کە تیایدا داوای تۆمارکردنی موڵکی ژمارە (١/٥٤٣٩)م ٣٦ میرەبگ دەکات بە ناویەوە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بەپێی نوسراوی بنکەی پۆلیسی حاجیاوا بە ژمارە (١٧٩٩) رۆژی ٢٠٠٩/٥/١٨ و پشتگیری ئەنجومەنی شارەوانی حاجیاوا ژمارە (١٠٥٢) لە بەرواری ٢٠٠٩/٥/١٨، بۆیە دادگا بڕیاری دا بە ئاگادار کردنەوەت بەهۆی دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆیەوە کە لە بەرواری ٢٠٠٩/٦/٤ دانرا بۆ دادبینی لەم دادگایە کە خۆت یان بریکارێکی یاسایت ئامادە بێ بە پێچەوانەوە داواکەر ئەبینرێت بەپێی یاسا.

دادوەر
کمال عبدالله رفیق

---

دادگای باری کەسێتی دەربەندیخان
ژمارە/ ٣٢/ش/٢٠٠٨
بەروار/ ٢٠٠٩/٥/١٣
ئاگاداری

بۆ داوا لەسەرکراو (شادی صالح باهر) دانیشتووی شاری سلێمانی/ پێشتر وە ئێستا شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە.

ئەم دادگایە بڕیاری نائامادەیی لە داوای ژمارە (٣٢/ش/٢٠٠٨) دەرکرد لە بەرواری ٢٠٠٨/٧/٣ سەبارەت بە پەسەندکردنی تەڵاقی دەرەکی لەنێوان تۆو هاوسەرەکەت داواکار (لقمان سلام احمد) لە بەرواری شەوی ٢ ـ ٣ ـ ٢٠٠٨/٣/٣ (دوو لەسەر سێی/ سێی ساڵی ٢٠٠٨) لە دەرەوەی دادگا تەڵاقی داوی وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارەو لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانی بۆیە بڕیاردرا بە ئاگادارکردنەوەت لەرێگەی دوو رۆژنامەی رۆژانەی ناوخۆییەوە کە مافی تانەدان (الاعتراض) یان (تمیز) کردنەوەت هەیە لە ماوەی یاساییدا وە بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی کۆتایی وەردەگرێت.

**القاضی**
**اکرم عباس حمە**

---

## ونبوون

مۆڵەتێکی شۆفێری تایبەت بەناوی (عمار محمد صدیق عبدالعزیز) ونبووە هەرکەسێک دۆزییەوە پەیوەندی بکات بە ژمارە مۆبایلی (٠٧٧٠١٤٩٧١٨٥)

---

وەزارەتی ناوخۆ
پارێزگای سلێمانی
کارگێری خۆجێیەتی / بەڕێوەبەرێتی پلان و بەدواداچوون
**بانگەوازی ئاشکرا ٦٦١ — R٣**

پرۆژە: دروستکردنی یاریگای تۆپی پێ بۆ بەشی ناوخۆی کەلار لە کەلار.

* پارێزگای سلێمانی ئاگاداری سەرجەم بەڵێندەرو کۆمپانیاکان دەکات کە تەندەری پرۆژەی ناوبراو هەیە بۆ جێبەجێ کردن سەردانی فەرمانگەکەمان (کارگێڕیو خۆجێیەتی) لە تەلاری جەمالی حاجی عەلی نهۆمی (٥) لەسەر شەقامی سەرەکی سالم بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر.
* وەرگرتنی تەندەر لە رۆژی ٢٠٠٩/٦/١ دەست پێ دەکات تا رۆژی ٢٠٠٩/٦/١ کاتژمێر (٩)ی سەر لەبەیانی تا ١٢ی نیوەڕۆ.
* دوارۆژی گەڕانەوەی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٦/١٤ کاتژمێر ٩ی سەرلەبەیانی تا ١٠ی نیوەڕۆ بۆ کارگێری خۆجێیەتی
* رۆژی کردنەوەو ئاشکراکردنی تەندەر رۆژی ٢٠٠٩/٦/١٤ کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ.

مەرجەکانی بەشداری کردن:
١- پێویستە ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پلەی پۆلێن کردنیان (١ تا ٨) بێت، پێناسەی (یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان و وەزارەتی پلاندانانی هەولێر)یان پێبێت.
٢- ئەو بەڵێندەرو کۆمپانیایەی کەلە دەرەوەی هەرێمن پێویستە پشتگیری تۆمارکردنی پێبێت لەلایەن (بەرێوەبەری گشتی بازرگانیەوە).
٣- هیچ تەندەرێک دوای کاتی دیاری کراو وەرناگیرێتو سندوقی تەندەر دادەخرێت.
٤- بڕی تەئمینات بەپێی یاساو رێنماییەکان دەبێت، بەبڕی پارەی دیاری کراو بە چەکێکی پەسەند کراو (مصدق) یان (خطاب ضمان) بە بڕی (٧٠٠٠٠٠٠) حەوت ملیۆن دینار وەردەگیرێت بۆ ٣٠ رۆژ کە دەبێت لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر ئامادەبێت.
٥- پێویستە بەڵێندەرو کۆمپانیا بەشداربووەکان ئامادەی پرۆسەی کردنەوەی تەندەربن یان نوێنەرێک دیاری بکەن بۆ ئەو مەبەستە بەپێچەوانەوە تەندەرەکانیان ناکرێتەوە.
٦- ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەشداری دەکەن لەبانگهێشتەکەدا پێویستە ئەستۆپاکی باجی دەرامەتیان پێ بدرێت بۆساڵی نوێ و پێناسەیان پێبێت.
٧- وەرگرتنی تەندەر بەرامبەر (١٥٠٠٠) پانزە هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە دەکەوێتە سەر ئەو کەسەی کە تەندەرەکەی بۆ دەردەچێت.
٨- ئەو کەرەستانەی کە پشکنینی هەیە پێویست بۆی ئەنجام بدرێت بە ئامادەبوونی لایەنی پەیوەندی دار.
٩- بەڵێندەر لیستی ئەو کارانەی کە ئەنجامی داوە پێش کەشی بکات لەگەڵ پشتگیری لایەنی سوودمەند وە لەگەڵ بەرنامەی کاری بەپێی ماوەکەی (جدول تقدم العمل) لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا تەندەر ناکرێتەوە.
١٠- نوێنەری کۆمپانیا دەبێت نوسراوی فەرمی نوێنەرایەتی پێ بێت.
١١- بەڵێندەر مافی بەشداربوونی نابێ لە کاتی نەبوونی مەرجەکاندا.

**دانا احمد مجید**
**پارێزگاری سلێمانی**

---

هەرێمی کوردستان/ عێراق — ژمارە/ ١٠٦٧/ب/٢٠٠٩
ئەنجومەنی دادوەری — رێکەوت: ٢٠٠٩/٥/٢٦
دادگای بەرایی سلێمانی/ ٣
اقلیم کوردستان/ العراق
مجلس القچاو
محکمە بداوە السلیمانیە/ ٣
ئاگاداری

بۆ داوا لەسەرکراو (یادگار رزگار محمد) شوێنی نیشتەجێی ئێستات نادیارە داواکار (احمد حمە علی حمە کریم) داوای ژمارە (١٠٦٧/ب/٢٠٠٩) لە بەرواری (٢٠٠٩/٤/٢٩) لە سەرت تۆمارکردووە لەبەردەم ئەم دادگایە وە تێیدا هاتووە کە تۆ قەرزداری پێی بە بڕی (٢٧٥٠٠) دۆلاری ئەمریکی هەرچەندە داوای لێ کردویتەوە، بەڵام تۆ بۆت نەگەڕاندووەتەوە، ئێستا داوا دەکات لە دادگا بۆ بانگهێشت کردنت بۆ دادبینی و پاشان بڕیاردان بە پابەند کردنت بە دانەوەی ئەو بڕە پارەیە لەگەڵ گرتنە ئەستۆت بۆ هەموو تێچوونی دادگاییەکە.

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت لەم کاتەدا نادیارە وەک لە روونکردنەوەو ئاگادار کەرەوەی دادوەری دا هاتووە. پشت راستکراوەی موختاری گەڕەک (کارێزە وشک) لەبەر ئەوە بڕیاردرا بە ئاگادارکردنەوەت لە رێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆی رۆژانە ئامادە بونت لە سەرلەبەیانی رۆژی دادبینی رێکەوتی (٢٠٠٩/٦/٢٣) لەبەردەم ئەم دادگایەوە یان ناردنی نوێنەری یاسا بە پێچەوانەوە دادبینی دەکرێت بە مافت بە نادیارو ئاشکرا بەپێی بنەماکان...

دادوەر
هاشم عبدالحامد حمە سعید

---

حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی داد
دادنووسی سلێمانی/ یەک
بەروار: ٢٠٠٩/٥/٤
ئاگاداریو بڵاوکردنەوە

تۆمارکردنی ئامێری کارگەی محمدی بۆ دروستکردنی نان و کولێرەی ئێرانی لە کوردستات بە گوێرەی داواکاری لە لایەن بەڕێز (کامران عمر نوری)

لە رۆژی (٢٠٠٩/٤/٢٨) کە تیایدا داوای کردووە ئەم ئامێرانەی خوارەوە بە ناویەوە بۆ تۆمار بکەین. جا هەرکەس پەیوەندی هەیە پێیانەوە با بێتە لامان وە بەڵگەنامەی رەسمی بهێنێت تا ماوەی (١٥) رۆژ لە بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریەوە لە رۆژنامەدا تاوەکو کارەکە رابگرین وە بە پێچەوانەوە ئێمە ناچار ئەبین کە ئەو ئامێرانە تۆمار بکەین بە ناویانەوە بە گوێرەی یاسای تۆمارکردنی ئامێر، ژمارە (٢٥) ساڵی (١٩٥٢) وە بروانامەی تۆمارکردنی ئەدریتی.

دادنووسی سلێمانی
ئامێرەکان:
١ ـ ئامێری فرنی دوار دروستکراوی ئێرانی(٢،٥) گن بێ ژمارە کارەبای و گازی
٢- ئامێری هەویر شێل (٨٠ کلغم) دروستکراوی ئێرانی بێ ژمارە.
٣- ئامێری پانکردنەوەی گونک دروستکراوی ئێرانی بێ ژمارە کارەبایی.
٤- ئامێری مۆلیدەی کارەبایی (گازی) جۆری kipor بێ ژمارە (٣٠) ئەمپێر.

دادوەر
قادر بارام فتاح

---

**خاوەنی ئیمتیاز:**
**کۆمپانیای وشە**

**سەرنووسەر:**
**عەدنان عوسمان**
ednan.rozhnama@yahoo.com – adnan@rozhnama.com

بەڕێوەبەری نووسین
**ئاودێر شێخ عومەر**
awder.sh.omer@gmail.com

دەستـــەی نووســـەران
**سیروان رەشید** ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
**فازڵ نەجیب** ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
**هیوا جەمال** ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
**فرمان عەبدولڕەحمان** ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com


ب. ئۆفیسی هەولێر
**ئیبراهیم عەلی**
٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ – ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

**دابەشکردن:**
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ – ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

**ئۆفیسی سەرەکیی:**
سلێمانی – بەختیاری – پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

**ئۆفیسی هەولێر:**
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر



# پـــەرکـــەم

**پشکۆ ناکام**

هێشتا زۆری مابوو کە بە ڕەسمیی وادەی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن دەستپێبکات، (قازو قولنگەکانی) دەسەڵات کەوتنە هێرش‌و پەلاماری لیست‌و قەوارە سەربەخۆکان، لەم بوارەشدا (لیستی گۆڕان) بەشی شێری ئەو هێرشانەی بەرکەوتووەو بەردەکەوێت.

لەم هەڵمەتەی دەسەڵات دەیان لق‌و مەڵبەندو ناوچەو کەرت‌و لەت‌و شانەو ئاوێنە تێیدا بەشدارە، چوار کەناڵی تەلەفزیۆنی‌و دەیان ڕۆژنامەو چەندین رادیۆش چالاکن لە هێرشەکان، جگە لەو هەموو (کۆڕ)و کۆبوونەوانەی لە ژماردن نایەن، بەرپرسی واهەیە لە یەک ڕۆژدا فریای دوو کۆڕو سێ کۆبوونەوە دەکەوێت، کە تێیاندا بە (پەخشانە هەڵبژاردن) پڕوپاگەندەیەکی زۆر بۆخۆیان‌و لەوەش زیاتر دژی (لیستی گۆڕان) دەکات، بەشێوەیەک کە لە زۆربەی مەبەستەکاندا مەبەستێک بە زەقی دەبینرێت، ئەویش ئەوەیە (لیستی گۆڕان) مەترسییە بۆ سەر ئەزموونی هەرێم، هێندە بە خەستی باسی لێوە دەکرێت، کە ئەگەر کەسێک ئاگاداری ڕووداوەکان نەبێت، وادەزانێت کە:

- بۆردومانکردنی سنوورەکانی هەرێم، کاری (تۆپە دوور هاوێژەکانی گردەکەیە)!!!

- فەشەلکردنی هەموو گرێبەستە ئاشکراو نهێنییەکانی هەرێم بۆ ناردنی نەوت بۆ دەرەوە، گوناهەکەی (گردەکەیە) کە ژێربەژێر لەگەڵ (شەهرستانی) ڕێککەوتووە کە نابێت بکرێت.

- نەبوونی (کەرتی کشتوکاڵ) لە هەرێم‌و وشکبوونەوەی بازاڕەکانی هەرێم لە بەروبوومی ناوخۆیی کشتوکاڵ، هۆیەکەی (گردەکەیە) کە دەستیگرتووە بەسەر هەموو تراکتۆرو ئامێرەکانی دیکەی کشتوکاڵدا و فەردە تۆوەکان و بەربوومەکانی دیکەدا، تا هیچ نەچێنرێت!

- بەشێکی زۆری بودجە (٩) ملیاردە، بۆیە دەچێت بۆ مووچەی فەرمانبەران، چونکە ئەو فەرمانبەرانە (لە ژێرەوە) سەر بە گردەکەن‌و خۆیان دامەزراندووە تا بودجەکە کەمبێتەوەو بەشی (خزمەتگوزاریی) نەکات!!

- کەرتی پیشەسازیی هەرێم بۆیە داتەپیوە، چونکە بازرگان‌و کۆمپانیا گەورەکانی سەر بە (گردەکە) کاڵا لە دەرەوەی هەرێم دەهێنن، تا ئەزموونی هەرێم لە بواری پیشەسازیدا شکست بهێنێت.

مایەی بەزەییە کە دەسەڵاتێکی واگەورەو گران، دەستی چەوری کەموکوڕیی‌و ئەزمەیەک لەدوای یەکەکانی بە خەڵک‌و لایەنی دیکە بسڕێت، لەبەردەم هەڵبژاردن‌و گۆڕانکارییە حەتمیەکانی، دەسەڵات بەجۆرێک (پەرکەم)ی گرتووە کە جاری واهەیە لە تەسریحەکانیدا لە بیری چووەتەوە کە ماوەیەک بەر لەوە شتێکی وتووە کە پێچەوانەی ئەوەی ئێستایەتی، لەم یەک دوو ڕۆژەدا دەسەڵات دەڵێت کە (نابێت وەرزش وەک کەناڵێکی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن بەکاربێت)، هەر هەمان سەرچاوەی دەسەڵات بوو کە دە ڕۆژێک لەمەوپێش لە کۆبوونەوەیەکی تیپە وەرزشییە میللییەکاندا وتی (ئێمە بە هەزاران دۆلار دەدەین بە ئێوە، تەنیا (یەک) دەنگمان لە ئێوە دەوێت)!! دەبێت ئەو سەرلێشیواوییە چەند کاریگەربێت کە دەسەڵات لە کەمتر لە دوو هەفتەدا دوو لێدوانی دژ بەیەک بدات!!

هەر ئەم دەسەڵاتە بوو کە دەیووت (ریفۆرم)و (لیستی گۆڕان) ویستویانە (کودەتا) بکەن‌و بە پاچ‌و خاکەناز دەسەڵات بڕوخێنن، بەڵام دەبینین چۆن دەسەڵات کەوتووەتە دەرکردن‌و نانبڕینی کادیرەکان، لەبەرئەوەی (لە ژێرەوە) کار بۆ لیستی (گۆڕان) دەکەن، هەموو دەزانین (دەرکردن‌و نانبڕین) شێوازێکی کودەتایە، مەرج نییە هەموو کودەتایەک بە تانک‌و تەیارە بێت، دەرکردن‌و (بێ بژێوی)کردنیش دەچێتە خانەی (تصفیە)ی بەرامبەر، ئیتر بۆ کەسانی ناوخۆ یان دەرەوەی خۆت بێت.

(پەرکەم)ەکەی دەسەڵات لەوەش دەرچووە کە ئاگای لە (لێدوانەکان)ی بێت، بەرپرسەکانی دەسەڵات کە دەیانوت گردو لیستەکەی زۆر کەمن! بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن! کەس لە دەوریان کۆنابێتەوە! هێندەی ئیسلامییەکانیش جەماوەریان نییە! بەڵام کاتێک کەوتنە بڕیاری شۆڕشگێڕانەی (سوسیال-دیموکرات) ئاسا!! بە دەرکردنی لایەنگرانی گردو لیستەکە، بینییان کە لە تەنیا کەرتێک بە دەیان کادیرو کەسانی دلسۆزو خەمخۆری ئایندە، وازدەهێنن‌و بەئاشکرا دەڵێن ئێمە کار بۆ لیستی گۆڕان دەکەین.

ئەم پەرکەمەی دەسەڵات تووشی بوون، حساباتی قاسەکانیشی لێ تێکداوە، ئەوەتا پاش چوار ساڵ لە بێ دەنگی، لەبەردەم پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنی ئەمساڵدا، وەعدی هەزاران پڕۆژەو سەدان کارگەو چەند سەدێک‌و پردو ڕێگاو قوتابخانەو دامەزراندنی هەموو بێ کارەکانی هەرێم‌و زیادکردنی مووچەو بەخشینەوەی هەرسێ (پ)یەکە، پلەو پایەو پارە دەدات بە خەڵک، تەنیا بەرامبەر بە (دەنگێک)، ئەگەر هەرێم ئەو هەموو ئەم کەموکوڕییانەی هەبێت کە ئێستا دەسەڵات هەستیپێکردووە، ئەی بۆ لەم چوار ساڵەدا باسی لێوە نەکراوە؟ یان پەرکەمەکەیەو هەستکردنە بەوەی کە چیتر خەڵک چەواشە ناکرێت.

> **دەسەڵات بەجۆرێک دەیەوێت کە هەرچی چۆنێک بێت، وا لە کۆمەڵانی خەڵک بگەیەنێت کە زۆر پەرۆشی خزمەتکردن‌و هێنانەدی پڕۆژەکانە، کە ئاکامێکی کۆمیدیانەی هەیە**

- دەسەڵات بەجۆرێک دەیەوێت کە هەرچی چۆنێک بێت، وا لە کۆمەڵانی خەڵک بگەیەنێت کە زۆر پەرۆشی خزمەتکردن‌و هێنانەدی پڕۆژەکانە، کە ئاکامێکی کۆمیدیانەی هەیە، هەر بۆ نموونە لەم چەند شەوانەی ڕابردوو لە کەناڵێکی سەر بە دەسەڵات لەپێش هەواڵەکان، پڕۆژەیەکی قیرتاوکردنی یەکێک لە ڕێگاوبانەکانی نیشاندا، هەر دوای هەواڵەکان دەربارەی هەمان پرۆژە ریپۆرتاژێکی بڵاوکردەوە، بەڵام ئەمجارەیان باسی ئەوسەری ڕێگاکەی دەکردو پێش هەواڵەکان باسی ئەو سەرەکەی دیکەی ڕێگاکە بوو!!

- پەرکەمی هەڵبژاردن وای لە دەسەڵات کردووە کە تەنانەت لە بەراوردکردنەکانیشیدا تووشی هەڵە ببێت، سەبارەت بە پارە (پێش هەڵبژاردن)!!و پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن، دەسەڵات وڵاتی (ڕۆمانیا) بە نموونە دەهێنێتەوەو بەراوردی لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی هەرێمدا دەکات، دەسەڵات ئاگاداری ئەوە نییە کە (ڕۆمانیا) یەکێکە لە هەرە وڵاتە گەندەڵەکانی ئەوروپا، هەر لە زەمانی حوکمی کۆمۆنیستی‌و ئێستاش، دیارە دەسەڵات جورئەتی نەکردووە کە سەیری وڵاتانی ئەولای (رومانیا) بکات‌و بەروراردی بکات بە (هەرێم)، چونکە دەزانێت ئەوکاتە شوێنەواری پەرکەمەکە گەورەتر دەبینرێت.

- پەرکەمی هەڵبژاردن، داهێنانێکی تازەی هێناوەتە کایەوە کە بە داهێنانی (دووی منیش) ناودەبرێت، لەپێش هەڵبژاردن ئەگەر هەرکەس‌و لاوو عەشیرەت‌و گروپێک پێداویستییەکیان هەبێت، ئەوا دەسەڵات دووی خۆشی دەخاتەسەر، بۆیە ئەگەر لەبەردەم ماڵێکدا (٣) ئۆتۆمبێلت بینی، ئەوا دووانیان هی (دووی منیش)ەکەیە، یان ئەگەر (خانوویەکی ٣ قاتت) بینی، ئەوا دوو قاتیان دیاری دەسەڵاتە لەسەر نەزەرییەی (دووی منیش)، بەڵام نازانین ئاخۆ ئەو داهێنانە (ژنهێنان)یش دەگرێتەوە!!

---

# کوا ئەوانەی داکۆکیکارن لە زیندانی سیاسیی؟

## کوا کۆمکاری ڕێکخراوی دیموکراتی بۆ بەدیهێنانی مافەکانی زیندانیانی سیاسیی؟

**ڕێبوار حەسەن موسا**

دوای ڕاپەڕین‌و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، گەلێک کۆمەڵەو دەستەی جیاواز بۆ چین‌و توێژە کۆمەڵایەتییەکان دامەزراون، لەناوئەوانیشدا کۆمەڵەی زیندانیانی سیاسیی کوردستان، بەڵام دوای نزیکەی (١٦) ساڵ نەتوانراوە ئەو زیندانییە سیاسیانەی کوردستان بە مافە یاساییەکانی خۆیان بگەن، دەسەڵاتی سیاسیی هەرێمی کوردستان ڕێی گرت لەو مافە یاساییانەی کە لە یاساکانی پەرلەمانی کوردستاندا بۆی بەدەستهاتووە، لەوانە حسابکردنی فیعلی ماوەی زیندان بۆ هەر لە زیندانییەکی سیاسیی، وەک بەشێک لە خەبات بۆ خزمەتکردنی فەرمانبەری دەوڵەت، هەروەها ئەو مافانەی لە قانوونی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بڕیاری لێدراوە، لە (١٥) پارێزگای عێراق جێبەجێکراوە تەنیا لە (٣) پارێزگای هەرێم نەبێت، پرسیار ئەوەیە، کێ ڕێگرە لەم مافەو دابینکردنی؟

ئەگەر حکومەتی عێراق ڕێگرە، ئەی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان وەک مافێکی هاوڵاتییانی ناو هەرێم بۆ لەگەڵ حکومەتی ناوەندی یەکلایی ناکاتەوەو بەشێوەیەکی یاسایی‌و ڕەسمیی ڕایبگەیەنێت، یان هەموو جارێک خۆیان دەدزنەوە لە مەسئولیاتی کێشەی هاوڵاتییان، من حکومەت‌و پەرلەمانێکم بۆچییە کە داکۆکی لە ماف‌و داخوازیەکانم نەکات‌و هەر بە زیندوویی بیانخاتە چاڵەوە، یان هەروەک حکومەتی ناوەندو موئەسەسەی زیندانییە سیاسییەکانی عێراق دەڵێن، مافە مادییەکانتان لای حکومەتی هەرێمەو لەسەر بودجەی ١٧٪ حکومەتی هەرێمی کوردستان زیندانیانی سیاسیی بێبەشکردووە. سەیر لەوەدایە کە بەڕێوەبەرێتییە بێ ڕۆح‌و بێ ئیش‌و چەقبەستووەکە کە وەزارەتی شەهیدان‌و ئەنفالکراوەکان ناوی ناوە بەڕێوەبەرێتی زیندانی سیاسیی، هیچ بەدواداچوونێکی بۆ ئەو حەقە نەکردووەو هیچ ڕاگەیاندنێکی لەم بارەیەوە بڵاونەکردووەتەوە، ئەو دەزگا چەقبەستووە قەت نابێت بە مەرجەعی کاروباری زیندانی سیاسیی. لێرەدا دێمەوە سەر باسی ڕێکخراوی بەناو کۆمکاری زیندانییە سیاسیەکان کە بە موحاسەسەی حیزبی دانراون نە بە فعلی کار بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی زیندانی سیاسی دەکەن دانراون بە بە فعلی کار بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی زیندانی سیاسیی دەکەن نە ئیشی جدیی بەدواداچوونیان بۆ کردووە، بەڵام لەکاتێکدا لەناو ڕادیۆو ڕۆژنامەکاندا دەڵێن ئەوا مافەکەنمان وەرگرت‌و کارەکان هەمووی تەواوبوو، وەک حیکایەتی مێش‌و بێ ماناو فریودراوانە کاردەکەن، یان هەندێک کەس ڕەجعیانەو نامەسئولانە لە ڕۆژنامەکاندا شتیان بۆ بڵاودەکاتەوە، هەروەک چۆن لە سەردەمی بەعسدا بە شان‌و باڵی پاشایان هەڵدەدا، ئەم برادەرەش درێخی نەکردووە لە پیاهەڵدانی بەرزراگرتنی ئەو ستافەی کە خەریکی ئەم مەسەلەیە بوون، بۆیە شتێکی سەیروسەمەرەیە، هێشتا هیچ نەکراوەو هیچیشیان نەکردووەو هیچیشیان بۆ ناکرێت، بۆی نوسیوین ئەوا هەموو شتێکمان تەواوکردو بەمزووانە هەموو زیندانییەک دەگات بە ماف‌و ئیمتیازەکانی، ئای کە وانییە، زۆر بەداخەوە ستافی کۆمکاری زیندانی سیاسی ئەرکیان هەر بووەتە پێناس دروستکردن، تەنانەت ڕەخنەو لێکدانەوەی سادەشیان نییە بۆ حکومەت‌و دەسەڵات، لەو بارەیەشەوە بوون‌و نەبوونیان بەلای زیندانی سیاسییەوە وەک یەک وایە، وەک بۆ ئەوە دروستکرابن ڕێبگرن لەبەردەم مافەکانی زیندانی سیاسی، نەک ئامرازی دابینکردنی مافەکان بن.

سەیرە زیندانی سیاسی مابێت دوای (١٦) ساڵ لە بوونی ئەو ڕێکخراوە، بە دابینکەرو شەرعی بزانێت، دواتریش هەندێک دەستەی دیکە بەحساب بۆ داکۆکیکردن لە مافی زیندانی سیاسی کەوتنەکار، کەچی ئەو هەموو بەیان‌و قسەو باسانەیان بۆ ئەوە بوو خۆیان وەک پاڵەوانی نێو ڕاگەیاندنەکان بناسێنن‌و بەکورتی بۆ دەرکەوتنی خۆیان نوقتەیان بۆ زیندانی سیاسی نەخستە سەر حەرف‌و ویستیان ببنە مەرجەع، بەڵام هەر زوو پوکانەوە،

کۆڵیش نادەن لەوەی کە مایەپووچ بوون‌و دەیانەوێت بە زۆرەملێ ببنە شەرعی‌و ڕێگای شەرعی ڕاستەقینە لە کەسی زیندانی سیاسی تێک بدەن، بۆیە من لێرە دەڵێم، بەسە بۆ ئێوەش ئەوەندەن یاری بە شعوری زیندانی سیاسی مەکەن، بە قسەی باق‌و بریق زیندانیانی سیاسی بەرەو کەناری پووکانەوەو مردن مەبەن.

سەیر لەوەدایە کە دەکەونە قسە لە کەناڵی تەلەفزیۆن یان ڕۆژنامە، بەناوی هەموو زیندانیانی سیاسی قسەدەکەن وەکو وابێت هەموو زیندانی سیاسی عەبدی ئەمان بێت، بێ بنەما خۆیان کردووە بە دەمڕاستی هەموو زیندانیان، کەچی بە فیعلی کە قسەیان لەگەڵدا دەکەین، هەموو هاژو هوژەکەیان بەس بەرژەوەندی شەخسی‌و خۆدەرخستنەو هیچی دیکە، بۆیە ئەگەر ئەوانەی لەسەر سیاسەت‌و کوردو کوردستان لای دامودەزگاکانی ڕژێمی بەعس گیران‌و زیندانی کران‌و ناونران زیندانی سیاسی‌و خاوەنی ئەو ناوەن، نابێت جارێکی دیکە بەو قسە باق‌و بریقانە بخەڵەتێن‌و واز لە پرۆژەو ئامانجێکی نەزۆک بهێنن‌و ڕووبکەنە ئەو بیرۆکەیەی کە ئێستا لەئارادایە، نەک ئامانجی زیندانی سیاسی، بەڵکو سەرتاپای ئەو ئەداو ئەو سیستمە بگۆڕێت کە ڕێگرە لەبەردەم جێبەجێکردنی ماف‌و ئاوات‌و ئامانجی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.

ئێمە کە زیندانیانی سیاسیی کوردستانین، دەبێت لەگەڵ بەرەیەکدابین کە هەڵگری خەم‌و خەونی ڕاستەقینەی گەلەکەمان بێت. زیندانی سیاسی نابێت هەر بیر لە خۆی بکاتەوە، ئەگەر بیر لە سەرتاپای کۆمەڵگا نەکاتەوە بۆ بەدەستهێنانی ماف، خاوەنی ئەو ناوە نییە کە لێی نراوە، ئێمە بە قسە شەهیدی زیندووین، بەڵام لەمڕۆی کوردستاندا بە کردەوەش شەهیدی زیندووین، مەحرومین لە هەموو ماف‌و حەق‌و ئیمتیازێک، خەڵکی دیکەش زیندووی زیندووەو هەمیشە لە گەشتوگوزاری سیاسی‌و سیاحیدایەو هیچیشی بۆ کوردستان نەکردووە، بۆیە مرۆڤی باوەڕدارو خاوەن عەقڵ دووجار لە یەک کاتدا سەری ناشکێنێت، مرۆڤی باوەڕدار دووجار لە دۆزەخدا ناسوتێ.

ئەگەر جاران یارییان بە هەست‌و شعورمان دەکرد، ئەمڕۆ ڕێ نادەین بەهیچ گروپ‌و لایەنێک یاری بە عەقڵمان بکات‌و لە ئایندەشدا ئەو مافانەی کە دەمانەوێت بە هەوڵدان‌و تێکۆشانی ڕاستەقینە بەدی دەهێنین، بۆیە داوکارم لە سەرجەم زیندانیانی سیاسی بەڕێز کە ئەمڕۆ هەلێکی مێژوویی لەبەردەستدایە بۆ گۆڕانکاری هەموو دیاردەیەکی ناشرین‌و دزێوی ناو میللەتەکەمان، هەموو گەندەڵی‌و خۆفەرزکردن بەسەر میللەتدا، تکایە ئەم دەرفەتە لەکیس خۆتان مەدەن، با بە هەمووڵامان هەوڵی گۆڕانی سەرتاسەری بکەین لە کوردستاندا بۆ خۆشگوزەرانکردنی خەڵکی ئازیزو خۆشەویستی کوردستان، بۆ گەڕاندنەوەی خەندەی سەر لێوی منداڵە جوانەکان، بۆ بەدیهێنان‌و خۆشگوزەرانی هەموو فەردێکی ئەم کوردستانە بێ جیاوازی.



# ئایا پارتی قبوڵ دەکات؟

گۆران محەمەد

لەم ڕۆژانەدا قسەکردن لەسەر ئەوەیە یەکێتی بۆیە د.بەرهەم ساڵحی خستووەتە نێو لیستی پاڵێوراوانی بۆ پەرلەمانی کوردستان، تا لە بەغدا دەستلەکاربکێشێتەوەو لە هەولێر ببێتە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەو پرسیارەی لێرەدا دێتە پێشەوە، ئایا پارتی بەوە ڕازی دەبێت؟ ئایا یەکێتی هەمان یەکێتی پێش دروستبوونی لیستی گۆڕانە لەلایەن نەوشیروان مستەفاوە، کە پێدەچێت ٣٠٪ی دەنگەکانی یەکێتی ببات؟ ئایا پارتی هەستدەکات لەماوەی سەرۆکایەتییەکەی بۆ کابینەی پێنجەم، دەسەڵاتی لە سلێمانیش ئەوەبووە کە سەرۆکایەتی حکومەتی بەدەستەوەیە؟

بەپێی لێدوانەکانی ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتی لەوانەش فەرید ئەسەسەرد، پێش ڕاگەیاندنی لیستی گۆڕان بەشێوەیەکی فەرمی، وتی (زۆر لە قاعیدەی یەکێتی دەنگ دەداتە لیستی نەوشیروان مستەفا)، ئەوەی زۆر بەئاشکرا لە ڕۆژنامەی (ڕووداو)دا وت. دەوترێت ئێستا بەپێی ڕاپرسیو بەدواداچوونێکی سەنتەری ستراتیژی کوردستان کە ئەسەسەرد سەرپەرشتی دەکاتو بڵاونەکراوەتەوە، دۆخی لیستی گۆڕان لە سلێمانی باشە، لێرەدا جگە لەوەی کە پارتی پێدەچێت باش لە حساباتەکانی سەرکەوتوو نەبووبێت لە داغڵبوون بە وەک یەکی لە ژمارەی کورسییەکاندا لە پەرلەمان، کە تائێستا کەسانی ناو یەکێتیش گومان دەکەن پارتی بەوە ڕازی بووبێت، چونکە لیستی گۆڕان هێندە حساب گۆڕە، بەڕادەیەک یەکێتی پێش دروستبوونو پاش دروستبوونی لیستی گۆڕان، دوو یەکێتی جیاوازن، جگە لەوەش وەک بازرگانێکی نزیکی سەرکردایەتی یەکێتی دەیوت، ئەوە ناچێتە مێشکەوە، چونکە من زۆر لە ئەندامانی یەکێتی دەبینم دەڵێن، یەکێتی وەک یەکی ژمارەی کورسییەکانی لە پەرلەماندا بە یەک لیستی لەگەڵ پارتیدا مسۆگەر کردووە، بۆیە ئێمە دەنگ نادەینە ئەو لیستەی یەکێتی لەگەڵ پارتی، دەنگ دەدەینە لیستی نەوشیروان مستەفا.

زۆر کەس لەو باوەڕەدابوون کە ئەنجومەنی وەزیرانی یەکگرتووی کوردستان، ناتوانێت دوای ئەو چەندان ساڵە لە شەڕی ناوخۆو دوو حکومەتی، بە گونجاوییو بێ کێشە لە ئەنجومەنی وەزیراندا لە هەولێر کۆببێتەوە، بەڵام ئەنجومەنی وەزیران کە نێچیرڤان بارزانی ئەو قۆناغەی بە سەرکەوتووانە تێپەڕاند، لە ئەنجومەنی وەزیران لە هەولێر پێکەوەیەکی هەستنەکراو بە دووبەرەکی هەبوو، بەشێوەیەک نێچیرڤان بارزانی زیاتر لەوەزیرانی پارتی، خاتری وەزیرانی یەکێتی دەگرت، ئەوە وەک گلەییەک زۆرجار لە پارتییەکان دەبیسترا، چاودێران پێیانوایە ئێستاش هەندێک پرۆژە هەن کە ستراتیژین بۆ کوردستان، هێشتا لەسەرەتاو نیوەڕێدان، ئەو پرۆژانە بە هەولێرێکی بەهێزی بێ دووبەرەکی دەکرێن، گرەنتی ئەو بێ دووبەرەکییەش، مانەوەی نێچیرڤان بارزانییە کە سەلماندی بەرژەوەندی لایەنەکەی دیکە دەپارێزێتو پارتیش نەیدەتوانی دەست لە کاروبارەکەی وەربدات، بەڵام حکومەتێکی دیکە ئەو شانسەی نابێت، بەتایبەتیش کە نێچیرڤان بارزانی لە دەرەوەش بووەتە وێنەیەکی ئەبستراکتی حکومەت نەک حیزبەکەی.

پرسیارەکە ئەوەیە، هێشتا زوو نییە بۆ دەستلەکارکێشانەوەی د.بەرهەم ساڵح لە بەغدا، کە بۆ مام جەلال پێویستە لە بەغدابێتو بۆ کوردستان پێویستە کەسێکی دوور لە ململانێی ناوخۆیی حیزبی لە هەولێر بێت؟ یەکێتیو پارتی ئەوەیان بڕاندووەتەوە، دۆخەکە ئاڵۆزەو لای یەکێتیو پارتییە.







www.netewe.com

# قاچاخچیانی خواردنەوە کحوولییەکانی نێوان عێراق و ئێران، ڕووبەڕووی مەرگ دەبنەوە

ل ٦

PIRD
پرد
ڕۆژنامە
٨ لاپەڕە
وەرگێڕان ـ دیمانەو لێکۆڵینەوەی سیاسی

ژمـارە (478) پێنجشەممە 2009/5/28

# سیستمی سیاسی کوردستان لە گۆڕانێکی چارەنووسسازدا

ل ٣




## مردنێکی جوان

شاڵاو فەتاح

«لەڕووم نایەت خۆم پیشانی خەڵک بدەم، شەرمەزارم لەبەردەم هاولاتییاندا، ببورن بێهیوامکردن، خەڵکێکی زۆر ئازاریان کێشا بەهۆی منەوە، قەرزاری زۆر خەڵکم، هەموو ژیانم بووەتە بار بەسەر خەڵکەوە، تەنانەت ناتوانم بخوێنمەوەو بنووسم، خەمبار مەبن، لۆمەی کەس مەکەن، ئەمە چارەنوسە، عەزابێکی بێپایان دەچێژم، هیلاکم لە ژیان، تکایە جەستەم بسووتێننو کێلێکی بچووکم لەنزیک ماڵەوە بۆ دابنێن».

ئەمە بەشێکە لە نامەکەی رۆە مـوو هیون، سەرۆکی پێشووی کۆریای باشوور، کە رۆژی شەممە (٢٠٠٩/٥/٢٣) لەسەر شاخێکی نزیک شوێنی لەدایکبوونیەوە خۆی فڕێدایە خوارەوە. پاش ئەوەی (١٠) سەعات پرسیاری لێکرا لەلایەن لێکۆڵەرەکانەوە لەسەر گەندەڵیی، دواتر ئیعتیرافی کرد. هیون بە هەژاریی گەورەبوو، بانگەشەکارێکی دیموکراسیو دژەگەندەڵی بوو، شانازیی بە پاکیو ناگەندەڵبوونی خۆیەوە دەکرد، زۆربەی کات لەگەڵ لادێییەکاندا وەک کەسێکی سادە دادەنیشتو وەک پیاوێکی ڕۆمانسی جگەرەی دەکێشا، زۆری ویست تا بگاتە (کۆشکی شین)ی سەرۆکایەتیو بەرگرییەکی زۆریشی کرد لە عەدالەت، شەڕێکی نەبڕاوەی بۆ کراوەنەوە کرد. جەنگاوەرێک بوو بۆ شەڕی گەندەڵەکان خولقابوو، بەڵام هەموو ئەمانە بەشێکی چیرۆکی ئەون.

دوای ئەوەی تۆمەتبارکرا بە گەندەڵی بە تۆمەتی «پارەدان بە ژنەکەیو خزمێکی نزیکی»، لە سەرەتادا ئەو تۆمەتانەی ڕەتـدەکـردەوەو دەیـوت ئەو بڕە پارەیەی بۆ «وەبەرهێنانێکی یاسایی» سەرفکردووە، دوای ئەوەی لێکۆڵینەوەکان چڕبوونەوە، دوای ئەوەی بەڵگەکان یەکبەدواییەک خرانەڕوو، ئیعتیرافی کرد، بەڵام ئیعتیرافکردنەکەی ئەوە نەبوو بڵێت گەندەڵی لە هەموو وڵاتانی دنیادا بوونی هەیە (بەڵام بە ڕێژەی جیاواز)، یان شێلگیرانە نەیوت (هەموو کەس گەندەڵە)، ڕەخنەی لە ڕۆژنامەنووسەکان نەگرتو هەڕەشەی کوشتنی لە کەس نەکرد، بەڵکو هـەردوای ئەوەی لێکۆڵینەوەکان گەیشتنە بنبەست، بۆ سەفەر ڕۆیشتە سەر شاخێکی بەرز، نزیک لەو گوندەی لێی لەدایکبووە، سەفەری ئەویش (وەک بەرپرسانی خۆمان)، بۆ رزگاربوون بوو لە راپۆرتەکانی ڕۆژنامەنووسانو «قسەو قسەلۆک»ی جەماوەر، بەڵام رزگاربوونی ئەو رزگاربوونێک نەبوو بە پێکێک مەیو پەیماندانێکی خەڵەتێنەر، رزگاربوونی ئەو ڕێزگرتنێکی یەکجارەکی بوو لە راستی. ئەو دوای ئەوەی ئیعتیرافی بەوەکرد کە هیلاک بووە لە شاردنەوەی راستییەکانو چیدی ناتوانێت ڕووبەڕووی خەڵک بووەستێتەوە، خۆی کوشت، پێش مەرگیشی لە ئینتەرنێتداو بۆئەوەی هەموو جیهان بزانێت، نووسی «من هیچی دیکە وتەبێژی دیموکراسی نیم، چیتر بەرگریکاری عەدالەت نیم»، بەڵکو «حەقتانە فڕێمبدەنە دەرەوە». ئەو ژیانێکی جوان نەژیا، بەڵام حەقە بڵێین مردنێکی جوان مرد.

هیون خۆی مردنی هەڵبژارد، بەڵام ئەوە هەر خۆی نەبوو کە هەڵبژاردەکەی پێ هەڵبژاردو پێیشی جێبەجێکرد، ئەوە دەوڵەتی یاساو بوونی بەدواداچوونو دەزگای لێپرسینەوە بوو کە مردنی بەخشییە کەسێک کە قوتی میللەتەکەی بەخشیبووە بنەماڵەکەیو کەسە نزیکەکانی. لێرەدا حەقی خۆیەتی بپرسین تاچەند سەرۆکەکانی خۆمان ئامادەن جۆرە مردنێکی لەوشێوەیە بمرن، دیارە لێرەدا مەبەستمان مردنێکی فیزیکی نییە، هێندەی مەبەستم شەرمکردنە لەئاست جەماوەرو داننانە بە راستییە تاڵەکانداو گێڕانەوەی یەکبەیەکی چیرۆکە نائاساییەکانی فێڵو خەڵەتاندنەکانە، وەها مەرگێک هەرچەندە زۆریش درەنـگو زۆر بریندارەکەرە، بەڵام جوانیی خۆی لەدەستنادات.

# ئەلجەزیرە: کوردستانی عێراق خۆی ئامادە دەکات بۆ ململانێیەکی چارەنووساز لەسەر سیستمی سیاسی هەرێمەکە

ئا:عەبدوڵڵا عومەر

ماڵپەری ئەلجەزیرە لە راپۆرتێکیدا باس لە هەڵبژاردنە چاوەڕوانکراوەکەی مانگی تەمموزی داهاتووی کوردستان دەکات‌و بە (ململانێیەکی چارەنووسساز لە هەمبەر شـێـوەی داهـاتـووی سیستمی سیاسی هەرێمەکە) ناوی دەبات.

راپۆرتەکە ئاماژە بەوە دەکـات، لەپاش نزیکەی (١٨) سـاڵ لەئەنجامدانی یەکەم هەڵبژاردن لە هەرێمەکەدا، ئەمە بۆ یەکەمینجارە رکابەر بۆ هـەردوو سەرکردە دیارەکەی هەرێمی کوردستان (جەلال تاڵەبانی‌و مەسعود بارزانی) دروستدەبێت.

هەر وەک ئاماژە بە هەڕەشەکردنی مەسعود بارزانی لە ئامۆزاکەی خۆی (عەبدولموسەوەر بارزانی) کە ئێستا لە سلێمانییە، دەکات.

لـەسـەرەتـادا راپـۆرتـەکـە دەڵـێـت (ئەو هەڵبژاردنە سەرۆکایەتی‌و پەرلەمانییەی بڕیارە لە هەرێمە کوردییەکەدا ئەنجامبدرێت، پرسیاری قـورس سەبارەت بە داهاتووی سیستمی سیاسی هەرێمەکە دەوروژێنێت)،

راپۆرتەکە ئاماژە بەوە دەکات، هەریەک لە (هەلۆ ئیبراهیم ئەحمەدو کەمال میراودەلی)




بۆ رکابەریکردنی مەسعود بـارزانـی لە سەرۆکایەتی هەرێمدا خۆیان کاندید کردووەو چاوەڕێدەکرێت کاندیدی دیکەش هەبن، بۆیە راپۆرتەکە پێیوایە، (ئەمە بۆ یەکەمینجارە کوردەکان زاتی ئەوە دەکەن لە گوێڕایەڵی هـەردوو سەرکردە مام جـەلال‌و مەسعود بارزانی دەربچن.

پاشان راپۆرتەکە ئاماژە بە بوونی سێ لیستی جیاواز لە هەڵبژاردنەکاندا دەکات‌و دەڵێت (جگە لە لیستەکەی یەکێتی‌و پارتی کە بڕیاریانداوە پێکەوە بەشداری هەڵبژاردن بکەن، سێ لیستی دیکەش بەشداری هەڵبژاردنەکە دەکەن، لەنێویاندا لیستی (گۆڕان) کە جێگری پێشووی جەلال تاڵەبانی (نەوشیروان مستەفا) کە پێش دوو ساڵ لە تاڵەبانی جیابووەوە، سەرۆکایەتی دەکات).

راپۆرتەکە باس لە بێبەشکردنی قادر عەزیز سەرۆکی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان دەکـات لە بودجەی حیزبەکان لەلایەن حکومەتەوە، کاتێک بڕیاریدابوو بەتەنیا بەشداری هەڵبژاردنەکان بکات کە دواتر لەگەڵ سێ حیزبی دیکەدا لیستی پێکهێنا، هەروەک ئاماژە بـەوەش دەکـات، کە قادر عەزیز لە ئەندامێتی لیژنەی مادەی (١٤٠)ی تایبەت بە کەرکوکیش لابراوە.

لە کۆتاییدا ئەو راپۆرتە کە فازیل مشعەل لە بەغداوە ئامادەی کردووە، باس لە لیستەکەی عەبدولموسەوەر بارزانی وەک یەکێک لە لیستە جێ باسەکان دەکـات‌و ئاماژە بەوە دەکات (عەبدولموسەوەر بارزانی، ئامۆزای مەسعود بـارزانـی، پاش هەڕەشەلێکردنی لەلایەن مەسعود بارزانییەوە بەهۆی هەڵگەڕانەوەی لێی، ناوچەکانی هەولێری ژێر دەسەڵاتی پارتی بەجێهێشتووەو رووی لە سلێمانی کردووە، ئێستا سەرۆکایەتی لیستێک بەناوی لیستی (چاکسازی کوردستانی) دەکـات‌و زۆرێک لە خزمە هەڵگەڕاوەکانی مەسعود بارزانی لەخۆدەگرێت‌و خۆیان بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا ئامادە کردووە).

# میسر؛ پێگەی پەیامەکەی ئۆباما

ئا: ئارام شێخ وەسانی

دوای ئـەو هەڵوێستە نێگەتیڤانەی لەماوەی سەرۆکایەتیی دەسەڵاتی جۆرج بوشدا دروستبوو لەنێوان ئەمریکاو جیهانی ئیسلامیدا، بەتایبەت سەبارەت بە پشتگیرییە گـەورەکـەی ئـیـدارەی بـوش لە ئیسرائیل بەرامبەر شەڕی غەزەو سوکایەتیکردن بە بەندکراوەکانی گوانتانامۆ، کە هەموویان بەندکراوی مسوڵمانن‌و لە چوارچێوەی شەڕی دژەتیرۆردا دەستگیرکراون، هەروەها شەڕ لە عێراق‌و ئەفغانستان وەک دوو دەوڵەتی گەورەی ئیسلامیی، ئاماژەی روون‌و گەورەن بۆ دژایەتیی ئەمریکا بەرامبەر بە جیهانی ئیسلامیی.

لەکاتی خۆکاندیدکردنیداو یەکێک لە بەڵێنەکانی ئۆباما ئەوەبوو کە ئەگەر وەک سـەرۆکـی ئەمریکا دەستبەکاربێت، ئەوا سیاسەتێکی جیاواز بەرامبەر جیهانی ئیسلامیی دەگرێتەبەر، لەو چوارچێوەیەشدا بڕیاربوو لە یەکێک لە گەشتەکانیدا بۆ وڵاتانی ئیسلامیی، پەیامێک پێشکەش بە جیهانی ئیسلامیی بکات کە تێیدا باس لەو سیاسەتە تازەیە دەکات کە بەرامبەر جیهانی ئیسلامیی پێشکەشی دەکات وەک سەرۆکی ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا.

پێشبینی دەکرێت لە سەردانەکەی ئۆباما بۆ میسر، لە سەرەتای مانگی داهاتوودا ئەو پەیامە پێشکەش بە دنیای ئیسلامیی بکات، وتەبێژی کۆشکی سپی، رۆبـەرت گیبس بۆ رۆژنامەوانان رایگەیاند، میسر شوێنی ئـەو پەیامەیە کە سـەرۆک ئۆباما بڕیارە پێشکەش بە دنیای ئیسلامیی بکات، ئەمە لەکاتێکدا کە جیهانی ئیسلامیی چاوەڕێی ئەو



هەنگاوانەیە کە بڕیارە ئۆباما بەرامبەر جیهانی ئیسلامیی پەیڕەوی بکات، بۆ ئەو مەبەستەش چاودێریی کراوەتە سەر پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل‌و فەلەستینییەکان‌و پێگەی ئەمریکا لەو پەیوەندیانەدا، هەڵبژاردنی میسر بۆ ئەو گرنگییە هاوبەش‌و کاریگەرە دەگەڕێتەوە کە چەندین ساڵە میسر هەیەتی بەرامبەر ئەمریکاو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی، بەشێوەیەکی گشتی میسر بریتییە لە هاوسەنگیی گەورەی ئاشتیی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست‌و وڵاتی گەورەی ناوچەکەیە، هەروەها پەیوەندیشی لەگەڵ ئەمریکا زۆر بەهێزە، هەم لەڕووی یارمەتیدانی سەربازیی‌و هەم لەڕووی ئابووری‌و زۆرترین هاوڵاتی میسریی نیشتەجێی ئەمریکان. بەڵام سەبارەت بە هەڵبژاردنی میسر، رۆبەرت گیبس ئاماژەی بە هەندێک شتی دیکە کرد، گیبس وتی: «میسر لە چەندین لاوە بەدڵی وڵاتانی عەرەبی ئەژمار دەکرێت لە ناوچەکە، هەروەها بۆئەوەی پەیامەکە زۆرترین کاریگەریی هەبێت سەبارەت بە گرنگیی مافەکانی مـرۆڤ لە ناوچەکەدا، هەروەها ویستی سەرۆک ئۆباماو گرنگیی میسر لەناو جیهانی ئیسلامیدا بە گشتی هۆکارێکی دیکەیە». بەڵام باڵیۆزی میسر، سەمیح شوکری سەبارەت بە پەیامەکەی ئۆباماو هەڵبژاردنی میسر بۆ ئەو پەیامە، بۆ رۆژنامەوانان وتی: «گرنگیی میسرو گەورەیی ئەو وڵاتە لـەڕووی دانیشتووان‌و هەبوونی پەیوەندییەکی توندوتۆڵ، وایان لە سەرۆک ئۆباما کردووە کە میسر هەڵبژێرێت، هەروەها گرنگیی میسر لە جیهانی تازەی ئیسلامیی‌و رووی راستەقینەی ئیسلام‌و میانڕەوی کە لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی دەوڵەتی میسر رەنگیداوەتەوە، ئەمەش فاکتەرێکی دیکەیە، هیواداریشم ئەو پەیامەی سـەرۆک ئۆباما ببێتە سەرەتای پەیوەندییەکی تازەو بەهێزی ئەمریکاو وڵاتانی ئیسلامیی، چونکە زۆر گرنگە لەئێستادا پەیوەندییەک دروستبێت لەنێوان وڵاتانی ئیسلامیی‌و ئەمریکادا لەسەر بنەمای لەیەک تێگەیشتن‌و رێزگرتن لەیەکتری، بۆ ئەو مەبەستەش میسر ئامادەباشیی تەواوی تێدایە بۆ هاوکاریکردن‌و هەنگاونان لەگەڵ ئەمریکا بۆ ئەو بابەتە گرنگە».

هەڵبژاردنی میسر بۆ پەیامەکەی ئۆباما، لەکاتێکدایە کە لەساڵی ٢٠٠٥دا، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، کۆندا لیزا رایس پەیامێکی هاوشێوەی لە قاهیرە پێشکەشکرد، لە چوارچێوەی ئەجێندای بوش کە بریتیبوو لە پـرۆژەی دیموکراسی بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.

لەلایەکی دیکەوە، میسر لەم چەند ساڵەی رابردوودا بەپێی راپۆرتەکانی مافی مرۆڤ لە ناوچەکە، زۆرترین پێشێلکاریی ئەنجامداوە، رووبـەری ئازادیی بەشێوەیەکی بەرچاو کەمبووەتەوە، رێژەیەکی زۆری بێتاوان لە بەندیخانەکاندان، سانسۆرێکی زۆر لەسەر بۆچوونی شەقام هەیە، لەلایەکی دیکەوە میسر بۆئەوەی دەنگی نارەزاییە ناوخۆییەکان کەمبکاتەوە، لەماوەی رابردوودا ئەیمەن نوری بەرهەڵستکارو سەرکردەی ئۆپۆزسیۆنی میسری ئازادکرد.

رێکخراوی ئەمنیستی ئەنتەرناسیۆنال لە دوا راپۆرتی خۆیدا باس لەوەدەکات کە چەندین حاڵەتی پێشێلکاریی دژ بە مافەکانی مرۆڤ ئەنجامدراون، لەوانە مردن لە بەندیخانەکان‌و دەستگیرکردنی هاوڵاتییان بەهۆی بیروڕای سیاسی‌و ئایینی‌و نادادوەریی باری دادگاکان‌و چەندین پێشێلکاریی دیکە، بەرپرسێکی رێکخراوەکە سەبارەت بە سەردانەکەی ئۆباماو هەڵبژاردنی میسر بۆ پەیامەکەی، رایگەیاند: کێشە لەوەدانییە کە سەرۆک ئۆباما بۆ میسری هەڵبژاردووە، بەڵام گرنگ ئەوەیە لەناو پەیامەکەیدا ئاماژە بە رەوشی مافەکانی مرۆڤ بکرێت لە ناوچەکەو بەتایبەت کێشەی نێوان ئیسرائیل‌و فەلەستینییەکان.

هەر سەبارەت بە هەوڵەکانی ئۆباماو ئاشتبوونەوە لەگەڵ جیهانی ئیسلامیی، حوسنی مـوبـارەک، سەرۆکی میسر، لە لێدوانێکیدا کە سایتی رۆیتەرز بڵاویکردەوە، پشتگیریی تەواوی خۆی بۆ هەوڵەکانی ئۆباما دەربـڕی‌و وتی: «پەیڕەوی سەرۆکی نوێی ئەمریکا جیاوازە لـەوەی پێشوو کە بوش رابەرایەتی دەکـرد، چونکە بوش لەماوەی هەشت ساڵی دەسەڵاتیدا هیچ پێشکەوتنێکی بەدەست نەهێنا لە دۆسیەی ئاشتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵام هیوام هەیە کە هەوڵەکانی ئۆباما جیاوازبن‌و هیواداریشم ئەنجامیان هەبێت».

**سەرچاوە: تودەی زمان+ رۆیتەرز**

# بۆچی کورد لە ئاوابوونی سیستمی تەوافوقی دەترسێت؟



**پرد**

لە چەند ڕۆژی رابـردوودا مالیکی لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا ئاماژەی بەوەکرد، کە چیتر عێراق پێویستی بە تەوافوق نەماوەو پێویستە هەموو لایەنێک بەرمەبنای ئیستیحقاقی دیموکراسیانەی هەڵبژاردن، پۆستە سیاسییو حکومیەکان بەدەست بهێنێت.

ئەم وتەیەی مالیکی هەر زوو لەلایەن سەرکردایەتی کوردەوە ڕەتکرایەوەو جارێکی دیکە دووپـاتـی سیستمی تەوافوقی کرایەوەو بە زەرورەتێکی ئەم قۆناغە وەسفکرا.

پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە، بۆچی کـورد داکـۆکـی لە سیستمی تەوافوقی دەکات؟ وەڵامەکە ئاشکرایە، چونکە دەزانێت پێناچێت لەمەودوا لە عێراقدا سندوقەکانی هەڵبژاردن قورساییبوونی کورد بەرجەستە بکەن، ئەویش لەبەر ئەو ئەزموونە ناشرینەی کە سیاسییەکانی هــەردوو حیزبی دەســەڵاتـدار لە عێراقو کوردستان تۆماریانکردووە، بەشێوەیەک نەک پێکهاتەو نەتەوە غەیرە کوردەکانی لە خۆی ڕەنجاندووە، بەڵکو هاوڵاتییانی کـوردیـشـی کـیـنـەدڵ کـــردووەو تا سەرئێسقان تـووشـی بـێ هیوایی کردوون، دەنا ئەگەر هێزێک متمانەی بە خـۆی هەبێتو دڵنیابێت لـەوەی لانیکەمی هاوڵاتییانی جنسەکەی خۆی لەگەڵیایەتی، بەڵام شەش ساڵ زەمەنێکەو کە هاونیشتمانیانی کورد دەبینن سەرکردایەتییەکەی جگە لە بەرژەوەندییە تایبەتەکانی خۆی، هیچی بۆ خزمەتی نەتەوایەتی نەکردووە، ئامادە نییە مافی نوێنەرایەتیکردنی بداتێ، بەڵام گریمان بۆ عێراقی ئێستا سیستمی تەوافوق یەکێکە لە زەرورەتە حەتمییەکان بۆ بەڕێوەبردنی وڵات، بەوپێیەی لە پێکهاتەی نەتەوەییو ئایینیو مەزهەبی جیاواز پێکهاتووە، ئەی دەبێت بۆ هەرێمی کوردستان سیستمی تەوافوقی چ گرنگییەکی هەبێت؟ لەکاتێکدا هەموومان یەک نەتەوەو یەک ئایینو تەنانەت یەک مەزهەبیشین!

یەکێتیو پارتی تەنیا لە عێراقدا داوای تـەوافـوق ناکەن، بەڵکو ئەو گوتارەیان لەنێو ململانێ سیاسییەکانی خودی هەرێمیشدا بە زەرورەت وەسف دەکەن، وەک ئاماژەمان پێدا ئەگەر بۆ عێراق تەوافوق زەرورەت بێت، ئەوا بۆ هەرێم تەوافوق سیستمێکی ئێکسپایەرە، بـەهـای دیموکراسیەتو پرۆسەی هەڵبژاردنەکان نەک کەمدەکاتەوە، بەڵکو هەر ناشیهێڵێت.

مالیکییەک لەنێو مۆزایکێکی نەتەوەییو مەزهەبی جیاوازدا، ئامادەیە ئیستیحقاقی دیموکراسیانەو پرۆسەی ئینتیخابات بکاتە سەنگی مەحەک، بەڵام یەکێتیو پارتی بە بڕوبیانوی لاوازەوە بۆ هەرێمێکی یەک ڕەنگو یەک نەتەوە تەوافوق بە پێویست دەزانن، کە دڵنیام تەوافوق بە نیسبەت پارتیو یەکێتییەوە ترسە لە دۆڕانو ترسە لە قبوڵ نەکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، بۆیە ئامادەن نەک (١٨) ساڵ، بەڵکو سەدەیەکیش بە برابەشی ئیمتیازاتەکانی بە پاساوی تەوافوقەوە دابەشبکەن، لەولاشەوە لافو گەزافی دیموکراسیەت لێبدەن.

ئەزموونی شەش ساڵەی عێراق لـەمـەشـدا پـێـش هـەرێـم کـەوت کە هەوڵدەدات ئەرزش بۆ سندوقەکانی دەنـگـدان بگێڕێتەوەو کۆتایی بە سیستمی تەوافوق بهێنێت، بەڵام پارتیو یەکێـی ئامادەنین هەرگیز واز لەو سیستمە بهێنن، مەتەڵەکەش ئاشکرایە، چونکە تەوافوق هێزی مانەوەیان لەنێو هاوکێشە سیاسییەکاندا دەهێڵێتەوە بۆ برابەشکردنی ئیمتیازە مـادیو مەعنەوییەکانی دەسەڵات.

# لەیلا زانا، سیاسەتمەدارێکی نەوەستاو



ئا: ئارام شێخ وەسانی

## دوا بۆچوونەکانی زانا

هەفتەی رابردوو لە زانکۆی بلیندرەن لە پایتەختی نەرویج لەسەر داوای کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان، لەیلا زانا کۆڕێکی بۆ سازکرا، زانا لە کۆڕەکەیدا چەندین بابەتی گرنگی وروژاندو چەندین سەرەداوی پڕ گفتوگۆی کردەوە، وتارەکەی زانا لە چەند سایتێکی کوردیو تورکیو ئینگلیزی بڵاوکرایەوەو بە گرنگ زانرا، زانا بەوردی باسی لە رێگاچارەی ئاشتیانە کرد بۆ چارەسەری کێشەی کورد، ئەو لەمەڕ ئەو بابەتە بۆچوونی وایە، کە تاکە چارە بۆئەوەی تورکیا رێگای ئاشتی بە کردەوە نیشانبدات، ئەنجامدانی گفتوگۆی راستەوخۆیە لەگەڵ پەکەکە، هەروەها چەکدانان بە پەکەکە گرنگ نییە، ئەگەر لە بنەڕەتەوە کێشەکە چارەسەر نەکرێت، چونکە ئەگەر پەکەکەش چەک دابنێت، ئەوا پەکەکەیەکی دیکە دروستدەبێت، بەشێکی دیکەی کۆڕەکەی زانا بریتیبوو لە باسکردنی ئەجێندای کورد لە وڵاتانی دەوروبەرو ئەوروپا، سەبارەت بە هەرێمی کوردستان زانا بۆچوونی ئەوەی نیشاندا، کە ئەگەرچی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار لە کوردستانی عێراق خاوەن خەباتو مێژووی پڕ قوربانین، بەڵام پێویستە ئەو ئازادییەی کە هەیە بیپارێزن، هەروەها پێویستە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا هەردوو حیزب بە پاکیو بێگەردی بەشداری لە هەڵبژاردن بکەنو ئازادی ناوچەکە بپارێزن، سەبارەت بە رەوندی کورد لە وڵاتانی جیهان، لەیلا بۆچوونی وایە «رەوندی کورد پێویستە بە پلەی یەکەم گرنگی بە بواری فێربوونی زمانو پاراستنی زمانی کوردیو کلتوری کوردی بدەن، بۆ ئەو مەبەستەش من رۆڵی ژنان بە گرنگ دەزانم». لە بەشێکی دیکەیدا زانا وەک ئافرەتێک کە هەموو جیهان بە گرنگییەوە لە بۆچوونەکانی دەڕوانن، هیوای ئەوەی خواست کە مافەکانی گەلی کورد بێتەدیو رێگرییەکان نەهێڵدرێن، ناوچەکە بۆ کوردو عەرەبو تورک پڕبێت لە ئاشتی، هەر لە هەفتەی رابردوو دوای گەڕانەوەی بۆ تورکیا، لەیلا زانا بەشداری لەئاهەنگێک کرد لە ئامەد، لەو ئاهەنگەدا کە بە بۆنەی جەژنی زمانی کوردییەوە سازکرابوو، لەیلا باسی لەوەکرد کە پێویستە هەر چوار پارچەی کوردستان خاوەنداریێتی زمانی کوردی بکەن، وتیشی: «ئێستا زمانی کوردی پێشکەوتنی باشی بەخۆیەوە بینیوە، بۆ ئەو مەبەستەش سوپاسی هەموو دایکانو باوکان دەکەم کە رۆڵیان هەبووە لە بەرەوپێشبردنی زمانی کوردی».

## مێژوویەک لە زیندان

لەیلا زانا بەدرێژایی ژیانی سیاسی خۆی لە هەوڵی ئەوەدابووە کە حکومەتی تورکیا وڵاتانی جیهان لە بەرامبەر مافەکانی گەلی کورد هۆشیار بکاتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش بەردەوام باجی ئەو هەڵوێستانەی داوە، دادگای باڵای دیاربەکر رۆژی ٢٠٠٨/٤/١٢ لەیلا زانای کەسایەتی ناسراوی کورد لە باکووری کوردستان بە(١٠)ساڵ زیندانیکردن حوکمدا، بە تۆمەتی جودایخوازیو ناونهێنانی هەریەک لە تاڵەبانیو بارزانیو ئۆجەلان وەک سێ سەرکردەی سیاسی کورد لە کوردستاندا. ئەم بڕیارەی دادگای باڵای دیاربەکر دوای ئەوە دێت، کە لەیلا پێشتر بۆ ماوەی (١٠) ساڵ لە زیندانەکانی تورکیادا ماوەتەوە، لەسەر ئەوەی کە لە پەرلەمانی تورکیادا بە زمانی کوردی سوێندی پەرلەمانێتی خواردبوو، بەڵام تائێستاش ئەو حوکمەی زانا جێبەجێ نەکراوە، ئەمە دوای ئەو هەموو ناڕازیبوونە هات کە سەبارەت بە بڕیارەکەی دادگا دروست بوو، بەتایبەت ناڕەزایی چەندین ئەندام پەرلەمانی یەکێتی ئەورووپاو ناڕەزایی ناوخۆ بەرامبەر بە بڕیاری زیندانیکردنەوەی.

لەیلا زانا لە گوندێکی سەر بە شاری ئاماد لەساڵی ١٩٦١ لەدایکبووەو لە ساڵی ١٩٧٧ بووەتە سەرۆکی شارەوانی دیاربەکر، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٠ بە (٣٦) ساڵ زیندانیکردن حوکمدراو دوای تەواوکردنی (٩) ساڵ زیندانیکردن، ئازاد کراو لە ساڵی ١٩٩٢دا بوو بە ئەندام پەرلەمانی تورکیا، بەڵام لەکاتی سوێندخواردن بە زمانی کوردی کێشەی بۆ دروستکرا، ئەمەش وایکرد بۆ جاری دووەم بە تۆمەتی جیاوازیخوازی بە (١٥) ساڵ زیندانیکردن دادگایی بکرێت، بەڵام دوای (١١) ساڵ جارێکی دیکە ئازادکرا، ئەو کە چەندین خەڵاتی رێزلێنانی لەئاستی جیهاندا پێبەخشراوە، ئێستا بۆ جاری سێیەم هەوڵی رەوانەکردنەوەی بۆ زیندانەکانی تورکیا دەدرێت، زۆربەی بەرپرسانو چاودێرانی سیاسی جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە گرتنی لەیلا زانا بەو پاساوە نییە کە پێی دادگایی کراوە، بەڵکو هۆکاری بڕیارەکەی دادگا لەمەڕ لەیلا زاناوە دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی سیاسی ئەو کەسایەتییە سیاسییە لە باکووری کوردستاندا، لەیلا زانا کە ماوەی (٢٠) ساڵی لە زیندانەکانی تورکیا بەسەربردووە، ئێستاش بە (١٠) ساڵ زیندانیکردن دووبارە هەوڵی دەستگیرکردنەوەی دەدرێت، ئەگەرچی ئەو سیاسییە کوردەی باکووری کوردستان بەشێکی زۆری تەمەنی لە زیندانەکانی تورکیادا بەسەربردووە، بەڵام ئەوەی دوای ئازادبوونی لە زیندانەکانی تورکیا تێبینی دەکرێت، زیندانیکردنی لەلایەن تورکەکانەوە جەماوەرەکەی لەیلا زانا کەم ناکاتەوە، نەک هەر ئەوەندە، بگرە جەماوەرەکەی بەرفراوانتر دەبێتو لەئاستی سیاسیشدا پێگەکانی خۆی لەدەست نادات. ئەو لەدوای زیندانیکردنی لە جاری یەکەمدا، دیسانەوە بەخۆییو پێگە جەماوەرییەکەیەوە چوویەوە سەر کورسی پەرلەمانتاری لە تورکیادا.

**لەیلا زانا:**

**«ئەگەرچی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار لە کوردستانی عێراق خاوەن خەباتو مێژووی پڕ قوربانین، بەڵام پێویستە ئەو ئازادییەی کە هەیە بیپارێزن، هەروەها پێویستە لە هەڵبژاردنی داهاتوودا هەردوو حیزب بە پاکییو بێگەردیی بەشداری لە هەڵبژاردن بکەنو ئازادیی ناوچەکە بپارێزن»**

www.netewe.com

TheNational

# ئازادیی به زمانی خۆیان

مه‌هسون کیزیلکایا هێشتا له قوتابخانه بوو که مامۆستاکه‌ی پێیوت ئه‌گه‌ر تاکه وشه‌یه‌کیش به کوردی بڵێت یان بنووسێت، سزاده‌درێت، چونکه ئه‌و زمانه له تورکیا نایاساییه، ئه‌وه ساتێکی ناخۆشبوو له ژیانیدا، دوای ئه‌وه‌ی بێده‌نگبوو، بڕیاریدا بۆ چه‌ند رۆژێک نه‌دوێت.


زمانی کوردی له‌ساڵی ١٩٩١دا له‌تورکیا یاساغکرا، بـه‌ڵام کیزیلکایای (٤٦) ساڵ قه‌ره‌بووی ئه‌و چه‌ند ساڵه له‌ده‌ستچووه‌ی ده‌کاته‌وه به نووسینی (١٠) کتێب له‌سه‌ر زمان‌و مێژوو و کلتوور، به‌ڵام رێگادان به به‌کارهێنانی زمانی کوردی، ئازادیی ته‌واوی بۆ ئه‌و (١٤) ملیۆن کورده‌ی تورکیا ده‌سته‌به‌ر نه‌کردووه، هێشتاش تووشی جیاکاریی‌و ململانێ له‌سه‌ر به‌کارهێنانی زمانێک ده‌بنه‌وه، که به‌لای زۆرێک له ناکورده‌کانه‌وه بارگاوییه به جوڵانه‌وه‌ی توندوتیژیی جودایخوازیی.

به‌وهۆیه‌وه میوانداریکردنی (نـه‌دوه‌ی نووسه‌رانی کورد)، که نزیکه‌ی (١٥٠) ژن‌و پیاو ده‌بوون له‌لایه‌ن زانکۆی بێلجییه‌وه، به چرکه‌ساتێکی مێژوویی دانرا، ئه‌م زانکۆ ئه‌هلییه ناسوودمه‌نده، له مانگی ئه‌یلولی داهاتووه‌وه وانـه‌ی (ئـه‌ده‌ب‌و زمانی کـوردی) ده‌کاته یه‌کێک له ئیختیارییه‌کان بۆ خوێندکارانی ماسته‌ر، چاوه‌ڕێش ده‌کرێت هه‌ندێک زانکۆی دیکه‌ی وه‌ک ئه‌سته‌نبوڵ‌و ئه‌نقه‌ره، هه‌مان کاربکه‌ن. به‌ڕێوه‌به‌رێتی کاروباری ئایینی تورکی رایگه‌یاند که قورئان وه‌رده‌گێڕنه سه‌ر زمانی کوردی (که زمانێکی هیندۆئه‌ورووپییه)، په‌خشی ته‌له‌فزیۆنی کوردی له یه‌کی نیسانه‌وه له‌گه‌ڵ رادیۆیه‌کی کوردیی (٢٤) کاتژمێریی کـراوه‌تـه‌وه. کیزیلکایا که که‌سایه‌تییه‌کی ئه‌ده‌بیی دیاره له ئه‌سته‌نبوڵ، وتی: «ئه‌مانه رووده‌ده‌ن بێئه‌وه‌ی بوترێت، گۆڕانی گه‌وره هاتووه، ئه‌مڕۆ ده‌بینین به زمانی خۆمان ده‌دوێین‌و قیامه‌تیش هه‌ڵناسێت».

تورکیا هه‌وڵی چاککردنه‌وه‌ی په‌یوه‌ندیی دوژمنکارانه له‌گه‌ڵ که‌مایه‌تییه کورده‌که‌ی ده‌دات، که ١٥٪ی دانیشتوانی تورکیا پێکده‌هێنن، ئه‌م ریفۆرمه له‌لایه‌ن باراک ئۆبامای سه‌رۆکی ئه‌مریکاوه شانازیی پێوه‌کرا، له‌کاتێکدا له قسه‌کانی بـه‌رده‌م په‌رله‌مانی تورکیادا دۆخی کورده‌کانی به وه‌زعی خۆی له سه‌رده‌می جیاکاریی ره‌گه‌زیی ئه‌مریکادا شوبهاند. «پێدانی مافی ره‌وای که‌مینه‌کان سوود به کۆمه‌ڵگا ده‌گه‌یه‌نێت که خۆشنوودبێت له به‌شداریی زۆرینه‌ی هاوڵاتییه‌کانی»، ئۆباما وه‌ک سه‌رۆکی وڵاتێک ئه‌مه‌ی وت که ساڵانێکی زۆر گرانبوو بۆ که‌سێکی وه‌ک ئه‌و نه‌ک هه‌ر ببێت به سه‌رۆک، بگره ده‌نگیش بـدات، ریفۆرمه‌کان هێشتا بارگاوین به دژایه‌تی‌و هێرشکردن، رۆشنبیرو چالاکوانه‌کانی کورد، که ئه‌زموونی بینینی سنووری نوێ ده‌کـه‌ن بۆ ئازادییه‌کانیان، بۆ نموونه له‌ساڵی ٢٠٠٢دا، ده‌سه‌ڵاتدارانی تورکیا (١٧) خوێندکاری زانکۆی مالاتیایان به‌بیانووی بڵاوکردنه‌وه‌ی رق‌و جوداییخوازیی ده‌ستگیرکرد، له‌کاتێکدا ته‌نیا داوای خوێندنیان ده‌کـرد به زمانی خۆیان. مانگی پێشوو په‌رله‌مانتار ئه‌حمه‌د تورک به زمانی کوردی قسه‌یکرد له په‌رله‌ماندا، بـه‌ڵام هـه‌رزوو په‌خشی قسه‌کردنه‌که‌ی له‌لایه‌ن ته‌له‌فزیۆن‌و رادیۆکانیشه‌وه راگیرا، چونکه قسه‌کردنه‌که‌ی پێچه‌وانه‌ی ده‌ستوور بوو، به‌ڵام سه‌رۆک وه‌زیران، ره‌جه‌ب ته‌یب ئه‌ردۆغان په‌یمانی کردنه‌وه‌ی که‌ناڵێکی (٢٤) کاتژمێریی دا.

به‌پێچه‌وانه‌ی ئه‌رمه‌نی‌و جوله‌که‌کانه‌وه، کورده‌کان هێشتا له ده‌ستووری تورکیادا دانیان پێدا نـه‌نـراوه. راپۆرتی ساڵانه‌ی ئیداره‌ی ئه‌مریکا سه‌باره‌ت به بارودۆخی مافی مرۆڤ له تورکیا، ده‌ڵێت «کورده‌کان که به‌ئاشکرا شوناسی سیاسیی خۆیان ئه‌زموون ده‌که‌ن، تووشی لێپێچینه‌وه‌و سزادان ده‌بن». سێ داوا دژی ئه‌حمه‌د تـورک له دادگـا به‌رزکراوه‌ته‌وه‌و داوای داخستنی پارته‌که‌ی (پارتی کۆمه‌ڵگای دیموکرات (ده‌ته‌په)) کراوه، به‌تۆمه‌تی مه‌یلی جوداییخوازانه‌ی پارته‌که‌ی (ده‌ته‌په)، کورده‌کان خه‌ڵکی خێڵه‌کین‌و له چه‌ند ناوچه‌یه‌کی مێژوویی‌و کۆن له‌سه‌ر سنووره‌کانی ئێران‌و عێراق‌و سوریاو تورکیا ده‌ژین، مێژوو و میراتێکی ده‌وڵه‌مه‌ندیان هه‌یه، سه‌لاحه‌دینی ئه‌یوبی که جه‌نگاوه‌رێکی گه‌وره‌ی مسوڵمانان بوو، له جه‌نگی خاچپه‌رسته‌کاندا کورد بوو، له‌دوای رووخانی ئیمپراتۆریه‌تی عوسمانی له جه‌نگی یه‌که‌می جیهانییدا، کورده‌کان په‌یمانی دروستکردنی ده‌وڵه‌تێکی نیشتمانییان پێدرا له په‌یمانی سیڤه‌ردا، به‌ڵام ئه‌مه هه‌رگیز رووینه‌دا، له‌جیاتی ئه‌وه، مسته‌فا که‌مال ئه‌تاتورک (دامه‌زرێنه‌ری کۆماری تورکیا ١٩٢٣)، زمانه‌که‌یانی به نایاسایی داناو هه‌رکه‌سێکیش ته‌نیا وشه‌یه‌کی کوردی نوتق بکردایه، ده‌ستگیرده‌کرا، دواجـار ئه‌وانه‌ی بانگه‌شه‌ی ریفۆرم ده‌که‌ن، ده‌ستگیر ده‌کرێن به‌تۆمه‌تی مه‌یلی جوداییخوازیی‌و کلکایه‌تی پارتی کرێکارانی کوردستان (په‌که‌که)، که به رێکخراوێکی تیرۆریستی ناسێنراوه له‌لایه‌ن یه‌کێتی ئه‌وروپاو ئه‌مریکاوه له‌به‌ر هه‌ڵمه‌ته توندوتیژه‌کانی بۆ جیابوونه‌وه له تورکیا.

به‌شێک له بیرمه‌نده، کورده‌کان له‌لایه‌ن دایک‌و باوکیانه‌وه‌و به‌دزییه‌وه فێری کوردی بوون به‌نیازی پاراستنی زمان‌و ئه‌ده‌به‌که‌یان، نووسه‌ری کورد، کیزیلکایا وتی: «چیرۆکه فۆلکلۆرییه‌کان، یاخیبوونه‌کانی دژی شای ئێران، مه‌م‌و زین پارێزراون له نه‌وه‌یه‌که‌وه بۆ نه‌وه‌یه‌کی دیکه به‌هۆی (ده‌نگبێژ)ه‌کانه‌وه، ئه‌وان وه‌ک باڵیۆزی کلتوورین‌و له شاره‌وه بۆ لادێ ره‌وتده‌که‌ن‌و چیرۆکه‌کانیان ده‌بێژن، ئه‌مه هۆی پاراستنی زاکیره‌ی کۆمه‌ڵایه‌تیمانه».


دوو ژنه کوردی باکووری کوردستان

هه‌رچه‌نده کۆت‌و به‌نده‌کان که‌مترکراونه‌ته‌وه، به‌ڵام هێشتا کورده‌کان ناوێرن به‌ته‌واوی به کوردی بدوێن. ئایلن ئۆنه‌ک، نووسه‌ری تورک، له سیمینارێکدا جگه‌ره‌ی ده‌کێشاو ده‌یـوت: «نامه‌وێت هیچ شتێکی سیاسی باسبکه‌م، هیچ شتێکی سیاسی، به‌ڵام تورکیا چه‌ندین گۆڕانی گه‌وره‌ی تێدا رووداوه له ده‌یه‌ی رابـردوودا، گۆڕانی گه‌وره‌و گرنگ، ویستم ته‌نیا ئه‌وه بڵێم».

ئیلته‌ر توران، پسپۆڕی سیاسی، ئاماژه‌ی به‌وه‌کرد که هه‌نگاوه‌کانی قبوڵکردنی زمانی کـوردی، پێگه‌یشتنی تورکیا پیشانده‌دات، وتیشی: «پێموایه بۆ ماوه‌یه‌کی درێژ حکومه‌تی عه‌لمانیی تورکیا پێیوابوو یه‌کبوونی ئیتنیکی، باشترین رێگای پاراستنی یه‌کبوونی کۆمه‌ڵگایه، به‌ڵام ئێستا تورکیا شوێنێکی گه‌وره‌تری هه‌یه له جیهاندا، ئێستا زیاتر باوه‌ڕی به‌خۆی هه‌یه له چاره‌سه‌رکردنی کێشه‌کاندا، ئێستا کاتی گواستنه‌وه‌یه، زۆرکه‌س ئه‌م ساته به کێشه‌دار ده‌بینن، به‌ڵام ئێمه به‌ره‌وپێشه‌وه هه‌نگاومان ناوه‌و ده‌شینێین».

هه‌ندێکی دیکه پێیانوایه تورکیا له‌ژێر فشارێکی زۆری یه‌کێتی ئه‌وروپادایه، چونکه تورکیا ناتوانێت په‌یوه‌ندی به رێکخراوی یه‌کێتی ئه‌وروپاوه بکات تا مافی که‌مینه‌کان نـه‌دات. مه‌همه‌ت ئه‌کیوز، له سه‌نته‌ری کلتووری میزۆپۆتامیا (که له‌لایه‌ن موسا عه‌نته‌ر دامـــه‌زراوه که ئه‌دیبی گـه‌وره‌و بڵاوکه‌ره‌وه‌ی فیکری ناسیۆنالیستی کوردی بووه‌و ساڵانێکی له زینداندا به‌سه‌ربرد، پێش ئه‌وه‌ی له‌لایه‌ن چه‌کدارێکی نه‌ناسراوه‌وه له کانوونی یه‌که‌می ١٩٩٢دا بکوژرێن)، وتی: «حکومه‌ته‌که‌مان په‌له‌ده‌کات له دروستکردنی مۆدێلێکی کوردی، ئه‌مریکا مۆدێلێکی ده‌وێت له خۆرهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاست‌و تورکیاش ئه‌و مۆدێله‌یه».

چۆن بتوانین به باشترین شێوه کورده‌کان له سێبه‌ر ده‌ربهێنین، له راستیدا ئه‌وه شوێنی گفتوگۆی زۆره. ئه‌حمه‌د گۆکجه‌ن (٣٠ ساڵ)، پێیوایه ته‌رکیزێکی زۆر له‌سه‌ر رابردوو هه‌یه، ئه‌و وتی: «خودی خۆم پێموایه تا گۆڕانێکی ریشه‌یی نه‌بێت، ناتوانین قسه له‌باره‌ی رێنیسانسی کوردییه‌وه بکه‌ین، ئه‌مه‌ی ده‌گوزه‌رێت ته‌نیا به‌رهه‌مهێنانه‌وه‌ی چه‌ند ده‌قێکی کۆنی ئه‌ده‌بی کوردییه‌و ده‌ماوده‌م وتراونه‌ته‌وه‌و پارێزراون، مه‌سه‌له‌که زیاتر سیاسییه نه‌ک گه‌شه‌کردنی ئه‌ده‌بی».

ئـه‌ردال جه‌یز (٣٧ سـاڵ)، ده‌رهێنه‌ری شانۆیی، وتی گۆڕان به‌شێوه‌یه‌کی هێواش رووده‌دات، ئـه‌و خه‌ریکی نمایشکردنی شانۆییه‌کی کۆنی کوردی بوو که باسی له دکتۆرێکی خراپ ده‌کرد، پێیده‌وترا «شای مـاران»، ئه‌و شانۆییه له (سه‌یری مه‌سه‌ل) پێشکه‌شده‌کرا نزیک مه‌یدانی تاکیزمی ناوه‌ندی ئه‌سته‌نبوڵ، ئه‌و وتی: «خواست‌و ئاره‌زووی زۆر له‌سه‌ر شانۆی کوردی هه‌یه، به‌ڵام ئێمه ده‌مانه‌وێت فراوانتری بکه‌ین به‌تایبه‌ت له‌نێوان لاوه‌کاندا».

بۆ کیزیلکایا که به منداڵی‌و له قوتابخانه لێیدرابوو له‌به‌ر قسه‌کردن به کـوردی، گۆڕانه‌که هیچی له شۆڕش که‌مترنه‌بوو، ئه‌و وتی: «کاتێک له رابردوو ده‌ڕوانم، نائومێد ده‌بم‌و ده‌ڵێم بۆچی هێنده له خه‌مدا ژیاین؟ له حوزندابووم، چونکه وایان فێرکردبووین ئه‌گه‌ر به کوردی بدوێین له‌ناو خه‌ڵکدا، مانای وابوو پیاوکوژین».

**وه‌رگێڕانی: شالاو فه‌تاح**

www.netewe.com

REAL CLEAR POLITICS

# سەقامگیرییەکەی باکووری عێراق

**تۆم هاردی فۆرسیپ***

ئەو ستۆری‌و چیرۆکانەی کە لە میدیای خـۆرئـاواو بازنەی دروستکەری هزرو تێڕوانینی خۆرئاوادا هەن لەمەڕ هەرێمی ئۆتۆنۆمی کوردنشینی باکووری عێراق، لە گۆڕاندایە، بە چەشنێک کە چیتر ئەو هەرێمە بە پێشەنگی سەقامگیریی‌و ناوچەیەکی پێشکەوتووتر لـەڕووی دیموکراسییەوە بە بـەراورد بە ناوچەکانی دیکەی عێراق، وێناو هەژمار ناکرێت، بەڵکو لەئێستادا تەرکیز زیاتر دەخرێتە سەر پێشکەوتنی بانگەشەبۆکراوی دیاریکراو لـەڕووی سیاسی‌و نەبوونی روونـی‌و شەفافیەت‌و لاوازیی ئەدای حکومەت.

لەلایەکی دیـکـەوە پلانی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق لەکۆتایی ساڵی ٢٠١١دا، وەکو ئەوەی کە ئیدارەی ئەمریکا باسی لێوەدەکات، جێگای نیگەرانییەکانی ئەو هەرێمەیە، چونکە پێشکەوتنەکانی ئەمدواییەی کە لەو هەرێمەدا بەدیهاتوون‌و گرنگیی پێگەکەی لەچاو ناوچەکانی دیکەی عێراقدا، کـەم بایەختر دەبـێـت‌و بـەرەو لەیادچوون دەچێت، بۆیە هەنووکە مەترسیی دۆزیـنـەوەی ستراتیژێکی خێرا هەیە بۆ دەرچوون لە رەوشەکە لەلایەن ئەمریکاوە، لـەم پێناوەشداو لەپای دروستکردنی عێراقێکی سەقامگیر، سیناریۆو ئەگەری دووبـاره فرۆشتنەوەی کوردو هێنانەدی رووداوی کارەساتئامێز بۆ سەر ئەو هەرێمە دەهێنێتە ئاراوە.

پاڵپشتی ئەمریکا لەساڵی ٢٠٠٣وە لەو هەرێمە، زامنی ئارامیی‌و سەقامگیریی ئەو ناوچەیە بووە، بەم پێیەو پشتبەستوو بە دەسـتـووری فیدراڵیی وڵات، رێگای بەو هەرێمە داوە ئەسپی خۆی تاوبدات‌و پێشکەوتنی بەرچاو لەڕووی بەدەستهێنانی دەسەڵاتەوە لە عێراقدا بۆخۆی فەراهەم بکات. هەرچەندە بەم دواییانە دەسەڵاتی ناوەند چرای ئاگادارکەرەوەی لەبارەی گێڕانەوەی دەسەڵاتەکانی هەرێم بۆ ناوەند هەڵکردووە، لەگەڵ ئەنجامدانی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکاو لە غیابی ئەو هێزانەدا لە عێراق، بەریەککەوتنی سیاسەتەکانی داهاتووی هەولێرو بەغدا ئاڵۆزتر دەبێت، بەتایبەت لـەبـارەی ململانێکان لەسەر کەرکوک‌و کێشەی نەوت.

کاتێک لەساڵی ١٩٧٥داو لە سەردەمی ئـیـدارەی نیکسۆندا، ئەمریکا هەوڵی دنەدانی ململانێی ناوچە سنوورییەکانی نێوان عێراق‌و ئێرانی دا لە رێگای بەنهێنی کـردنـەوەی کەناڵگەلی یارمەتیدەری سەربازییەوە بۆ چەکدارە ئازادیخوازە کوردەکان لەلایەن ئێرانەوە، دواترو دوای رێککەوتننامەی جەزائیر، کوردەکانی پشتگوێخست، هەروەها لەساڵی ١٩٩١یشدا کاتێک ئیدارەی ئەمریکا داوای لە عێراقییەکان کرد کە سەدام لەسەر حوکم لابدەن‌و دواتر کوردەکانی بەجێهێشت‌و تەسلیمی قەدەری خۆیانی کردن، بۆیە ئەم رووداوانـە وای لە کوردەکان کردووە کە زۆر هەستیاربن لەبارەی دیسانەوە ژێرکەوتن لەشێوەی ئەو دوو نسکۆیەی کە لەساڵی ١٩٧٥و ١٩٩١دا تووشیان هات لەلایەن ئەمریکاوە.

لەبەرئەمەیە کە ترسی فرۆشتنەوەی کورد بۆ جاری سێیەم لەلایەن ئەمریکاوە، ترسی هەیەو لەم بارەیەشەوە ئیدارەی ئۆباماش لە هەوڵی چاوخشاندنەوەدایە بە مامەڵەو هەڵسوکەوتی پێشووی ئەمریکا لە عێراقدا بەرامبەر بە کورد، لەم سۆنگەیەوە پێویستە بڕیاردروستکەرانی ئەمریکا تەرکیز بخەنەسەر ئەو پێشکەوتنە زۆرەی کە لەساڵی ١٩٩١-ەوەو لەو هەرێمەدا بەدیهاتوون، ئەمەش پاش ئەوە هات کە دەسەڵاتدارانی خۆرئاوا ناوچەی دژەفڕینیان بەمەبەستی پاراستنی هاوڵاتییانی هەڵاتووی باکوورو باشووری عێراق دامەزراند، خودی خۆم ئەوکات‌و لە بەهاری ساڵی ١٩٩١دا وەکو ئەفسەرێکی سوپای بەریتانیا سەردانی ناوچەی دژەفڕینی باکووری عێراقم کرد، بەچاوی خۆم هەموو ئەو گوندە وێرانکراو پاشماوەی ئەو رق‌و قینە دڕندانەیەی سەدامم بینی کە چۆن کەوتبووە وێزەی کوردو ئەنفالی کردبوون، ئەوکات وڵاتێک بوو ژێرخانی ئابووری لەبنەوە هەڵتەکێنرابوو، گوندە خاپورکراوەکان پڕبوون لە ئەو ژنانەی کە پاش ئەنفال، بێوەژن بووبوون‌و هەموویان وێنەی مێردو کوڕو منداڵە ئەنفالکراوەکانیان لە سنگ کردبوو. دوابـەدوای ئەمەو پاش (١٢) ساڵ لەژێر سایەی پاراستنی ناوچەی دژەفڕیندا، لەگەڵ ئـەوەی یارمەتییەکی زۆر کەم بەم ناوچەیە دەگەیشت، بەڵام ئـەو هەرێمە لـەڕووی بونیادنانەوەی ژێرخانی کیانی کـوردی‌و چاندنی تۆوی دیموکراسی‌و دادپەروەرییەوە هەنگاوی نا. لە ٢٠٠٣-وەو لەکاتی داگیرکردنی عێراق لەلایەن هێزی هاوپەیمانانەوە، بارودۆخی سیاسی‌و ئاسایشی ئەو هەرێمە لەژێر کۆنترۆڵ‌و دەسەڵاتی دیفاکتۆی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، بەپشت وێناکردن‌و بۆچوونەکانەوە گەیشتووە، بەشێوەیەک کە هێزە هاوپەیمانەکان بە سەلامەتی‌و ئـاسـایـشـەوە دەتـوانـن لـەو هـەرێـمـەدا بنیشنەوە، لەوێوە رایەڵەیەکی پەیوەندی لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی عێراقدا ببەستن‌و پاڵپشتی لە زۆرینەی زۆری ئۆپەراسیۆنە سەختەکانیان لە ناوچەکانی دیکەی عێراقدا بکەن.

زۆرکـات قسەگەلێکی هەڵە دەکرێت‌و دەوترێت لەدوای داگیرکاریی عێراقەوە لە ٢٠٠٣دا، کورد بووە بە هاوپەیمانی ئەمریکاو پشتگیریی ئەمریکای لە ئۆتۆنۆمییەکەی بەدەستهێناوە، ئەم قسانە زۆر دوورن لە راستییەوە، بەڵام راستییەکیش هەیە کە سەرکردایەتیی کورد توانیویەتی کێشەکەی بەزۆر لایەن بگەیەنێت باوەڕیان پێبکات‌و بە ئەزموونێکی کەمەوە بتوانێت متمانەی ئەمریکا بەدەست بهێنێت، وەکو ئەوەی کە پەیمانیداوە توانای خۆی بخاتەکار لە دروستکردنی عێراقێکی ئارام‌و دیموکراتدا.

لەڕووی کردارییەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕووی پێشکەوتنی مافەکانی مرۆڤ‌و مافی ژنان‌و زامنکردنی کەمینە ئایینی‌و نەژادییەکان، هاوبەشی لەگەڵ ژمارەیەکی بەرچاو لە ئاژانسە حکومیی‌و ناحکومییەکان‌و تموحی یەکلایەنەی بۆ پـرۆسـەی دیـمـوکـراسـی‌و شەفافیەت‌و کارکردن لەگەڵ هاوبەشە بیانییەکاندا، هەنگاوی بەرچاوی ناوە بە بەراورد لەگەڵ عێراقدا.

هەروەکو ئەو ئامۆژگاری‌و راسپاردانەی کە لە (٥) ساڵی رابردوودا بۆ حکومەتی هەرێم کراوە لەبارەی چۆنێتی بەڕێوەبردنەوە، دیسانەوە حکومەت پێویستە بـەردەوام کاربکات بە ئاراستەی بەردەوامیدان بە پێشووەچوون‌و هاریکاریی حکومەتی عێراق لەڕووی پێکهاتەی ئاسایشی‌و سەقامگیریی وڵات‌و وڵاتـانـی چـــواردەور، هەروەها پێویستە بەردەوام بێت لە کارکردن وەکو تاقیگەیەک بۆ گۆڕان لە ناوچەکانی دیکەی عێراق.

بــەڵام ئــەگــەر ئــەمــریــکــا پــێــش پاشەکشەکردنەوەی هێزەکانی لە عێراق سەرکەوتوونەبوو لە باشیی رەوش‌و رێوشوێنەکاندا، ئـەوا حکومەتی هەرێم دووبــاره دووچــاری رژێمێکی دیکەی وێـرانـکـەرو دیکتاتۆرو نـاوەنـد ویست دەبێتەوە لە بەغدا، کە هەم دەبێتە مایەی هـەڕەشـە بۆ هاوڵاتییانی کوردستان‌و هەم بۆ وڵاتانی چـــواردەور، بۆیە ئەگەر ئەمریکا سەرکەوتوونەبوو لە پاراستنی ئەو دەستکەوتانەی کە لە چەند ساڵی دوایـدا بەدەستهێنراون لەو هەرێمەدا، ئــەوا دەستبەجێ کاتی ئــەوە هاتووە بابەتیانە مامەڵە لـەگـەڵ دەستکەوتە بەدەستهاتووەکان‌و هەروەها ئەو ئەگەرانە بکرێت کە لە داهاتوودا دووچاری حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت.

**لە ئینگلیزییەوە: ئازاد عەلی**

*** نووسەری ئەم بابەتە کاربەدەستێکی خانەنشینکراوی کابینەی پێشووی بەریتانیایەو هەروەها پسپۆڕی پلانی ئیمێرجێنسی مەدەنی سەر بە ناتۆیە، لەساڵی ١٩٩١دا وەکو ئەفسەرێکی بەریتانی هاتووەتە باکووری عێراق‌و هەڵسوڕاوێکی چالاک بووە لە پرۆسەی بونیادنانەوەی ئەو هەرێمەدا، هەروەها لەماوەی (٤) ساڵی رابـــردوودا راوێژکارێکی پلە بەرزی ئۆفیسی سەرۆکی حکومەت بووە لە هەولێر.**


هەولێر، پایتەختی هەرێمی کوردستان

TIMESONLINE

# قاچاخچیانی خواردنەوە کحولییەکانی نێوان عێراق‌و ئێران، رووبەڕووی مەرگ دەبنەوە

**ئەنپۆنی لۆین**

مـردن لەپێناوی قاچاخچێتیکردن بە خـواردنـەوە کحولییەکان، بریتییە لەچارەنووسی سەرجەم ئەو قاچاخچیانەی کە سەرقاڵی قاچاخچێتیکردنن، هەروەهائەو هێسترانەی کە بەکاریدەهێنن لە خۆرهەڵاتی باشماخ‌و بەرزاییو تونکە تونکەو ناوچە شاخاوییەکانی سەر سنووری نێوان عێراق‌و ئێران، بە چەشنێک کە هەندێکیان لەلایەن سوپای پاسدارانی ئێرانییەوە تەقەیان لێکراوە بەهۆی قاچاخچێتیکردن‌و بردنی قەدەغەکراوە کحولییەکانەوە لە سنوورەکانی عێراقەوە بۆ ئێران، هەندێکی کەشیان لە ئەنجامی تێپەڕین بەو کێڵگە مینرێژکراوانەی کە لە سەردەمی شەڕی (عێراق- ئێران)دا چێنراون، رووبەڕووی مەرگ دەبنەوە.

هۆکاری ئەم هەموو کارەساتانەش دەگەڕێتەوە بۆ تەماحی پارە پەیداکردنی زیاتر لەلایەن قاچاخچیەکانەوە، ئەمە وێڕای قەدەغەکردنی خواردنەوە کحولییەکان لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا ئەوەندەی دیکە حەزو ئارەزووی بۆ خواردنەوەی ئەو مادانە پتر کردووەو هاوڵاتییانی ئەو وڵاتەی زیاتر تینووتر کـردووە. لەم بارەیەوە کاروان کە بازرگانێکی قاچاخچیکارە بە مادە کحولییەکان لە باشماخ، ئەوەی پێڕاگەیاندین «ئێرانییەکان زیاتر خواردنەوەی ویسکییان لاپەسەندە، ئەویش لە جۆری گلێن گرانت»، ئەم بازرگانە ئەوەشی وت، لە دیوی عێراقدا هەر کارتۆنێک بیست‌و چوار قوتوی تێدایەو بە چل‌و هەشت هەزار دینار دەیفرۆشن بە قاچاخچییەکان، لەکاتێکدا ئەو قاچاخچیانە هەمان کارتۆن لە دیوی ئێراندا بە سێ قات دەفرۆشنەوە، بەم پێیەش هەر وەک کاروان خۆی دەڵێت: «بەشبەحاڵی خۆم، ئەگەر هەفتەیەک باش کاربکەم‌و هات بێت، ئەوا دە بۆ بیست هەزار کارتۆن لە مادە کحولییەکان رەوانـەی دیوی ئێران دەکەم». ئەم بازرگانە ئەو مەترسییانەشی نەشاردەوە کە روبەڕوویان دەبێتەوە بەتایبەت لەڕووی داراییەوە، هەرچەندە ئەوەش دووپـات دەکاتەوە کە چەک بۆ خۆپاراستنی خۆیان بەکاردەهێنن.

کاروانی بازرگانی مادە کحولییەکان، لە وڵاتی خۆی‌و لە ناوچەی سنووری باشماخ نیشتەجێیەو کارەکانی ئەنجامدەدات، کاروان بە سیستمێک کاردەکات کە تێیدا سەرەتا بارێک لەو مـادە کحولیانە بە قەرز دەدات بە قاچاخچیە ئێرانییەکان‌و ئەوانیش پاش ئەوەی کە ئەو بارە لە ئێران دەفرۆشن‌و دەگەڕێنەوە باشماخ بۆ باری دووەم، پارەی باری یەکەم دەدەن.

لـەبـارەی شـوێـن‌و کـۆگـای مـادە کحولییەکانیشەوە کـاروانـی بازرگان دەڵێت: «کۆگاکە هەندێک کات بە کراوەیی‌و زۆربەی کاتیش داخراوی دەبێت، دەکەوێتە نێو دارستانێکی چڕی ناوچەی باشماخ‌و چـــواردەوری بە روپۆشی کۆنکریتی دەورەدراوە، لەنێو ئەو کۆگایەدا ئەو کارتۆنە ویسکی‌و بیرانە دەشاردرێتەوەو دواتر باردەکرێت». لەبارەی نرخیشەوە کـاروان وتـی: «بەهۆی ئـەوەی کە ئەو قاچاخچیانە دەزانن کە نرخمان گونجاوە، بۆیە هەمیشە دەگـەڕێـنـەوە بۆ لامـان، مەگەر کاتێک کە رووبـــەڕووی کوشتن یان زیندانیکردن ببنەوە، بەم هۆیەشەوە لە ساڵانی رابردوودا زیاد لە یەک ملیۆن دۆلار زیانمان پێگەیشتووە، بەڵام کاتیش هەبووە کە کەسێک دەستگیرکراوەو دواتر بەردراوە، دیسانەوە گەڕاوەتەوە بۆ لامان‌و پارەکەی بە قیست داوەتەوە».

جۆرە باشەکانی ویسکی‌و ڤۆدگا کە نرخیشیان مامناوەندبێت زۆر گرانە، بۆ نموونە بتڵێک لە جۆری تێکویلای دراوە بە شەشسەد دۆلار بە قاچاخچییە ئێرانییەکان، ئەمەش وایکردووە جگە لە ویسکی گلێن گرانت کە لە ئێراندا خواستێکی زۆری لەسەرە، بیرەی توبۆرگی تورکیش کە نرخێکی هەرزانتری لە گرانت هەیە، وەک بەدیلی گرانت لە تۆماری فرۆشی کاروانی بازرگاندا پێگەی دووەم دەگرێت.

سـەرەڕای ئەو بڕە پارە زۆرەی کە لەلایەن بازرگانانی خواردنەوەکحولییەکانی هەردوو وڵات بەدەست دێت، بەڵام بۆ ئەو کرێکارانەی کە زۆربەیان کوردن‌و کاری هەڵگرتن‌و گواستنەوەی ئەو مادە کحولیانە دەکەن لەو سنوورەدا، سوودێکی زۆر کەمی هەیەو ژیانیشیان لە مەترسییەکی گەورەدایە، ئەمەش لە قسەکانی ئەلیاس قارەمانی قاچاخچیدا دەردەکەوت کاتێک دەیوت: «باوکم بە خۆی‌و هێسترەکەیەوە حەوت ساڵ پێش ئێستا لەو سنوورەدا گیانی سپارد، کاتێک کە سەرقاڵی بارکردنی مادە کحولییەکان بوو»، ئەلیاس بەردەوامبوو لە گێڕانەوەی ئەم بابەتەو وتی: «باوکم لەنێوان درەختەکاندا لەگەڵ دەیانی دیکەدا چاوەڕێی بارکردنی هێسترەکانیان بوون لەلای بارە ویسکییەکانی کاروانی بازرگانەوە، بەڵام لەو کاتەداو لەناو ئەو دارستانە چڕەدا، هێزە پاسدارەکان تەقەیان لێکردن‌و پاش بریندارکردنی باوکم دواتر گیانی سپارد»، وتیشی: «ماوەیەک لەمەوبەر هاوڕێیەکی ئازیزیشم لەدەستدا، پاش ئەوەی کە لەگەڵ دوو کەسی دیکەدا تەقەیان لێکرا». ئەوەشی وت: «خودی خۆی بەر لە مانگێک لەگەڵ پەنجا کەسی دیکەدا کەوتوونەتەوە کەمینی پاسدارەکانەوە لە ئەسنەوا، دوای ئەوەی سەرجەم هێسترەکان کـوژران، خۆیان دەربازبوون».

بەلای قاچاخچیەکانەوە لەدەستدانی هێستری باشیش بە کارەسات هەژمار دەکرێت، چونکە هەر یەک لەو هێسترە باشانە پتر لە هـەزار دۆلار دەکـات، ئەو هێسترانە هەشت کارتۆن ویسکی هەڵدەگرن‌و هەر کاروانەی چل بۆ شەست دۆلار پارە بۆ خاوەنەکانیان پەیدادەکەن، کوشتنی ئەم هێسترانەش لەکاتێکدایە کە هێزەکانی پاسدارانی ئەو وڵاتە لە هەوڵی قەدەغەکردنی خاوەندارێتی ئەو هێسترانەن لەلایەن گوندنشینە سنوورییەکانەوە، وەک هەوڵێک بۆ رێگریکردن لە بازرگانی بەو مادە کحولیانەوە.

مینیش هەڕەشەیەکی دیکەیە لەسەر ژیانی ئـەو قاچاخچیانە، یەکێک لە قاچاخچییەکان وتی: «زیاد لە دە کەس دەناسم کە تائێستا مین لەسەر رێگایاندا تەقیوەتەوەو شـەل‌و قەتی کـردوون». یەکێک لە قاچاخچییەکان دەیوت: «هەموو ئەوانەش کە دەسەڵاتدارن‌و بەرپرسن‌و خۆیان بە ئیسلام دادەنێن زۆربەیان دەخـۆنـەوە»، بـۆ ئـەم مەبەستە ئەم قاچاخچییە وتی: «یەکێک لە هەرە باشترین کڕیارەکانم، دادوەرێکەو کاری دادوەرییە لەناو دادگای مەریوان‌و هەمیشە بارەکانم لەنزیک ماڵی ئەو دادوەرەدا خاڵی دەکەم‌و دواتر سەردانی دادگا دەکەم بەمەبەستی وەرگرتنی پارەکە لەو دادوەرە، کەچی زۆر کەس هەیە کاتێکی زۆری لە زینداندا بـەسـەربـردووە، لەکاتێکدا بە کاری چاچاخچێتی خواردنەوە کحولییەکانەوە تێوە نەگلاون‌و دەسەڵاتداران لە دادگادا سزایان داون».

لـەڕووی پـاشـەکـەوتـەوە ژیانی ئەم قاچاخچیانە لە ژیانی قومارچی دەچـێـت، چونکە وەک خۆیان دەڵێن هیچ پاشەکەوتێکیان نییە. یەکێک لە قاچاخچییەکان دەڵێت: «سیانزە ساڵە ئەمە پیشەمە، دووجـار تائێستا سـزادراوم‌و زیندانی کـراوم، دەیـان جار تەقەیان لێکردووم‌و پێنج هێسترم کوژراوەو پتر لە دوو هەزار دۆلار سزایان داوم، بەڵام ئێستا شتێکم نییە کە شایەنی ئەوە بێت پێت بڵێم، بەڵام هیچ ئیختیارێکی دیکەم نییە، هیچ ئیشێکم نییە، بۆیە ناچارم ئەم کارە بکەم، بۆیە هەر کەسێک دەستی دابێتە ئەم کارە، لەکۆتاییدا هەموو شتێک لەدەست دەدات، هەر لە ئازادیی خۆیەوە تا سەروەت‌و سامان‌و سەرو ماڵ‌و کەماڵ‌و ژیانی».

**لە ئینگلیزییەوە: ئازاد عەلی**



# ئاشتبوونەوە لە عێراقدا، وەهم یان حەقیقەت؟

**موختار لەمانی***

نەتوانین دەربارەی ئاشتبوونەوە لە عێراقدا قسەبکەین هەتا وەکو لە سروشتو پێکهاتەی کێشەکە تێبگەین، هەموو لایەک پێیانوایە کە ئاشتبوونەوەی نیشتمانیی، تاکە ڕێگای ڕزگارییە، هەر لە حکومەتی عێراقییەوە هەتا ئۆپۆزسیۆنەکانی، تا هێزە داگیرکەرەکانو هەتا هێزە ئیقلیمیو نێودەوڵەتییەکان، بەڵام دروشم تەنیا بۆخۆی مانایەک ناگەیەنێت.

ئەو جیاوازیو دووبەرەکییەی کە ئێستا لە عێراقدا هەیە، بەرئەنجامی ئەو بارودۆخو ژینگەیە بوو کە لێوانلێو بوو لە بێمتمانەییو نەبوونی گفتوگۆی جدیی، هەروەک ئەوەی کە بارودۆخە ئیقلیمیو نێودەوڵەتییەکەیش هاوکارنەبوو لە سەرخستنی گفتوگۆیەکی لەمشێوەیەدا.

ئاشتبوونەوە لە عێراقدا دەبێت کارێکی خۆبەخشانە بێت نەک لەکۆڵکردنەوەی ئەرکێک، ئەویش هەرگیز ڕوونادات ئەگەر لایەنە جیاوازەکان دان بەیەکدیدا نەنێنو ئازایانە لە ڕقوکینو تۆڵەسەندنەوەو شەهوەتی دەسەڵات خۆیان ڕزگارنەکەن. هەموو ئەو کۆنگرانەی ئاشتبوونەوە کە هەتا ئێستا گیراون، هیچ نەبوون جگە لە هەلمەتی پەیوەندیکردنو دەرفەتێک بۆ گەڕانو گەشتوگوزار، بەشێک لەو کۆنگرانە بۆ نموونە ئەوەی لە هێلسنکی گیرا، هەموو ئەوانەی ئیمزایان لەسەر بەرئەنجامی کۆنگرەکە کرد، ئەندامانی پەرلەمانی عێراق بوون، ئایا پێویست دەکات هەموو ئەندامانی پەرلەمان بۆ ئیمزاکردنی ڕێککەوتنێک بچنە هێلسنکی، لەکاتێکدا ئەوان ڕۆژانە لە هۆڵی کۆنگرەکان لە بەغدا یەک دەبینن، سەیریش ئەوەیە لە هەموو کۆنگرەکاندا جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە «هەرگیز ئاشتەوایی لەگەڵ ئەوانەدا ناکرێت کە دەستیان بە خوێنی بێتاوانان سوورە»، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا مەگەر لایەنێک هەیە لە عێراقدا کە لەماوەی (٥٠) ساڵی ڕابردوودا دەستی بە خوێنی بێتاوانان سوور نەبووبێت؟



دەبێت ریفۆرمی سیاسیو دەستووری بە چاکسازیی دڵانو پاککردنەوەی لە هەستەکانی تۆڵەسەندنەوەو ئاوەدانکردنەوەی بە ڕۆشنبیریی لێبووردن دەستپێبکات، هەر ئەمەش یارمەتیی عێراقییەکان دەدات، هەموو عێراقییەکان کە بگەنە ئەو بڕوایەی خۆشگوزەرانیو ژیانی جێگیر بەستراوەتەوە بە یەکڕیزییو برایەتی نێوانیان. یەکڕیزیی عێراقییەکان تاکە گەرەنتییە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ژینگە ئیقلیمییە ئاڵۆزەی کە عێراقی تێدایە.

هەرگیز ناکرێت عێراق لەڕێی (دادپەروەریی سەرکەوتووان)، یاخود هەڵاواردنی تائیفیو عێراقییەوە بونیادبنرێتەوە، سەرکەوتنی بەرنامەی بونیادنانو ئاوەدانکردنەوە پەیوەستە بە بەرنامەیەکی سیاسی کە لەسەر ئەم بنەمایانەی خوارەوە بونیادنرابێت:

یەکەم: جەختکردنەوە لەسەر کارکردن بۆ داهاتوو، پاراستنی مافە مەدەنیو سیاسییەکانی هەموو هاوڵاتییانی عێراقی بەبێ جیاوازیی، هەروەها پاراستنی پێکهاتەکانی کۆمەڵگای عێراقی لە هەموو ڕوویەکەوە.

دووەم: هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگای عێراقی لەپاشو لەپێش ساڵی ٢٠٠٣ ستەمیان لێکراوە، هەربۆیە پێویستمان بە پرۆسەیەکی دیموکراسییە کە دەرفەتی یەکسان بۆ هەموو لایەک برەخسێنێت، وادەکات کە گەل بەشداربێت لە دروستکردنی بڕیارەکاندا.

سێیەم: دەبێت لەکۆتایشدا گەرەنتی ئەوە بکرێت کە دەسەڵات بە خراپ بەکارنەهێنرێت، هەڵاواردن نەکرێت لە دابەشکردنی سامانەکانداو تاوانی کۆمەڵکوژییو لەناوبردن هەرگیز ڕوونەداتەوە.

*** نوێنەری پێشووی کۆمەڵەی وڵاتانی عەرەبی بۆ عێراق**

**و: دانا نەوزەر**



سەرپەرشتیار: هێمن لهۆنی هاوکار: نامۆ عەبدوڵڵا
بۆ پەیوەندی : ٠٧٧٠١٩٩٢٨٢٤